# گوڵان

ڕۆژانی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سێیەم (١٣٨٧)- (٣٠)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری

# لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی، بەغدا شەڕێکی هەمەلایەنی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات

بۆ چارەسەری ئەم شەڕی ئابوورییەی لەلایەن بەغداوە بە سەرماندا سەپێندراوە تێگەیشتنێکی میدیایی لە کوردستاندا نییە

ئەقڵییەتی شۆڤێنیی هەندێک لایەنی سیاسیی عێراق وایە چاویان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت بۆیە دژایەتیی دەکەن و ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن






# هاتنی پۆل وۆلف ویتز بۆ کوردستان

## ٨٨

ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٣، پۆل وۆلف ویتز، جێگری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، سەردانی سەلاحەددینی کرد و بۆ شەو لە لامان مایەوە. لە سەردانەکەی دەیڤید پترایۆس، فەرماندەی فیرقەی سەد و یەک و ژمارەیەک لە ئەفسەرە پلەدارەکانی سوپای ئەمەریکا یاوەری جێگری وەزیری بەرگری بوون. هەروەها دۆستی دێرینی گەلی کورد، ڕۆژنامەنووس، جیم هۆکلاند[1] یاوەری شاندە ئەمەریکییەکە بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم پرس و بابەتانە خرانە بەر باس و گفتوگۆ:

١- بابەتی بەعەرەبکردن

٢- فیدراڵی و عێراقی نوێ لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە


٣- بابەتی پێشمەرگە

٤- دەستوەردانەکانی تورکیا

٥- پرسی بێسەروشوێنکراوەکانی ئەنفال

ڕاو بۆچوونەکانی جێگری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا لەسەر کۆی پرس و بابەتەکان زۆر باش و ئیجابی بوون و بەڵێنی دا بەپێی توانا، هاوکاریمان بکات و لە بابەتەکان بکۆڵێتەوە. سەبارەت لە دەستوەردانەکانی تورکیاش ڕایگەیاند، ددان بەخۆتاندا بگرن و کاتێکی زیاترمان بدەنێ.

(١) ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی و نووسەری واشینگتۆنپۆست و دۆستی گەلی کورد، دوو جار خەڵاتی ڕۆژنامەنووسیی پۆلیتزەری بردووەتەوە




لە بەرگێکی ناوازەدا، بە چاپێکی نایاب کۆبەرهەمی شیعریی شاعیرو ڕۆژنامەنووس و نووسەر نەژاد عەزیز سورمێ لە چاپ تەواو بوو و بڵاوکرایەوە، یەکەم بەرهەمی شیعریی شاعیر کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت بە ناوی (شەوبا) کە مێژووەکەی بۆمانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، دوا بەرهەمی شیعریی نێو کتێبەکە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. نەژاد عەزیز سورمێ خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی و نووسینە، هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی کردووە، لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بووە، جگە لە زمانی کوردی، شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا هەیە، لەم دوو زمانەشەوە بەرهەمی وەرگێڕدراوی هەیە.

شاعیر لە نووسینی ئەم کۆبەرهەمەدا دەقی فرە ڕەهەند دەخاتە ڕوو، خۆی لە زۆر بابەت و مژاری نێو کۆمەڵگە داوە و خەمەکانی خۆی بە خوێنەر ناساندووە، کەرەستەی هونەریی شیعری لە بنیاتنانی دەقەکان دەخاتە بەردەست عاشقانی شیعرەوە، لە ڕێگەی مەعریفەوە لە دەرگای میتۆدە جۆراوجۆرەکانی داوە، لە ڕووی تەکنیك و لۆژیکەوە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نمایش دەکات، ئەو هاتووە بە فۆرمی ئاسان و دوور لە تەمومژ، شیعری پێشکەش بە خوێنەر کردووە، سوودی لە کەلتوور و عەقڵ و داهێنانی تازە وەرگرتووە، هەموو ئەو خەسڵەتانەی شیعری نوێی لە ڕەنگدانەوەی مەبەست و ئامانجەکانی شیعردا تەوزیف کردووە.

شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ، لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا چەندین کتێبی چاپ کردووە، هەروەك ئاماژەمان پێکرد لە ڕووی وەرگێڕانەوە بۆ نموونە، کتێبی (نووستووی بەرباران) لە زمانی فارسییەوە کردووە بە کوردی، لە زمانی عەرەبیشەوە کتێبی (چەند نامەیەك بۆ تارانتابابۆ)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، شاعیر لە بواری (کۆلاژ)یشدا هونەرمەندە، پیشانگاکانی کۆلاژ گەواهی ئەوە دەدەن تا چەند توانیویەتی لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بێت، لەوانە (پاییزی چاوەکانن کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا) هەروەها (چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کڵاوڕۆژنەیەك لە شەختەدا)، ئەمە جگە لە (هونەری کۆلاژ- مێژوو..تەکنیك..ئەزموون)...تاد.

دەستخۆشی لە شاعیرو ڕۆژنامەنووس و نووسەر نەژاد عەزیز سورمێ دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

مینا سامی:

## پارتی پەرۆشی بەرەوپێشبردنی بەشداری کارای ئافرەتانە لە سەرچاوەی بڕیاردان



ڕۆژان فەیزی:

## پەیداکردنی بژێوی ژیان لە ڕێگەی هونەرەوە زۆر زەحمەتە







■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

داستان عەبدولکەریم:

## لە هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی براندەکەم هەشت هەلی کار بۆ هەشت خاتوونی دیکە لە ماڵەکانی خۆیان دەڕەخسێنم




## هێدفۆنی پاڵاوتنی هەوا




## میوە گونجاوەکان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش







## ژیلەمۆی گەڕانەوە بۆ ڕیشە



دینا موحسین :

## زۆرێک لە خانمان بە هەڵە لە وەرزش تێگەیشتوون



دەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری



ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ دەیەمین کۆبوونەوەی ئەنجام دا، لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی لیژنە (عەبدولرەزاق عەلی، شڤان حەمدی، د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادە بوون، چەندین پرسی تایبەت بە ڕەوشی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگە تاوتوێ کران، هەڵوەستەی زۆر جددی لەسەر باری گوزەرانی خەڵك و فەرمانبەران کرایەوە، کە بە هۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری بوونەتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا ئەو پرسیارانە خرانە ڕوو:

- بۆچی پرسی ناردنی شایستە داراییەکان و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت؟

- ئایا عێراق لە چوارچێوەی دەستوور و سیستمی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا، یان هەتا ئێستاش ئەقڵییەتی خۆسەپاندن و سەنتراڵیزم زاڵە و دەیانەوێت بە شێوازی سەنترالی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن؟

- هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەگەڵ حکومەتی عێراق بە کوێ گەیشتوون؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بازنەی گفتوگۆ بڕیاری دا، بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ڕاپرسییەکی گشتگیر بە ڕێگەی ئۆنلاین لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات و ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی هاووڵاتیان بکرێنەوە:

- ئایا پێتوایە سیاسەتی دارایی ئێستای عێراق شەرفرۆشتنە بە هەرێمی کوردستان؟
- لە نێوان هەرێم و بەغدا کامیان خەتابارن لە تێکچوونی پەیوەندییە داراییەکانیان؟
- بەڕای تۆ هەرێم پابەند بووە بە ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت و داراییەکانەوە؟
- پێتوایە بەو سیاسەتە داراییە عێراق نیازی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی هەیە؟

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا، ڕۆژی ٢٣ی تشرینی ٢٠٢٣ دەیەمین گفتوگۆی بازنەی گفتوگۆ بە ناونیشانی «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری» لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئەنجام بدرێت و ڕۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ پوختەی ئەم گفتوگۆیە بڵاو بکرێتەوە، ئەم بەڕێزانەش لە گفتوگۆکەدا بەشداربوون:

١- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- د.عەبدولحەکیم خەسرەو بەرپرسی فەرمانگەی بەدواداچوون و هەماهەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- د.هومام ئەلشەمماع ئوستادی ئابووری و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستان.

٤- سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان.

٥- هۆزار تۆفیق ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی.

٦- حسێن کوردنەژاد ئەندامی ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان.

٧- شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

٨- د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

٩- د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.

١٠- فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.



ڕاپرسی. بازنەی گفتوگۆ

هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری

# ٧٨٪ی خەڵکی کوردستان دەڵێن:
# بەغدا شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات

ئەم ڕاپرسییە کە لە ڕێی سێرڤەرئۆنلاینی (Kobotoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دراوە، ٥٥٠ هاووڵاتی لە پارێزگاکانی هەولێر بە ڕێژەی ٣٧,٧٪ سلێمانی، ١٣,٥٪ دهۆك، ١٦,٤٪ هەڵەبجە، ٣,٦٪ لە ئیدارە سەربەخۆکان، سۆران ٧,٨٪ زاخۆ ٧,٥٪ ڕاپەڕین ٥,٣٪، گەرمیان ١١,٣٪ بەشدار بوون و لە ماوەی ڕۆژانی ١٤ی١٠ تا ٢١ی١٠ی٢٠٢٣ سەرەڕای بڵاوکردنەوەی لە ڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکەوە، بە نامەی ماسنجەر و تیلیگرام و وەتسئەپ و ڤایبەر، لینکی ڕاپرسییەکە بۆ هاووڵاتیان نێردراوە و وەڵامیان داوەتەوە. ڕێژەی ٧٦٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە ڕەگەزی نێر و ٢٤٪یان لە ڕەگەزی مێن. لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە نزیکەی ٧٠٪یان دەرچووانی زانکۆ و دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆران، بڕوانامەی ٣١٪ی بەشداربووانیش ٢٪یان سەرەتایی و ٩٪یان ئامادەیین، ١١٪ی پەیمانگایە، ٧٪ی ناوەندییە، ٢٪یان تەنیا خوێندنەوە و نووسین دەزانن. لە ڕووی پیشە و تەمەن و ئاستی بژێوییەوە، نموونەی ڕاپرسییەکە فرەدەستەیە و تا ئاستێکی باش نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی ڕاپرسییەکە دەکەن، ڕاپرسییەکەش تەنیا پرسی توێژینەوە و سۆراخکارییەك بووە بۆ گەنگەشەکردنی ئەو شەڕە ئابوورییەی لەگەڵ هەریمی کوردستاندا دەکرێت. لەمبارەیەوەش ئەم پرسیارانە لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراون:

- پێتوایە سیاسەتی دارایی ئێستای عێراق شەڕفرۆشتنە بە هەرێمی کوردستان؟ ٤٨٪ی نموونەی ڕاپرسییەکە دەڵێن: بەڵێ، ٣٠٪ دەڵێن: تا ڕادەیەك، ٢٢٪ وتوویانە: نەخێر.

- لەنێوان هەرێم و بەغدا کامیان خەتابارن لە تێکچوونی پەیوەندییە داراییەکانیان؟ زۆرینە بە ڕێژەی ٤٢,٥٪ هەردووکیان بە خەتابار دەزانن، ٢٨,٧٪ تەنیا بەغدا بە خەتابار دەزانن، ٢٣,١٪ خەتاکە دەخەنە ئەستۆی هەرێمەوە، ڕێژەیەکی کەمی نموونەکە بە ڕێژەی ٥,٦٪ وڵاتان بە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندیی نێوانیان دەزانن.

- بەڕای بەڕێزت هەرێمی کوردستان پابەند بووە بە ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت و داراییەکانەوە؟

بە ڕێژەی ٤٨٪یان پێیانوایە هەرێم کەمێك پابەند بووە، ٣١٪ لەو بڕوایەدان کە هەرێم بە تەواوەتی پابەند بووە، بە ڕێژەی ٢١٪ لەسەر ئەو باوەڕەن هەرێم لەمبارەیەوە هیچ پابەند نەبووە.

- پێتوایە بەو سیاسەتە داراییە عێراق نیازی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستانی هەیە؟

بەشی هەرە زۆری نموونەی ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی ٦٥٪ لەو باوەڕەدان، کە نیازی بەغدا لەو سیاسەتە، لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کورستانە، ٢١٪ دەڵێن: تا ڕادەیەك ئەو نیازەی هەیە، تەنیا ١٤٪یان لەمبارەیەوە وتوویانە گومانێکی ئەوتۆ لە بەغدا نییە.


- سەبارەت بە داهاتووی شەڕفرۆشتنی ئابووریی بەغدا بە هەرێم، ڕێژەی ٦٣٪ی نموونەکە لەو باوەڕەدان، کە ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا فشار نەخەنە سەر بەغدا، شەڕەکە هەر بە زیانی هەرێم بەردەوام دەبێت، بە ڕێژەی ٤٥٪یش پێیانوایە عێراق بەردەوامی بەو شەڕە دەدات و دەتوانێت هەرێم بخاتە ژێر بەندوباری زیاترەوە، تەنیا ٣٠٪یان لەو باوەڕەدان هەرێم بەرگە دەگرێ و سازش لەسەر مافی کوردستانیان ناکات.

- سەبارەت بەوەی کە هەرێم چی بکات بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە، نموونەی ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی ٤٣٪ پێیانوایە هەرێم دەبێ داهاتی ناوخۆی هەرچەندێك بێت، بەشی خەڵکی لێ بدات و هیوا لەسەر بەغدا هەڵنەچنن، بە ڕێژەی ٣٢٪یان لەگەڵ کشانەوەدان لە پرۆسەی سیاسی و حکومەت لە بەغدا، بە ڕێژەی ٢٩٪یش دەخوازن هەرێم بە داخوازییەکانی بەغدا زیاتر پابەند و ڕازی ببێت و لە ڕێی وڵاتانی ئێران و تورکیاوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا بدات، بە ڕێژەی ٢٣٪ بە باشی دەزانن هەرێم ئاوارەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە لە هەرێمن بنێرێتەوە، ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بە ڕێژەی ١٣٪ گرتنەوەی ئاوی بەنداوەکان وەك کارتی فشار بە گونجاو دەزانن.


سەبارەت بە کاریگەریی گۆڕاوەکان، تێڕوانینی نموونەی ڕاپرسییەکە سەبارەت بە سیاسەتی



پێتوایە سیاسەتی دارایی ئێستای عێراق شەڕ فرۆشتنە بە هەرێمی کوردستان؟




بەرای بەرێزت هەرێم پابەند بووە بە ڕادستکردنی مەلەفی نەوت و داراییەکانەوە؟




ئێستای عێراق و شەڕ فرۆشتنی ئابوورییانەی بە هەرێم بەپێی شوێن بەم جۆرەیە:

بەڵێ، بەغدا شەڕ بە هەرێم دەفرۆشێت: سۆران بە ڕێژەی ٥٣٪؛ سلێمانی ٤٦٪، گەرمیان٨٩٪ هەولێر ٤٦٪، زاخۆ ٢٩٪، ڕاپەڕین٢١٪، دهۆك ٤٧٪، هەڵەبجە ٣٠٪.

بەغدا تا ڕاددەیەك شەڕ بە هەرێم دەفرۆشێت: سۆران بە ڕێژەی ٣٠٪، سلێمانی ٢٤٪، گەرمیان١٠٪، هەولێر ٣٢٪، زاخۆ ٣٤٪، ڕاپەڕین٣١٪، دهۆك ٤٣٪، هەڵەبجە ٢٥٪.

نەخێر، بەغدا شەڕ بە هەرێم نافرۆشێت: سۆران بە ڕێژەی ١٦٪، سلێمانی ٣٠٪، گەرمیان٢٪ هەولێر ٢٣٪، زاخۆ ٣٧٪، ڕاپەڕین٤٨٪، دهۆك ١٠٪، هەڵەبجە ٤٥٪.

کێ خەتابارە لە تێکچوونی پەیوەندییە داراییەکانیان، نموونەکە بەپێی شوێن بۆچوونیان دەگۆڕێت، بەمجۆرە:

هەرێم خەتابارە: سۆران بە ڕێژەی ٢١٪، دهۆك ١٠٪، هەولێر ٢٤٪، زاخۆ ٣٧٪، ڕاپەڕین٥٩٪، سلێمانی ٣١٪، گەرمیان٢٪، هەڵەبجە ٤٠٪.

بەغدا خەتابارە: سۆران بە ڕێژەی ٤٠٪، دهۆك٣٠٪، هەولێر٢٣٪، زاخۆ ٥٪، ڕاپەڕین١٠٪، سلێمانی ٣٢٪، گەرمیان٥٨٪، هەڵەبجە ٣٠٪.

خەتای هەردووکیانە: سۆران بە ڕێژەی ٣٠٪، دهۆك ٥٨٪، هەولێر ٤٨٪، زاخۆ ٥٦٪، ڕاپەڕین ٣١٪، سلێمانی ٣١٪، گەرمیان ٢٧٪، هەڵەبجە ٣٠٪.


خەتای وڵاتانی دیکەیە: سۆران بە ڕێژەی ٩٪، دهۆك ٢٪، هەولێر ٦٪، زاخۆ ٢٪، ڕاپەڕین ٠٪، سلێمانی ٥٪، گەرمیان ١٣٪، هەڵەبجە ٠٪.

سەبارەت بە نیازی بەغدا بۆ لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێم، نموونەکە بەپێی شوێن تا ڕاددەیەك ڕای جیاوازیان هەیە


بەڵێ، ئەو نیازەی هەیە: سۆران بە ڕێژەی ٧٧٪، سلێمانی ٥٨٪، گەرمیان ٩٥٪، هەولێر ٥٨٪، زاخۆ ٣٧٪، ڕاپەڕین ٤٨٪، دهۆك ٧٩٪، هەڵەبجە ٦٠٪.

تا ڕاددەیەك ئەو نیازەی هەیە: سۆران بە

لە نێوان هەرێم و بەغدا، کامیان بەخەتابار دەزانی لە تێکچوونی پەیوەندییە داراییەکانی نێوانیان؟




پێتوایە بەو سیاسەتە داراییە عێراق نیازی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی هەیە؟




ڕێژەی ٩٪، سلێمانی ٢٧٪، گەرمیان ٥٪، هەولێر ٢٨٪، زاخۆ ٢٤٪، ڕاپەڕین ٢٤٪، دهۆك ١٣٪، هەڵەبجە ٢٠٪.

نەخێر، ئەو نیازەی نییە: سۆران بە ڕێژەی ١٤٪، سلێمانی ١٥٪، گەرمیان ٠٪، هەولێر ١٤٪، زاخۆ ٣٩٪، ڕاپەڕین ٢٨٪، دهۆك ٨٪، هەڵەبجە ٢٠٪.

بۆچوونی نموونەکە بەپێی شوێن بەرانبەر بە ڕادەی پابەندبوونی هەرێم بە ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت و داراییەکانەوە بەمجۆرەیە:

بەڵێ، بە تەواوەتی پابەند بووە: سۆران بە ڕێژەی ٣٣٪، سلێمانی ٣٨٪، گەرمیان ٥٨٪، هەولێر ٢٧٪، زاخۆ ١٠٪، ڕاپەڕین ١٤٪، دهۆك ٣٣٪، هەڵەبجە ٢٠٪.

کەمێك پابەند بووە: سۆران بە ڕێژەی ٥١٪، سلێمانی ٢٨٪، گەرمیان ٣٧٪، هەولێر ٥٢٪، زاخۆ ٤٩٪، ڕاپەڕین ٣٨٪، دهۆك ٥٩٪، هەڵەبجە ٦٠٪.

هیچ پابەند نەبووە: سۆران بە ڕێژەی ١٦٪، سلێمانی ٣٤٪، گەرمیان ٥٪، هەولێر ٢٠٪، زاخۆ ٤١٪، ڕاپەڕین ٤٨٪، دهۆك ٨٪، هەڵەبجە ٢٠٪.

بۆچوونی نموونەکە سەبارەت بە داهاتووی ئەم شەڕە بەپێی شوێن بەمجۆرەیە:

ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا فشار نەکەن، شەڕەکە بە زیانی هەرێم بەردەوام دەبێت: سۆران بە ڕێژەی ٤٩٪، سلێمانی ٥٩٪، گەرمیان ٧٤٪، هەولێر ٦٣٪، زاخۆ ٥٩٪، ڕاپەڕین ٥٥٪، دهۆك ٧٠٪، هەڵەبجە ٦٥٪.


عێراق دەتوانێت فشاری زیاتر لە هەرێم بکات و بیخاتە ژێر بەندوباری زیاترەوە: سۆران بە ڕێژەی ٥٣٪، سلێمانی ٥٧٪، گەرمیان ١٦٪، هەولێر ٤٨٪، زاخۆ ٥٩٪، ڕاپەڕین ٥٥٪، دهۆك ٣٦٪، هەڵەبجە ٥٠٪.

هەرێم دەتوانێت خۆڕاگر بێت و سازش ناکات: سۆران بە ڕێژەی٤٠٪، سلێمانی ٣٠٪، گەرمیان ٣١٪، هەولێر ٣٠٪، زاخۆ ٢٤٪، ڕاپەڕین ١٧٪، دهۆك ٣١٪، هەڵەبجە ٢٠٪.

سەبارەت بەوەی چ شتێك لە پێشترینە هەرێم



## داهاتووی ئەم شەڕە ئابوورییەی نێوان بەغداو هەرێم چۆن هەڵدەسنگێنیت؟




بیکات بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە، ڕای نموونەکە بەپێی شوێن بەمجۆرەیە:

هەرێم زیاتر ڕازی و پابەند بە داخوازییەکانی بەغدا بێت: سۆران بە ڕێژەی ٣٣٪، سلێمانی ٣١٪، گەرمیان ٦٪، هەولێر ٣١٪، زاخۆ ٥٤٪، ڕاپەڕین ٥٥٪، دهۆك ١٨٪، هەڵەبجە ٤٠٪.

هەرێم لە پرۆسەی سیاسی و حکومەت بکشێتەوە: سۆران بە ڕێژەی ٢٣٪، سلێمانی ٢٧٪، گەرمیان ٤٢٪، هەولێر ٣٣٪، زاخۆ ١٧٪، ڕاپەڕین ١٤٪، دهۆك ٤٢٪، هەڵەبجە ٤٥٪.

هەرێم ئاوارەکان بە زۆر بنێرێتەوە: سۆران بە ڕێژەی ٥٪، سلێمانی ٣٠٪، گەرمیان ١٥٪، هەولێر ٢٩٪، زاخۆ ٢٧٪، ڕاپەڕین ١٧٪، دهۆك ٢٣٪، هەڵەبجە ١٠٪.

کێشەکان لە ڕێی ئێران و تورکیاوە چارەسەر بکرێن: سۆران بە ڕێژەی ٣٠٪، سلێمانی ٣٠٪، گەرمیان ٣٥٪، هەولێر ٣١٪، زاخۆ ٢٠٪، ڕاپەڕین ٢٤٪، دهۆك ٢٩٪، هەڵەبجە ١٥٪.


داهاتی ناوخۆ هەرچەند بوو، بەشی خەڵکی لێ بدرێت لە جیاتی پشتبەستن بە بەغدا: سۆران بە ڕێژەی ٥٣٪، سلێمانی ٤١٪، گەرمیان ٣١٪، هەولێر ٤٦٪، زاخۆ ٢٤٪، ڕاپەڕین ٣٨٪، دهۆك ٤٩٪، هەڵەبجە ٥٠٪.

وەك فشار ئاوی بەنداوەکان بگرینەوە: سۆران بە ڕێژەی ٥٪، سلێمانی ١٨٪، گەرمیان ١٣٪، هەولێر ١٦٪، زاخۆ ٧٪، ڕاپەڕین ٣٪، دهۆك ١٢٪، هەڵەبجە ١٠٪.

ئەوەی جێی سەرنجە نموونەی ڕاپرسییەکە لە ئیدارەی ڕاپەڕین و زاخۆ و کەمێکیش هەڵەبجە ڕایان لە یەکەوە نزیکەوە و بەجیا لە شوێنەکانی تر کەمتر سەرکۆنەی بەغدا دەکەن لەو سیاسەتەیدا.

سەبارەت بە کاریگەریی ڕەگەز، لە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەوە تێبینیمان کرد، کە ئافرەتان بۆچوونیان کەمێك پێچەوانەی پیاوانە و کەمتر لە پیاوان پاڵپشتیی هەرێم دەکەن لە بەرانبەر ئەو شەڕەی بەغدا پێمان دەفرۆشێت و تێکچوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵیدا و نیازی بۆ لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێم و پابەندبوونی هەرێم بە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ بەغدا، سەبارەت بە داهاتووی شەڕەکەش ئافرەتان هیوای زیاتریان بە فشاری ئەمریکا و ڕۆژئاوایە لەسەر بەغدا و کەمتر وای دەبینن، هەرێم بتوانێت بەرگەی ئەم شەڕە بگرێت. سەبارەت بەوەی هەرێم دەبێت چی بکات، ئافرەتان لە پیاوان زیاتر لەگەڵ ئەوەدان پشت بە داهاتی ناوخۆ ببەسترێ لە جیاتی هیواداربوون بە بەغدا، نزیکەی بە جیاوازیی ٢٤٪

## کام لەمانەی خوارەوە بەڕای تۆ لە پێشترینە، کە هەرێم دەبێ ئەنجامی بدات بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە؟




دەڵێن: دەبێت هەرێم بە زۆر ئاوارەکانی ناوەڕاست و خواروو بنێرێتەوە، بە ڕێژەی ١٢٪یش زیاتر لە پیاوان داوا دەکەن هەرێم بە داخوازییەکانی بەغدا پابەند و ڕازی بێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی بۆچوونی نموونەکە بە پیشەیانەوە، هەریەکە لە کرێکار کاسب و خانەنشینان و پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و کارمەندانی حزبی و پارێزەر و ئەندازیاران لەوانی تر زیاتر پێیانوایە بەغدا شەڕ بە هەرێم دەفرۆشێت و تاوانبارە لە دروستبوونی ئەم ڕەوشە و نیازی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی هەیە، توێژی پزیشکان لە هەموو توێژەکانی تر زیاتر وای دەبینن، ئەوی ڕوو دەدات، شەڕفرۆشتن نییە بە هەرێم و بە هۆکاری دروستبوونی ئەم ڕەوشەی دەزانن و کەمتر ئەم سیاسەتەی بەغدا بە هەوڵدان بۆ لاوازکردن و هەڵوەشاندنەی هەرێم دەبینن. سەبارەت بە پابەندبوون، پزیشك و مامۆستایانی زانکۆ و بێکار و قوتابیان و ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن، لەوانی تر زیاتر لەو باوەڕەدان، کە هەرێم وەك پێویست پابەند نەبووە بە ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت و داراییەکانەوە. سەبارەت بە داهاتووی شەڕەکە و ئەوەی کە هەرێم دەبێت چ بکات، ئەو توێژانەی مووچەخۆرن، زیاتر لەگەڵ ئەوەدان کە هەرێم بە داخوازییەکانی بەغدا زیاتر ڕازی بێت. خانەنشین و هێزە چەکدارەکان و کارمەندانی حزبی زیاتر پاڵپشتیی کشانەوە لە بەغدا دەکەن، ئەوانەی بێکارن و ئەندازیاران زیاتر دەخوازن ئاوارەکان وەك فشار بنێردرێنەوە و ئاوی بەنداوەکان بگرینەوە.

لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، تا ئاستەکە زیاتر هەڵکشێت، کەمتر سیاسەتی بەغدا لەهەمبەر هەرێم بە شەڕپێفرۆشتن دەزانن و بەغداش کەمتر بە خەتاباری ئەو ڕەوشە دەزانن و کەمتریش دەترسن لەوەی بەغدا نیازی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی هەبێت، متمانەی کەمتریشیان بە پابەندبووبی هەرێم لەگەڵ بەغدا هەیە. هاوکات لەگەڵ داکشانی ئاستی خوێندەواریدا هیواهەبوون بە فشاری ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەسەر بەغدا زیاتر دەبێت، بێجگە لە لای ئەوانەی کە تەنیا دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، متمانە بە خۆڕاگریی هەرێم زیاترە و کەمتر دەترسن لەوەی بەغدا لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بێت. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەوانیتر کەمتر پاڵپشتی لە کشانەوە لە حکومەت و پرۆسەی سیاسی دەکەن، زیاتر دەخوازن هەرێم پابەند بێت لەگەڵ بەغدا.



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بۆ چارەسەری ئەم شەڕە ئابوورییەی لەلایەن بەغداوە بە سەرماندا سەپێندراوە تێگەیشتنێکی میدیایی لە کوردستاندا بوونی نییە

د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لە دەستپێکی دەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتۆگۆ «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری»، لە پەیڤێکدا جیا لەوەی زۆر بە گەرمی بە ناوی بازنەی گفتوگۆ و بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بە بیرۆکەی دامەزراندنی بازنەی گفتوگۆ دا، وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆ و هاوشانی ئۆرگانەکانی دیکەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ئۆرگانە بۆ ئەوە بوو، پلاتفۆرمێکی ئازاد و کراوە بکەینەوە بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

لە بەشێکی دیکەی پەیڤەکەیدایە ئاماژەی بەوە کرد، بازنەی گفتوگۆ هەتا ئێستا ٩ گفتوگۆی گرنگی ئەنجام داوە و ئەمە دەیەمین گفتوگۆیە، شێوازی کارکردنی بەو شێوەیە کە هەموو مانگێك ئەم گفتوگۆیانە لە گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکەینەوە و هەر شەش مانگ جارێکیش دەیکەینە کتێب بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و کتێبەکانیشمان بە دیاری لەبەر دەستتان داناوە.

پاشان لەسەر تایتڵی گفتوگۆکە «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری» بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

ئەگەر لە ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە دەست پێبکەم «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری»، وای دەبینم ئەم ناونیشانە بە شێوەیەك لە شێوەکان زۆر گشتییە، لەوانەیە بەو جۆرەش بخوێندرێتەوە کە هەرێمی کوردستانیش بە شێوازێك شەڕی ئابووری لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکات، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بە چەکی ئابووری شەڕی لەگەڵ دەکرێت و هەرێمی کوردستان شەڕی لەگەڵ هیچ لایەك نییە.

ئەوەی سەرنجم دا، لە گفتوگۆی ئامادەبووانی بەڕێز، هەستم بەوە کرد ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی کە بەڕێزان لە ڕوانگەی پسپۆڕی و لێپرسراوەتی و تایبەتمەندیی خۆیانەوە خستیانە ڕوو، جۆرێك لە پرسە سەرەکییەکەی دوور خستینەوە، بەوەی ئایا ئێمە لە بەردەم شەڕێکین کە بەغدا لەگەڵ کوردستانی دەکات، یان پێکەوە لە

شەڕداین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت گەیشتبینە ئەو قەناعەتەی کە بەغدا «شەڕی ئابووری» لەگەڵ کوردستان دەکات، کە گەیشتینە ئەم قەناعەتە، ئەوا دەتوانین گفتوگۆیەك بکەین کە بەرهەمدار بێت و بە ئاکامێك دەچینە دەرەوە کە کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردەی گرنگمان دەست کەوتبێت بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵبگرین و ڕووبەڕووی ببینەوە.

بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەرەنجامە باشە لەم گفتوگۆیە، زۆر گرنگە پرسەکە پۆلێن بکەین و بە پۆلێنکراوی گفتوگۆ لەسەر خاڵەکان بکەین. ئێستا ئێمە لەناو ئەتۆمۆسفیرێکین کە زۆر شتی لەخۆی گرتووە، لەوانە «شەڕی ئابووری، تەفسیری جیاواز بۆ مادده دەستوورییەکان، پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، کێشەی نەوت و گاز، ئێستا خەریکە وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانیشی دێتە سەر»، هەر بۆیە ئەگەر بە گشتگیری پێکەوە باسی هەموویان بکەین، ئەوا جۆرێك لە ئاڵۆزی دروست دەبێت، کە دواتر نەتوانین پۆلێنیان بکەینەوە.

ئێمە هەرێمێکین لە چوارچێوەی عێراقدا کە هەرێمێکی دەستوورییە و لەو دەستوورەشدا ماف و دەسەڵاتی ئەم هەرێمە دیاری کراوە، ئەو ماف و دەسەڵاتانەش دەستوور دەیانپارێزێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان کێشەیەکی عادیلانەی هەیە و ئەو شەڕانەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات، کە یەکێکیان شەڕی ئابوورییە، شەڕێکی ناعادیلانەیە.

ئێمە لەم گفتوگۆیە باس لەم شەڕەیان دەکەین کە «شەڕی ئابووری»یە، بۆیە دەبێت پێش هەموو شتێك، هەوڵ بدەین لەم شەڕە تێبگەین و لە خۆمان بپرسین: سەرچاوەکانی تێگەیشتنمان لەم شەڕەدا چییە و بۆچی بەغدا ئەم شەڕە ئابوورییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لە شەڕەکە تێنەگەین، ناتوانین خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ببینەوە.

ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەگەڵ بەغدا خەمسارد نەبووە و بەردەوام شاندەکانی حکومەت -کە خۆشبەختانە ئەندامیکی شاندەکە لەم گفتوگۆیە لەگەڵماندایە- سەردانی بەغدایان کردووە و بێگومان لە داهاتووشدا ئەو سەردانانە بەردەوامییان دەبێت، بەڵام بە ڕاستی لامان ڕوون نییە، ئەم شاندانەی حکومەت کە دەچنە بەغدا شاندێکە بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە بەڕێوە ببات، یان بە ڕاستی دەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکات؟ ئەوەی لامان ڕوونە ئەوەیە کە ئەرکی ئەم شاندەی حکومەت کە دەچێتە بەغدا زۆر زۆر قورس و هەمە لایەنەیە، ئەمەش واتە لەیەك کاتدا دانوستاندن لەسەر کۆمەڵێك کێشەی چارەسەرنەکراو دەکات، بەڵام نازانین ڕەوتی بەڕێوەبردن، یان چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە کوێ گەیشتوون و ئاستەنگە سەرەکییەکانی ناو ئەم دانوستانە چین؟ بە ڕاستی زۆر گرنگە ئەو بەڕێزانەی ئەندامی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، دوای هەر سەردانێکیان بۆ بەغدا کە گەڕانەوە بۆ کوردستان سیمینارێك، یان کۆڕێك بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمان لە ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی ئەو دانوستاندانە بزانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگن و، ئەم پشتیوانییەش کاتێك وەك پێویست دروست دەبێت، کە تێبگەن لەوەی بەغدا بۆچی شەڕی ئابووری و بڕینی قووتی خەڵك لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات.

لەم ئاراستەیەوە ئەگەر باسی ڕۆڵی میدیا و سۆشیال میدیای کوردستان بکەین لەم شەڕەدا، وای دەبینم کەرەستەی باشمان لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم شەڕی پێ بکەین، لەمەش زیاتر هیچ تێگەیشتنێکی میدیایی لە کوردستاندا بۆ چارەسەری ئەم شەڕی ئابوورییەی بە سەرماندا سەپێندراوە لەلایەن بەغداوە نابینیم، لەناو سۆشیال میدیادا کە ئێستا لە هەموو هۆیەکانی دیکە زۆر باڵادەستترە، هیچ تێگەیشتنێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئابوورییە گەورەیە نابیندرێت. دەتوانن چاوێك بە میدیا و سۆشیال میدیای خۆماندا بخشێنن، دەبینین بێجگە لە هەندێك بەرنامەی ئابووریی شۆئامێز، چەند ڕستەیەکی سواو و گشتیی ئابووری شتێکی دیکە نابینین، ئەمەش مانای ئەوەیە کەرەستەی پێویست، (داتا و ئامار) لەبەردەستی میدیاکانی کوردستان نییە. هەتا بیخەنەڕوو و بڵاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە هەقیقەتی کێشەکە تێبگات و بزانێت ئەوە بەغدایە زوڵم لە خەڵکی کوردستان دەکات.

ئەم واقیعەی ئێستا دەیبینین، پێویستی بەوە هەیە ڕایەڵەیەك، یان ڕاشکاوانەتر بڵێم، هەماهەنگییەك لەنێوان شاندی حکومەت و میدیاکانی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی میدیا بتوانێت ئەو ژمارە و داتایانەی لە کۆبوونەوەکاندا باس دەکرێن، بە ڕاشکاوی باسی بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانیش لێیان ئاگادار بێت.

**هەرێمی کوردستان بە چەکی ئابووری شەڕی لەگەڵ دەکرێت و هەرێمی کوردستان شەڕی لەگەڵ هیچ لایەک نییە**

**ئەو شەڕانەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات، کە یەکێکیان شەڕی ئابوورییە، شەڕێکی ناعادیلانەیە**

**زۆر گرنگە ئەو بەڕێزانەی ئەندامی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، دوای هەر سەردانێکیان بۆ بەغدا کە گەڕانەوە بۆ کوردستان سیمینارێک، یان کۆڕێک بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمان لە ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی ئەو دانوستاندانە بزانن**

**هیچ تێگەیشتنێکی میدیایی لە کوردستاندا بۆ چارەسەری ئەم شەڕی ئابوورییەی بە سەرماندا سەپێندراوە لەلایەن بەغداوە نابینیم**





د.عەبدولحەکیم خەسرەو

سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی، حکومەتی فیدراڵی شەریکی هەمەلایەنی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات

د.عەبدولحەکیم خەسرەو، پێش ئەوەی وەزیر و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، یەکێکە لەو ئەکادیمیست و پسپۆڕانەی زانستی سیاسەت و مامۆستای زانستە سیاسییەکان بووە لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و، یەکێکە لەو چاودێرە سیاسییانەی کە هەڵوێست و قسەی خۆی لەسەر ڕووداوەکان هەبووە و بەردەوام لە شاشەی کەناڵە جیاوازەکانی کوردستان و عێراقەوە هەڵوێستەکانی خۆی دەربڕیوە و بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە، لە بواری سیاسەتی حوکمڕانی و هاریکارییەکانی بۆ زەمینە ڕەخساندن بۆ پیادەکردنی حوکمڕانیی باش، پێش ئەوەی بچێتە ناو حکومەت، توێژەرێکی زۆر وردبین بووە و بە سەلیقە و کارامەیی زانستی هەوڵی داوە، ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و پێشکەشی حکومەت و دامەزراوەکانی ئەم وڵاتەی بکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری» بەمجۆرە چوارچێوەی قەیرانەکەی دیاری کرد و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو.

پێش ئەوەی بێمە سەر کێشە ئابووری و داراییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق، حەز دەکەم هەڵوەستەیەك لەسەر داتا و ئاماری ئەو ڕاپرسییە بکەم کە بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادەتان کردووە، ئێمە ناتوانین بە ڕێگەی ئەو داتایانەی لەم ڕاپرسییە خرانەڕوو، ئاستی ڕازیبوون، یان ناڕازیبوونی خەڵك دەستنیشان بکەین، واتە ئەم ڕاپرسییە ئاستی واقیعبینیی خەڵك لەسەر پرسێك کە ڕۆژانە هەستی پێ دەکەن، بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە لەم ڕاپرسییەدا ئەوە پیشان درا کە خەڵکی گەرمیان بە ڕێژەیەکی ٩٠٪ ئۆباڵی ئەم شەڕە ئابوورییەیان خستووەتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی، ئەوە لەو ڕوانگەیەوە کە خەڵکی گەرمیان زۆر لە نزیکەوە هەست بە هەڕەشە جیاوازەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەن.

لایەنێکی دیکەی ئەم داتایانە ئەوەمان پیشان دەدات، کە بە ڕێژەی سەرووی ٦٠٪ی ئەم ڕاپرسییە ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە نایانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سازشێك لەسەر مافە دەستوورییەکانیان بکەن و، داوا دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگریی زیاتر لەسەر ئەو مافانە بکات.

لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە، ڕووبەڕووی هەموو گوشارەکان ببێتەوە و هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنێت و، ڕێگەیەك بدۆزێتەوە کە پشت بەخۆی ببەستێت، لەگەڵ ئەوەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان مافێکی دەستووریی گەلی کوردستانە، بەڵام ئێمە لەو قەناعەتەداین، ناتوانین تاسەر پشت بە حکومەتی عێراق ببەستین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەغدا وەك پێویست بە دەستوورەکە پابەند نەبووە، گەرەنتی بۆ مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان وەك پێویست بوونی نییە، بۆیە ئەرکی سەرشانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی عێراق پابەندی دەستوورەکە بێت و جێبەجێی بکات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکرێت، هەوڵ بدات، هەموو ڕێگەیەکی یاسایی بگرنە بەر و دەبێت وردبینیی زۆر ورد بکەین بۆ ئەوەی بیانووەکانی دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان ببڕین. بۆ ئەمەش ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ ئێمە لیستی داهاتە نانەوتیەکانی هەرێممان پێشکەشی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق کرد و بڵاویشمان کردەوە، ئێمە لە ئێستادا ناتوانین نەوت هەناردەی دەرەوە بکەین، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە داهاتێکی جێگیرمان لەبەر دەست نەبێت، بۆ ئەوەی بە پێی ئیمکانیەتی ئەو داهاتە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکەین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین.

پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، دەمانتوانی بە داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ هەرچۆنێك بێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکەین، بەڵام کارو پڕۆژەکانی حکومەت تەنیا دابینکردنی مووچە نییە، ڕاستە مانگانە کاتێك زیاتر لە ٩٠٠ ملیار دینار دەچێتە بازاڕەکانی کوردستان جووڵەیەك پەیدا دەبێت، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام نابێت کار و پڕۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دیکەش ڕابوەستێت.

لێرەوە پێش ئەوەی بێمە سەر واقیعی ئابووریی کوردستان، دەخوازم هەڵوەستەیەك لەسەر واقیعی ئابووریی عێراق بکەم، کە ئەویش هەڵبەز و دابەزی نرخی دۆلارە، واقیعی ئێستای عێراق بەو جۆرەیە، ئەو نەوتەی هەناردەی دەرەوەی دەکات، داهاتەکەی ڕاستەوخۆ ناگەڕێتەوە بانکی ناوەندی عێراقی، بەڵکو دەچێتە سەر حیسابێکی بانکی لە بانکی فیدراڵی ئەمریکا، ئەوجا لە ڕێگەی ئەو حیسابە بانکییەوە، بانکی ناوەندیی عێراق مامەڵە لەگەڵ دۆلار دەکات، ئەمەش کێشەیەکی دیکەی بۆ ئابووریی عێراق و کوردستان دروست کردووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هەوڵێك هەیە هەتا ١ی١ی ٢٠٢٤ ئەم مامەڵەیە بەردەوام بێت، دوای ئەوە هەموو مامەڵەکان دەکرێن بە دینار، هەروەها هەناردەکردنی پارەش بۆ بازرگانان بۆ هاوردەکردنی کەلوپەل هەموو دەبێتە ئەلکترۆنی، ئەم ئاراستەیەی مامەڵەکردن بە دینار لەبری دۆلار و بە ڕێگەی ئەلکترۆنی پڕۆژەکانی

**خەڵکی گەرمیان زۆر لە نزیکەوە هەست بە هەڕەشە جیاوازەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەن**

**بە ڕێژەی سەرووی ٦٠٪ی ئەم ڕاپرسییە ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە نایانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سازشێک لەسەر مافە دەستوورییەکانیان بکەن**

**ناتوانین تاسەر پشت بە حکومەتی عێراق ببەستین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەغدا وەک پێویست بە دەستوورەکە پابەند نەبووە**

**ئێمە لە ئێستادا ناتوانین نەوت هەناردەی دەرەوە بکەین، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە داهاتێکی جێگیرمان لەبەر دەست نەبێت، بۆ ئەوەی بە پێی ئیمکانیەتی ئەو داهاتە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکەین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین**



**پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، دەمانتوانی بە داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ هەرچۆنێک بێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکەین**

وەبەرهێنـــان دەگرێتـــەوە، نرخەکانیـــش بـــۆ هەمـــوو کەلوپـەل و خانووبەرەکانیش هەر بە دینار دەبێت.

ئـەم هەنـگاوە، ڕاسـتەوخۆ ئابووریـی عێـراق دەخاتـە بـەردەم واقیعێکـی نـوێ، ئـەو واقیعـە نوێیـە ئەوەیـە کـە بەرهەمهێنـان و هاوردەکردنـی کەلوپـەل زۆر جیـاوازە، عێـراق بـە ڕێـژەی ٪۹۰ پشـتی بەسـتووە بـە هاوردەکردنـی کەلوپـەل و خـۆراك لـە دەرەوە، بۆیـە مامەڵەکـردن بـە دۆلار و کڕیـن و فرۆشـتن لـە بازاڕەکانـی عێراقـدا وای کـردووە، دراوی نەختینـە کـەم بـکات، تەنانـەت بـۆ ئـەم مانگـە چەنـد ترلیـۆن دیناریـان لـە هـەر دوو بانکی ڕافیدەیـن و ڕەشـید قـەرز کـردووە، بـۆ ئەوەی بتوانن مووچەی فەرمانبەرانی پێ بدەن، هەروەهـا تـا ئێسـتا بودجـەی وەبەرهێنـان خـەرج نەکـراوە، کـە ئێمـە ئومێدیکـی زۆرمـان هەبـوو، خـەرج بکرێـت، بـۆ ئـەوەی پشـکی هەرێمـی کوردستان لە بودجەی عێراق بەرز ببێتەوە و لە ئینقاقی فیعلی ڕزگارمان بێت، ئەم کێشانە لە واقیعی ئابووریی عێراقدا هەیە و دەبێت هەمـوو ئـەو کێشـانە لەلایـەن بانکـی ناوەندیـی عێراقـەوە ڕێـك بخرێتـەوە.

لـە بەرانبـەردا واقیعـی ئابووریـی کوردسـتان شـتێکی دیکەیـە، کێشـەی سـەرەکیی ئابووریـی کوردسـتان تەنیـا شـەڕی ئابـووری نییـە، بەڵکـو کێشـەی سـەرەکی ئەوەیـە کـە لـە ئێسـتادا ناتوانیـن نـەوت بفرۆشـین، کـە ئێسـتا لـە هەوڵدایـن بـە هەندێـك ڕێككەوتـن ئـەو کێشـەیە چارەسـەر بکەیـن.

هۆکارێکـی دیکـە ئەوەیـە کـە دۆلار ڕاسـتەوخۆ بـۆ کوردسـتان نایـەت، ئەمەیـان بـە کردەیـی سیاسـەتێکی ئەمریکییـە، نـەك عێراقـی و، فـەرزی کـردووە کـە دەبێـت هەمـوو مامەڵەیـەك بـە دۆلار لـە ڕێگـەی بانکـی ناوەندیـی عێراقـەوە بێـت.

ئەو لایەنە گرنگەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی «شـەڕی ئابـووری دژی هەرێمـی کوردسـتان» و هەوڵـی بـۆ دەدەن، ئەوەیـە کـە هەوڵیـان دا خاڵـی پشـکنین لـە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەشـەکانی دیکـەی عێـراق دابنێننـەوە، بـۆ



ئەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکانی کوردستان کە دەنێرینە ناوەڕاست و باشووری عێراق، وەك بەرهەمی دەرەکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گومرگی بخرێتە سەر، بەڵام ئەمە بە هەوڵی شەخسی جەنابی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنرایەوە و ڕاگیرا.

لەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵێکمان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی گوشار بکەین ڕووبەڕووی ئەم شەڕە ئابوورییە ببینەوە، کە دژی هەرێمی کوردستان بەپایان کردووە، توانراوە هەندێکیان ڕابگرین، بەڵام زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم، هەموو ئەو دەسەڵاتە حەسرییە دەستووری و یاساییانەی خۆیان بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی درێژە بەم شەڕە ئابوورییە بدەن، هەر بۆ نموونە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە یەکێك لە کۆمپانیاکانی گەیاندیان ڕاگەیاندووە، کە نابێت لە بەشەکانی دیکەی عێراق، یان هەموو عێراق کاربکەیت.

سەبارەت بە هاوردەکردنی دەرمان، بە هەموو ئەو کۆمپانیانەیان ڕاگەیاندووە، ئەوانەی دەرمان هاوردە دەکەن، دەبێت بە شێوەیەکی حەسری مۆڵەت لە عێراق وەربگرن، ئەگەر هەتا کۆتایی ئەمساڵ هەموو کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق تۆمار نەکرێن، ئەوا ناتوانن بەشدار بن لە پەنجەرەی دراو «نافذة العملة»، ئەمەش واتە کۆمپانیاکانی کوردستان ناتوانن بەشداری بکەن لە پرۆسەی هاوردەکردن و هەناردەکردن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم پرۆسەیە پشت بە هەناردەکردنی پارە دەبەستێت، ئەمەش دەبێتە مۆنۆپۆلێکی دیکە کە دژی هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت.

ئەم پاراگرافە ئەگەر هەڵگرین، یان تەنیا ئەوە باس بکەین کە بەرهەمی ئێرانی لە بازاڕەکانی عێراق هەیە، بە ناوی بەرهەمی کوردستان بێ ناوهێنانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەران، بەداخەوە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش هەوڵێکی لەوجۆرە هەیە، کە دەکەوێتە چوارچێوەی شەڕی ئابوورییەوە و، لە ئێستادا

**هەوڵیان دا خاڵی پشکنین لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق دابنێننەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکانی کوردستان کە دەنێرینە ناوەڕاست و باشووری عێراق، وەک بەرهەمی دەرەکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گومرگی بخرێتە سەر، بەڵام ئەمە بە هەوڵی شەخسی جەنابی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنرایەوە**



**لە ئێستادا بەرهەمی ئێرانی دەهێنرێتە ناو بازاڕەکانی عێراق و بەناوی بەرهەمی کوردستانەوە ساخ دەکرێنەوە**

**لە کۆی ئەو ٣٠٠ ملیار دینارە داهاتەی ناوخۆ، باج تەنیا ڕێژەی ١٣٪ پێك دەهێنێت، ئەم باجەش بە تایبەتی باجی بواری خانووبەرە، ئەمە کارێکی ڕۆژانەی هاووڵاتیان نییە**

**دەبێت هەموو ئەو فەرمانبەر و کرێکارانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دەستبەری کۆمەڵایەتییان جێگیر بکرێت**

**سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەکتیڤ کراونەتەوە، بۆ ئەوەی دەستی کار بەو شێوە ئامادە بکەین، تا لەگەڵ تایبەتمەندیی پرۆژەکان بگونجێت**

بەرهەمی ئێرانی دەهێنرێتە ناو بازاڕەکانی عێراق و بەناوی بەرهەمی کوردستانەوە ساخ دەکرێنەوە، هەر بۆ نموونە مریشکی ئێرانی هاوردە کراوە و خراوەتە ناو کیسەی کارگەکانی هەرێمی کوردستان و وەك بەرهەمی هەرێمی کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی عێراقی دەکەن، کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر مسداقییەتی بەرهەمی ناوخۆیی کوردستان هەبووە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو واقیعە ئابوورییەی ئێستا لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە، یەکێك لە هۆکارەکانی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکییە لەگەڵ عێراق، نەك تەنیا سیاسەتی عێراقی بەرانبەر هەرێمی کوردستان و، ئەگەر سیاسەتی ئەمریکی بەو جۆرە نەبووایە سیاسەتی عێراقی بەرانبەر هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەدەبوو.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشە ئابوورییانە و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانەکانی کوردستان و هەوڵەکان بۆ زیاتر بۆ پشت بەخۆ بەستن، هەوڵەکان لە هەموو سێکتەرەکان بەردەوامن، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەم:

١- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەختینە «سیولة» جیا لە بە ئەلیکترۆنی کردنی مووچەی فەرمانبەران بە ڕێگەی «هەژماری من»، هەوڵمان داوە، سیستمی بانکی بچێتە ناو هەموو جوولە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان و، کارمان کردووە بۆ دابینکردنی خاڵی کڕینی ئەلیکترۆنی «POS – point of sale»، بۆ ئەمەش بەرنامەمان هەیە لە هەموو شوێنە گشتییەکان و بۆ وەرگرتنی باج و ڕسومات بە ڕێگەی سیستمی بانکی بێت، ئەم پرۆژەیە کاری جددی تێدا دەکرێت و کە تەواو بوو، کاری پێ دەکرێت.

٢- هەماهەنگییەکی لەرادەبەدەرمان لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق کردووە، ئێستا بانکی نیشتمان کە لقی هەرێمی کوردستانە لە هەولێر بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك لەگەڵ بانکی ناوەندی کار دەکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە بانکی ناوەندی هیچ بیانوویەکی لەسەر هەرێمی کوردستان نەبێت و بە تەواوەتی ئەم سیستمە جێبەجێ بکەین، تەنانەت سیستمی دارایی خۆشمان بەو جۆرە گونجاندووە، کە خەرجییە گشتییەکانیش بە ڕێگەی سیستمی ئەلیکترۆنی بێت.

٣- هەوڵمان داوە پرسی کۆکردنەوەی باج ڕێك بخەینەوە، بەڵام ئەم ڕێکخستنەوەیە بەو جۆرە نییە بارگرانی بکەوێتە سەرشانی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، لەمبارەوە زۆر باس لەوە دەکرێت کە ڕێژەی باج ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیانی قورس کردووە، بەڵام لە کۆی ئەو ٣٠٠ ملیار دینارە داهاتەی ناوخۆ، باج تەنیا ڕێژەی ١٣٪ پێك دەهێنێت، ئەم باجەش بە تایبەتی باجی بواری خانووبەرە، ئەمە کارێکی ڕۆژانەی هاووڵاتیان نییە، سەبارەت بە کۆمپانیاکانیش کە پێشتر باجیان نەداوە و ئێستا باجیان لێ وەردەگیرێت و زیان لە بەرژەوەندییەکان کەوتووە، حەتمەن ئەوان پروپاگەندە دژی حکومەت دەکەن.

٤- هەوڵمان داوە بە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی کێشە تەکنیکی و هونەرییەکان چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە وەك وەزارەتی تەندروستیی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق بۆ چارەسەرکردنی پرسی دەرمان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق، بۆ پرسی گەنمی جووتیاران و پشکی خۆراکی هاووڵاتیانی کوردستان.

٥- لەسەر ئاستی دابینکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو بڕیاری دەرکردووە، کە یەکەمیان بڕیاری ٨٦٨٦ ی ساڵی ٢٠١٩ یە، ئەم بڕیارە پەیوەستە بەوەی دەبێت هەموو ئەو فەرمانبەر و کرێکارانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دەستەبەری کۆمەڵایەتییان جێگیر بکرێت.

بڕیاری دووەمیان کە بڕیاری ١٧٢ی ساڵی ٢٠٢٢ـە، پەیوەستە بەوەی کە نابێت لە هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێناندا ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لە ٧٥٪ کەمتر بێت، ئەم دوو بڕیارە هەردووکیان چوونە واری جێبەجێکردن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا مانگی



حوزەیرانی ئەمساڵ مۆڵەتی دابوو کە خۆیان لەگەڵ بڕیاری ١٧٢ بگونجێنن، بەڵام لەبەر ئەوە ئەم خۆگونجاندنە کاتی پێویستە بۆ ماوەی سێ مانگ مۆڵەتەکە درێژ کرایەوە هەتا ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٣، بۆ کارئاسانیی زیاتریش لەگەڵ ئەم خۆگونجاندنە ئێستا سێ مانگی دیکەشمان درێژ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت.

٦- هەر لە چوارچێوەی زەمینەسازی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، ئێستا سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەکتیڤ کراونەتەوە، بۆ ئەوەی دەستی کار بەو شێوە ئامادە بکەین، تا لەگەڵ تایبەتمەندیی پڕۆژەکان بگونجێت.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوە مافێکی دەستووریی خۆمانە کە شایستە داراییەکان لە بەغداوە بنێرن بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ناکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆی خۆشمان هەوڵەکانمان بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریمان پشتگوێ بخەین، ئەوە ئاشکرایە کە عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نەخشەی ئابووریی جیهان وەك یەك یەکەی ئابووری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پەیوەستە بەوەی تا چەند سیاسەتی ئابووریی جیهانی دەستتێوەردان لە سیاسەتی ئابووریی عێراق دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت، هەر دەستتێوەردانێك سیاسەتی ئابووریی جیهانی لە ئابووریی عێراقدا بکرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان دەبێت دووجار باجەکەی بدات، زۆر دوور نییە کە عێراق چۆن دوای شەڕی کەنداوی یەکەم کەوتە ژێر باری گەمارۆی نێودەوڵەتی، بەڵام هەرێمی کوردستان جیا لەوەی کەوتە ژێر گەمارۆی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتدا کەوتنیە ژێر گەمارۆی عێراقیشەوە، لە ئێستاشدا بۆ نموونە کاریگەریی سیاسەتی دراوی ئەمریکی لەگەڵ عێراق، بە جۆرێك کاریگەری لەسەر کوردستان هەیە، لەمەش زیاتر مامەڵەی بانکی ناوەندیی عێراقیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەویش کاریگەری دەبێت، بۆیە دەبێت هەمیشە هەوڵەکانمان بۆ پشتبەستن بە خۆمان بەردەوام بێت و زۆر هێمنانەش بە ڕێگای گفتوگۆ و لە چوارچێوەی دەستووردا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکەین.

**هەر دەستتێوەردانێک سیاسەتی ئابووریی جیهانی لە ئابووریی عێراقدا بکرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان دەبێت دووجار باجەکەی بدات**

## د.هومام ئەلشەمماع

ئوستادی ئابووریی دارایی و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستان:

# ئەقڵییەتی شۆڤێنی هەندێک لایەنی سیاسیی عێراق وایە چاویان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت بۆیە دژایەتی دەکەن و ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن



د. هومام ئەلشەمماع، ئوستادی ئابووریی داراییە لە زانکۆی بەغدا و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستان ئیسلامی نێودەوڵەتییە و یەکێکە لە پسپۆڕە ئابووریناسەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان و جیهانی عەرەبی، لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی «یەکێتی ئابووریناسانی عەرەب» بووە، لە ساڵانی ٢٠٠٣-١٩٨٤ش ڕاوێژکاری وەزیری دارایی و نەوت و پیشەسازیی عێراق بووە، لە وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش لە ماوەی ساڵی ١٩٨٢و ١٩٨٤ ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی عێراق بووە بۆ کاروباری ئابووری. لە بواری ئەکادیمی و توێژینەوەی ئەکادیمیشدا هەتا ئێستا ٥٠ توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی «ئابووریی دارایی، ئابووریی پەرەپێدان، ئابووریی نەوت» پێشکەش کردووە و، بە دەیان وتار و توێژینەوەشی بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٠ بووەتە پرۆفیسۆر لە زانکۆی بەغدا و دواتریش بووەتە سەرۆکی زانکۆی «الکتاب» و ئوستادی ئابووری و داریی بووە لە زانکۆی جیهان، لە ئێستاشدا ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستانی ئیسلامیی نێودەوڵەتییە و، یەکێکە لەو ئابووریناسانەی کە پشتگیری لە ئابووریی سەربەخۆ و سیاسەتی نەختینەی هەرێمی کوردستان دەکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری»، لەسەر بنەمایەکی زانستی و لە چوارچێوەی مافەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو، چەند پێشنیار و ڕاسپاردەشی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێشکەش کردین.

ئەم گفتوگۆیە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی ژیاری کە تایبەتە بە ئێستا و ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری»یە، بەڵام ئەم پرسە لە بنەڕەتدا شەڕێ فرۆشتنی ناوەندە دژی هەرێم، هەوڵێکە بۆ پەکخستنی هەندێك لایەنی ژیاری لە کوردستان و خۆسەپاندنە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، بۆیە دەکرێت تا ڕاددەیەکی زۆر پێی بڵێین «ئەمە شەڕی شۆڤێنێتیی ناوەندە دژی هەرێمی کوردستان»، کە بێگومان دەستی دەرودراوسێشی تێدایە.

لە ئێستا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە دەسەڵاتدان لە عێراقدا، بێگومان ئەم لایەنانەش گرێدراوی دەرودراوسێکانن، بە حوکمی ئەوەی دەرودراوسێکانی عێراقیش هەموویان کێشەی کوردیان هەیە، بۆیە ترسی ئەوەیان هەیە هێز و لایەنە کوردییەکانی وڵاتەکانی خۆشیان هەوڵ بدەن، کیانێکی وەك هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایندە دروست بکەن. هەر بۆیە لێرەوە دەمەوێت قسەکانی خۆم لە دوو تەوەردا چڕ بکەمەوە:

١- بۆچی بەغدا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات؟

٢- چۆن ئەم دژایەتییەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، یان هۆکارەکانی چین و ئەو میکانیزمانە چین کە ئاستی ئەم دژایەتییە کەم بکاتەوە؟

- سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری یەکەم، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی عێراق هەر لە دامەزراندنییەوە لەسەر بنەمای حوکمڕانیی سەنتراڵی دامەزراوە، ئەمەش وای کردووە، چەمکی سەنترالیزم لە تێگەیشتنی عێراقییەکاندا (بە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی دیکەشەوە) بچەسپێت و ببێت بە بەشێك لە بیرکردنەوەیان و نەتوانن لێی دەرباز بن و، وەرچەرخانیش لە سیستمی سەنترالیزمەوە بۆ سیستمێکی لامەرکەزی، یان فیدراڵی لە عێراقدا، ڕووداوێکی لەناکاو و کتوپڕ بوو، ئەمەش واتە بڕیاردان لەسەر سیستمی فیدراڵی، یان لامەرکەزی لە قەناعەتی تەواوە نەبوو، بەڵکو ئەم وەرچەرخانە لە دەرەوە هێنرایە عێراقەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن لایەنەکانی شیعە دەنگیان بۆ دەستوور دا و پەسەندیان کرد؟ بێگومان عەرەبی شیعە لەو ڕوانگەیەوە دەنگی بە دەستوورەکە نەدا کە دەستوورەکەی بەدڵە، بەڵکو قەناعەتی بەو جۆرە بوو، کە مادده و بڕگەکانی ئەو دەستوورە، ئەوان دەگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە مەبەستیانە، ئەویش گەیشتن بە دەسەڵات و باڵادەستیی خۆیانە بۆ ئەوەی ئەو شتانە جێبەجێ بکەن کە مەبەستیانە. هەر بۆیە کە سەیری ئەو دەستوورە دەکەین، دەبینین بۆشایی، ئاستەنگ و تەڵەی زۆری تێدایە. من لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕۆژنامەی ئەلجەزیرە لەسەر ئەم کەموکورتییانەی دەستووری عێراقم نووسی، بەوە تۆمەتباریان کردم بەوەی گوایە من سەر بە کەمینەی سوننەم، بۆیە ڕەخنە لە دەستوورەکە دەگرم، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نەبوو، کاتێك یەکێك لە بیروبۆچووندا لەگەڵیان یەك نەگرێتەوە، بە چەندین تۆمەت تۆمەتباری دەکەن.

ئەم خواستە بۆ درێژەپێدان بە سەنترالیزم کە هەتا ئێستاش لەلایەن ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لە بەغدا، خواستێکی گەورەیە و ئامانجیانە بە هەر ڕێگەیەك بێت، لە ڕێگەی سەنترالیزمەوە هەژموونی خۆیان بسەپێنن، ئەم خواستەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی بەغدا ئەم دژایەتییەی هەرێمی کوردستان بکات.

من کاتێك چاودێری لێدوان و قسەکانی هەندێك لە سیاسەتمەدار و چاودێر و شرۆڤەکاری عەرەبی شیعە دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەن، ئەوەی لێ دەخوێنمەوە، کە ئەوان بەخیلی بە هەرێم دەبەن، نیگەرانن لەوەی هەرێمی کوردستان پێش دەکەوێت و لەسەر ڕێگەی ڕاستی پەرەپێدان هەنگاو هەڵدەگرێت، لە بەرانبەریشدا ناوچەی عەرەبە شیعەنشینەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کاول دەبن و بەرەو پاشەوە دەگەڕێنەوە، ئەمانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ئاستەنگ بۆ هەر هەوڵێك دروست بکەن کە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی

**دەوڵەتی عێراق هەر لە دامەزراندنییەوە لەسەر بنەمای حوکمڕانیی سەنتراڵی دامەزراوە، ئەمەش وای کردووە، چەمکی سەنترالیزم لە تێگەیشتنی عێراقییەکاندا (بە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی دیکەشەوە) بچەسپێت و ببێت بە بەشێک لە بیرکردنەوەیان و نەتوانن لێی دەرباز بن**

**ناوچەی عەرەبە شیعەنشینەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کاول دەبن و بەرەو پاشەوە دەگەڕێنەوە**



**زۆر گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر بە هۆشدارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەناڵ و هۆیانەی ڕاگەیاندن بکەین، کە بە زمانی عەرەبی پەیامی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێتە بینەر، یان بیسەری عێراقی**

**ئەگەر یاسای نەوت و گازی حکومەتی عێراق دەربچێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، بە ڕێژەی ٩٠٪ کێشە ئابووری و داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەبێت**

نێوان بەغدا و هەرێم دێتە ئاراوە، خۆ ئەگەر سەرۆك وەزیرانێکی بە ویژدان، هەوڵێك بدات بۆ کردنەوەی گرێی ئەو کێشانەی لە نێوان بەغدا و هەولێر هەیە، ئەوا ئەو خەڵکانە دوژمنایەتیی خۆیان بەسەر سەرۆك وەزیرانیشدا دەبارێنن.

لێرەوە من خۆم دەخەمە بەرەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانەوە و بزانین پێویستە چی بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم لایەنە دەروونییەی ئەو سیاسەتمەدار و شرۆڤەکارانەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بکەین، کە بەردەوام دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: ئەوەی دەکەوێتە سەرشانمان، ئەوەیە کە پێش هەموو شت ئێمە لە لای خۆمانەوە وەك هەرێمی کوردستان، زەمینەی زیاتر بۆ ئەم دژایەتییە خۆش نەکەین، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو خەڵکانەی عەرەبی شیعە کە بەو جۆرە قسە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەن، کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی لەناو عەرەبی شیعە هەیە، دەبێت زۆر بە هێمنانە هەوڵ بدەین ئەم لایەنە چارەسەر بکەین و، ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاوی خۆمان کە زۆربەی ئەو خەڵکانەی سەیری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەکەن و بایەخ بەو گفتوگۆیانە دەدەن کە لەو شاشانەوە پەخش دەکرێن، هەموویان خەڵکانی خوێندەوارن و بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە دەکەن و ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی دەبێت، ڕاشکاوانەتر ئەو حەشاماتەی کە بەشداری لە کاروانی چلە «المسیرة الاربعینیة» دەکەن و لە خۆیان دەدەن، ئەوانە سەیری تەلەفزیۆن ناکەن، بەڵکو گوێ بۆ ئەو دەستەبژێرە خوێندەوارەی شیعە دەگرن، کە بەشداری لەو گفتوگۆیانە دەکەن و گوێ لەو گفتوگۆیانە دەگرن، لەم لایەنەوە زۆر گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا، زۆر بە هۆشدارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەناڵ و هۆیانەی ڕاگەیاندن بکەین، کە بە زمانی عەرەبی پەیامی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێتە بینەر، یان بیسەری عێراقی، هەر بۆ نموونە من زۆر جار چاودێریی مێزگەردەکانی کەناڵی عەرەبیی زاگرۆس دەکەم، ئەم کەناڵە هەر لە ناوەکەیەوە هەموو لایەك دەزانێ کەناڵێکی کوردییە و بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی پەخش دەکات، زۆر جار دەبینین لەم کەناڵەوە خەڵکانێك دێنن، بە شێوەیەك قسە دەکەن، ئەم ڕق و کینەیەی لەناو عەرەبی شیعە دژی هەرێمی کوردستان دروست بووە، قووڵتری دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە دەبێت ئاراستەی پەیامەکانمان لەو هۆیانەی ڕاگەیاندن کە بە زمانی عەرەبی ئاراستە دەکرێن، پەیامێك بێت، کە خۆشەویستی دروست بکات و ئاستی ئەو ڕق و کینەیە کەم بکاتەوە.

• سەبارەت بە پرسیاری دووەمیشیان بەوەی ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە دەتوانین بیانگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین؟ یان ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن کە دەتوانین بیانگرینە بەر بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشانە پێ بکەین؟

بە ڕاشکاوی لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێم: بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیەی ناومان لێ ناوە «شەڕی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان»، کرۆکیی ئەم کێشەیە یاسای نەوت و گازی حکومەتی عێراقە، ئەگەر بتوانرێت ئەم یاسا دەربچێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، ئەوا بە ڕێژەی ٩٠٪ی کێشە ئابووری و داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەبێت.

خۆشبەختانە ئەم دەستوورە (دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥) لەو ماددانەی پەیوەندیدارە بە پرۆسەی «نەوت و گاز» ماددە دەستوورییەکان لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانن. بەڵام ئەوەی ئاستەنگی دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئەم ماددە دەستوورییانە وەك خۆی جێبەجێ نەکرێت، ئەو هەڵویستە توند و دوژمنکارانەیەی دادگای فیدراڵییە بۆ تەفسیرکردنی ماددە دەستوورییەکان کە خۆی ئەو تەفسیرە لەگەڵ بنەماکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی یەك ناگرێتەوە.

ئەگەر سەرنج لە ماددەکانی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بدەین، دەبینین لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا لە بنەڕەتەوە پرسی و نەوت و گازی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیاریکراو و حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵی دەرهێناوە. ئەو ماددەی کە تایبەت کراوە بەوەی

«نـەوت و گاز موڵكـی گەلـی عێراقـە لـە هەمـوو پارێـزگا و هەرێمـەكان»، سـەرنج بـدەن ئـەم مـاددە دەسـتوورییە بڕگـەی «لـە هەمـوو پارێـزگا و هەرێمـەكان»ی بـۆ زیـاد كـراوە، ئەوانـەی شـارەزای زمانـی عـەرەبیـن، دەزانـن زمانـی عـەرەبـی تەحەمولـی زیادكـردن نـاكات، تەنیا لـە حاڵەتی پێویستدا نەبێت، كەواتـە ئەمـە پێمـان دەڵێـت زیادكردنـی ئـەو بڕگەیـە «هەمـوو پارێـزگا و هەرێمـەكان» پێویسـت بـووە بـۆ ئـەو مـاددە دەسـتوورییە زیـاد بكرێـت كـە دەڵێـت «نـەوت و گاز موڵكـی گەلـی عێراقـە»، ئـەم حاڵەتـە پێویسـتەش لەبـەر ئـەوە بـووە كـە جەخت لەسـەر ئـەوە بكاتـەوە كـە «نـەوت و گاز موڵكی هەمـوو گەلـی عێراقـە لـە هەمـوو پارێـزگا و هەرێمـەكان»، ڕاشكاوانەتر چۆن موڵكی هەمـوو گەلانـی عێراقـە ئـەم سـەرچاوە سرووشـتییە موڵكـی پارێـزگا و هەرێمەكانیشـە، بۆیـە هـەر لـەو دەسـتوورەدا هاتـووە كـە دەبێـت لـە دوای پەسـەندكردنی ئـەم دەسـتوورەوە بـە شـێوازێكی دیكە مامەڵە لەگـەڵ وەبەرهێنانی كەرتی نەوت و گاز بكرێـت و لـە ماددەكانیـدا هاتـووە، ئـەو كێڵگـە تازانـەی نـەوت و گاز كـە دەدۆزرێنـەوە و وەبەرهێنانـی تێـدا دەكرێـت، بـۆ ئـەوەی «نـەوت و گاز» بەرهـەم بێـت، ئـەوا دەبێـت بـە هاوبەشـی بێـت لەگـەڵ هەرێـم و پارێـزگاكان، ئـەم مـاددە دەسـتوورییانەش هەموویـان لـە بەرژەوەندیـی هەرێمـی كوردسـتانن و دەبێـت لایەنـی هەرێمـی كوردسـتان پێداگـری لەسـەر بـكات و بـۆ ئـەو ڕێگایانـە بگەڕێـت كـە چـۆن ئـەم دەسـتوورە و ماددەكانـی جێبەجـێ دەكرێـن.

سـەبارەت بـە میكامیزمـی جێبەجێكردنـی دەسـتوور كـە ئێمـە زۆر باسـمان كـردووە، بـەڵام گوێمـان لـێ نەگیـرا، ئێمـە ئێسـتا وەك هەرێمـی كوردسـتان پێویسـتمان بەوەیـە بـۆ بەدواداچـوون لەسـەر ئـەم پرسـە لێژنەیـەك لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی پێـك بهێنیـن لـەو لایەنانـەی كـە دەتوانـن نیوەندگیـری «التحكیـم» بكـەن، بـە هاوشـێوەی ئـەو دادگا تەحكیمییـەی پاریـس كـە ناوبژیوانـی كـرد لـە كێشـەی نێوان عێـراق و توركیـا و سـەرەنجام هەناردەكردنـی نەوتـی كوردسـتانی بـە ڕێگـەی توركیا ڕاگرت، لەسـەر ئـەم شێوازە، لایەنی تەحكیمی هـەن، بۆ شێوازی تەفسیركردنی ماددەكانـی دەسـتووری عێراقیـش، ئـەم لێژنەیـە كـە هاتـە نـاو ئـەم كێشـەیە بـۆ شێوازی تەفسیركردنی ماددە دەستوورییەكان، بە تێپەڕبوونـی كات گوشـار دەكات و دەتوانێـت ئـەو مـاددە دەسـتوورییانە لـە بەرژەوەندیـی هەرێمـی كوردسـتانن وەك خـۆی تەفسـیری بـكات، لـەم چوارچێوەیـەدا كاتێـك یاسـای نـەوت و گازی فیدراڵـی دادەڕێژرێـت، ئـەوا یاسـا داڕێژراوەكـە كـە بـە پێـی دەسـتوورەكە نووسـراوە و دەسـتووری پێـوە هەڵواسـراوە، مـن دڵنیـام ئەوانـەی ئـەو دەستوورەیان داڕشتووە، هـەر لـە سـەرەتاوە ئەوەیان لـە بیردا بـووە، كـە هەرێمی كوردستان لـە هـەردوو سـێكتەری نـەوت و گاز سـەربەخۆ بێـت، بـەڵام وەك سـەرەتاش باسـم كـرد، ئـەو گیانـی شـۆڤێنی و خواسـتی سـەنترالیزمە بـۆ خۆسـەپاندن كـە بـە ئاراسـتەكردنی لەلایـەن دەسـەڵاتی دادوەرییـەوە (دادگای فیدراڵـی) سـەرۆكایەتی دەكرێـت، وای كـرد، بڕیـاردان لەسـەر یاسـای نـەوت و گازی هەرێمـی كوردسـتان لـە بەرژەوەندیـی هەرێمـی كوردسـتان نەشـكێتەوە.

بابەتـی دووەم لـەم پرسـەدا، پرسـی سیسـتمی بانكییـە لـە عێـراق و هەرێمـی كوردسـتان، لـەم پرسـە گرنگـەدا دەمەوێـت ڕاشـكاوانە ئەوەتـان پـێ بڵێم، كـە ویلایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمریـكا سیاسـەتەكانی لـە بەرژەوەندیـی هەرێمـی كوردسـتان نییـە، بـەردەوام هـەوڵ دەدات، كـە دارێك بخاتـە نـاو ئـەو ڕەوڕەوەیـەی كـە جووڵـەی هەرێم دروست دەكات، ئـەم هەڵوێستەی ئەمریـكا لـە دوای ڕاپەرینـی سـاڵی ١٩٩١یـش بەرانبـەر هەرێمـی كوردسـتان هـەروا بـووە و دوای ئـەوەش كـە هەرێمـی كوردسـتان بـووە سـەربەخۆیەكی دیفاكتـۆ و حكومەتـی عێـراق لێـی كشـایەوە، ئەمریكا بواری دا، كە هەرێمی كوردستان دیارە كۆنەكـەی عێـراق بـەكار بهێنـت، بـەڵام ڕێگـەی نـەدا ببێتـە خاوەنـی دراوی نەختـی و سـەربەخۆ بێـت، ئـەم سـەربۆخۆییە نەختییـە لـە ئێسـتادا نیمچە نەبـووە، ڕاسـتە هەوڵێك هەیە بۆ ئـەوەی بـە ڕێگـەی مامەڵـەی ئەلیكترۆنـی كێشـەی نەختینە چارەسـەر بكرێـت، ئەمـە شـتێكی باشـە، بـەڵام كێشـەكە بـە تەواوەتـی چارەسـەر نـاكات، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە كـۆی بانكـەكان بـە بانكـی ناوەندیـی عێراقـەوە بەسـتراونەتەوە.

**ئەگەر سەرنج لە ماددەكانی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بدەین، دەبینین لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا لە بنەڕەتەوە پرسی و نەوت و گازی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیاریكراو و حەسرییەكانی حكومەتی فیدراڵی دەرهێناوە**

**ئەمریكا سیاسەتەكانی لە بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستان نییە، بەردەوام هەوڵ دەدات، كە دارێک بخاتە ناو ئەو ڕەوڕەوەیەی كە جووڵەی هەرێم دروست دەكات**





## سەروەر کەماڵ هاواری

بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# کەمینەیەکی سیاسی لە عێراقدا خواستی خۆسەپاندن و جێبەجێکردنی سەنترالیزمیان هەیە، ئەوان دەیانەوێت هەموو دەسەڵاتەکان بگوازنەوە بۆ ناوەند و هەرێمی کوردستان لە مافە دەستوورییەکانی بێبەش بکەن

سەروەر کەمال هاواری، بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و سەرۆکی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستانە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە زانستی ئابووریدا، چەندین توێژینەوەی ئابووری لەسەر سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی هەرێمی کوردستان نووسیوە و، بڕوای بەوەیە کە تا هەموو هەوڵەکان نەخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی سوود لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی کوردستان وەربگیردرێت و وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکاندا بکرێت و، دووبارە بەرهەم بهێننەوە، ناتوانرێت لە پرۆسەی پەرەپێدان سەرکەوتوو بین و بناغەیەکی ئابووریی بەهێزمان هەبێت. لەم گفتوگۆیەدا «هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری» لە ڕوانگەی ئابووریناسییەوە هەڵوەستەی لەسەر پێناسە و چەمکی شەڕی ئابووری و سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی کرد و چەندین پێشنیاری گرنگی بەم جۆرە خستە ڕوو.

ئەگەر لە پێناسەی شەڕی ئابوورییەوە باس لەم مەسەلەیە بکەین، کە ناونیشانی گفتوگۆکەش (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری)یە، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین، کێ شەڕی ئابووری لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان بەرپا کردووە، تەنیا حکومەتی عێراقە، یان لەگەڵ زۆر لایەنی دیکەشە؟

شەڕی ئابووری وەك چەمێکی ئابووریی سەردەم، وەك بەهێزترین و کاریگەرترین چەك هەژمار دەکرێت، کە لایەنێك دژی لایەنێکی دیکە بەکاری دەهێنێت، ئامانجیش لە پەنابردن بۆ چەکی ئابووری بۆ لاوازکردن و کەمکردنەوەی هەموو توانا ئابووری و ژیاری و کۆمەڵایەتییەکانی لایەنی بەرانبەرە، کاریگەریی شەڕی ئابووری (گەمارۆی ئابووری) لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو ئێمە لە عێراقدا بینیومانە و هەستمان بە ئازارەکانی کردووە، ئامانجی هاوپەیمانان لەو گەمارۆیەی بەسەر عێراقدا سەپاندیان، بۆ ئەوە بوو هەموو ژێرخانەکانی عێراق وەك دەوڵەت هەڵتەکێنن و، لە ئاکامی ئەمەشدا خەڵك نارەزایی لێ بەرز ببێتەوە و متمانەی بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی نەمێنێت.

لایەنێکی شەڕی ئابووری دەکەوێتە ناو ڕەهەندەکانی شەڕی دەروونی و چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە.

ئەگەر لێرەوە بێینە سەر ئەو شەڕە ئابوورییەی ئێستا لەسەر هەرێمی کوردستان باسی دەکەین، من وای دەبینم، بەرپاکردنی شەڕی ئابووری لەسەر کوردستان ڕیشەیەکی قووڵتری هەیە و هەر لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕژێمەکانی عێراق دژی کوردستان پەنایان بۆ بردووە، وەك جەنابی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە «لە عێراقی نوێدا ئەقڵییەت هەمان ئەقڵییەتی پێشانە و تەنیا دەموچاوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە»، بۆیە ئەم پەنابردنە بۆ شەڕی ئابووری هەتا ئێستاش دژی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

کەواتە درێژەپێدان بە شەڕی ئابووری لە دژی هەرێمی کوردستان تەنیا هەوڵێك نییە بۆ دروستکردنی گوشارێکی کاتی لەسەر ئەم هەرێمە، بەڵکو دەستەبژێرێکی سیاسی هەن، کە خواستی خۆسەپاندنیان بەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و دەیانەوێت قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە قاڵب بدەن، یان هەر نەیهێڵن. قسەی ئێمە لەسەر ئەو کەمینە سیاسییەی دەسەڵاتدارانی عێراقە کە سەردەمانێك وەك کەمینەیەکی سیاسیی عەرەبی عێراق و ئێستاش وەك کەمینەیەکی سیاسیی عەرەب لە بەغدا ئەم شەڕە ئابوورییە دژی هەرێمی کوردستان پیادە دەکەن.

لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و پاشانیش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان، توانرا قەوارەیەکی نیمچە دیفاکتۆی دەوڵەتی بە ناوی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، ئەم قەوارە نیمچە دیفاکتۆیە کەس مەزندەی نەدەکرد کە لە ژێر باری دوو گەمارۆی نێودەوڵەتی و عێراقیدا، بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و بمێنێت، بەڵام بە لۆژیکی سەرۆك بارزانی ئەم قەوارەیە نەك هەر مایەوە، بەڵکو لە شەڕی ئازادکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ بوو بە بەشێك لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی کە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا ڕژێمی عێراقی ڕووخاند، لە دوای ئازادبوونی عێراق لە دیکتاتۆرییەت و کرانەوەیەکی ڕێژەیی جیهان بەسەر کوردستاندا، هەرێمی کوردستان وەرچەرخانی گەورەی لە پەرەپێدان و وەبەرهێنانی بە خۆیەوە بینی، بەڵام لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەمە ڕووی نەدا، بۆیە ئێستا بەشێکی زۆری ئەو کەمینە سیاسییە لە بەغدا لە دەسەڵاتدان، چاویان بەو پێشکەوتنەی کوردستان هەڵنایەت و دەیانەوێت پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپێدان لە کوردستان ڕابگرن. من وەك بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەخوازم چەند داتایەك بخەمە ڕوو سەبارەت بە وەرچەرخانەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەم بوارەدا لە کوردستان هاتوونەتە ئاراوە:

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئەمڕۆ کە ساڵی ٢٠٢٣یە، نزیکەی ٣١ هەزار کۆمپانیا لە کوردستان تۆمار کراون، کە نزیکەی ٣٥٠٠یان لقی کۆمپانیا بیانییەکانن.

- هەر لەو ماوەیەدا لە وەزارەتی بازرگانی

**ئامانجی هاوپەیمانان لەو گەمارۆیەی بەسەر عێراقدا سەپاندیان، بۆ ئەوە بوو هەموو ژێرخانەکانی عێراق وەک دەوڵەت هەڵتەکێنن**

**شەڕی ئابووری دەکەوێتە ناو ڕەهەندەکانی شەڕی دەروونی و چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە**

**بە لۆژیکی سەرۆک بارزانی ئەم قەوارەیە نەک هەر مایەوە، بەڵکو لە شەڕی ئازادکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ بوو بە بەشێک لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی کە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا ڕژێمی عێراقی ڕووخاند**




نزیکەی ١٠٥٠٠ هێمای بازرگانی (Trade Mark) تۆمار کراون.

- لە کوردستان وێڕای ئەو ڕەخنانەی لێی دەگرین، بناغەیەکی پیشەسازیی زۆر باش بەراورد بە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بونیاد نراوە.

- بەرهەمهێنانی ناوخۆیی هەنگاوی باشی بڕیوە، ئەو بەرهەمانەی لە کوردستان بەرهەم دەهێنرین، بە ڕێژەی نزیکەی ٧٠٪ لە بازاڕەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا ساخ دەکرێنەوە، تەنانەت بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی برا جووتیارەکانمان ناوە لە بازاڕەکانی کەنداو و وڵاتانی ئەورووپا.

بۆ ڕێگرتن لەم پێشکەوتنە، ئەو کەمینە سیاسییە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، خاڵی گومرگی لە نێوان هەرێم و عێراق دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم گەشەیە پەك بخەن، بەڵام بە هیممەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵە دوژمنکارییەکانیان ڕاگیران.

لایەنێکی دیکەی شەڕی ئابووری ئەوەیە کە ئەم شەڕە زۆر جاران لە کاتی ئاشتی و بوونی پەیوەندییەکی زۆر باشیش لەگەڵ لایەنەکەی دیکە، بۆ مەبەستی جیاواز پیادە دەکرێت، هەر بۆ نموونە ئێستا هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، بەڵام کەمینەیەکی سیاسی کە چاویان بە سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیانی نێوان



ئایین و نەتەوە جیاوازەکان هەڵنایەت، دەیانەوێت ئەو ژینگەیە بشێوێنن، بە چەندین شێوازی دیکە ئەو شەڕەیان درێژە پێداوە، تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریشمان بە شێوازێکی دیکە زیانیان بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە لە ڕێگەی «خنکاندنی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بە کاڵای بێ کواڵێتیی هاوردەکراو»، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمە توانای خۆبژێویمان نییە و بە ڕێژەی ٩٥٪ پشت بە کاڵای هاوردەکراوی تورکی و ئێرانی دەبەستین، ئەوا لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن ئەو شەڕەمان لەگەڵ بکەن، بۆ ئەمەش ئێمە ئەزموونمان لەگەڵی هەیە، هەر بۆ نموونە: ئێمە زۆر جار کە لەگەڵ شاندە بازرگانییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و بیانی دادەنیشین و قسە لەسەر بووژانەوەی ئابووریی کوردستان دەکەین، زۆر داوایان لێ دەکەین، کە وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی و پیشەسازیی کشتوکاڵدا بکەن، تەنیا پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نەبێت، دەبینین بۆ وەبەرهێنانی پیشەسازی و پیشەسازیی کشتوکاڵی نایەنە پێشەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش ببینە خاوەنی بەرهەمی خۆمان، واتە زیاتر ئامادەباشییان تێدایە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان بۆ بازاڕەکانی کوردستان.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت وەك بەشێکی دیکەی ئەم شەڕە ئابوورییە دژی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە هەوڵێك لە بەغداوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو کارتە بازرگانی و ئابوورییەکان سەنترالیزمی و بە مەرکەزی بکەن و خۆیان لە فیدراڵییەت بدزنەوە، ڕاستە بەپێی دەستووری عێراق دەبێت لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پرانسیپی (هاوسەنگی و هاوبەشی و پێکەوەسازان) ئەم پرانسیپانە جێبەجێ بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەمینە سیاسییەی عێراق خواستی خۆسەپاندن و جێبەجێکردنی سەنترالیزمیان هەیە، نەك سیستمی فیدراڵی، ئەوا ئێستا دەیانەوێت هەموو دەسەڵاتەکان بگوازنەوە بۆ ناوەند و هەرێمی کوردستان لە مافە دەستوورییەکانی خۆی بێبەش بکەن.

لێرەوە ئەگەر باس لەوە بکەین، چی بکەین بۆ ئەوەی قەیرانەکە تێپەڕێنین؟ چۆن ئەم قەیرانە وەك خۆی پێناسە بکەین و خۆمان ئامادە بکەین مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟ ئەوا بە حوکمی ئەوەی من سەرۆکی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستانیشم، زیاتر لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە و، تیشك دەخەمە سەر ئەوەی کە شەڕی ئابووری لق و پۆپی زۆرە و گەلێك بواری جیاواز دەگرێتەوە، لەوانە یاسایی، کارگێڕی، تەکنیکی، هەندێك جاریش سەربازی لە خۆی دەگرێت، بۆیە ئەم شەڕە خۆ ئامادەکردنێکی تەواوی دەوێت و لە شەو و ڕۆژێکدا ئەم ئامادەکارییە ناکرێت. دەبوو خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی کوردستان زۆر بە جددی کاری لەسەر بکرایە، زۆر جار دەڵێن کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە

**ئێستا بەشێکی زۆری ئەو کەمینە سیاسییە لە بەغدا لە دەسەڵاتدان، چاویان بەو پێشکەوتنەی کوردستان هەڵنایەت و دەیانەوێت پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپێدان لە کوردستان ڕابگرن**

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئەمڕۆ کە ساڵی ٢٠٢٣یە، نزیکەی ٣١ هەزار کۆمپانیا لە کوردستان تۆمار کراون، کە نزیکەی ٣٥٠٠یان لقی کۆمپانیا بیانییەکانن**

**لە کوردستان وێڕای ئەو ڕەخنانەی لێی دەگرین، بناغەیەکی پیشەسازیی زۆر باش بەراورد بە باشوور و ناوەڕاستی عێراق بونیاد نراوە**



**ئەو کەمینە سیاسییە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، خاڵی گومرگی لە نێوان هەرێم و عێراق دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم گەشەیە پەک بخەن، بەڵام بە هیممەتی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵە دوژمنکارییەکانیان ڕاگیران**

**هەوڵێک لە بەغداوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو کارتە بازرگانی و ئابوورییەکان سەنترالیزمی و بە مەرکەزی بکەن و خۆیان لە فیدراڵییەت بدزنەوە**

**وڵات کاتێک بە دەوڵەمەند لە قەڵەم دەدرێت، کە بتوانێت وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی خۆیدا بکات و بیکاتە بەرهەم و سەرچاوەی داهات بۆ وڵاتەکە**

بە سامان و کانزای سرووشتی، خاکێکی بەپیت و سەرچاوەی ئاوی باشی هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی ئابووریناسییەوە، ڕاستە ئەمانە بۆ پەرەپێدانی ئابووری شوێنی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمانە وەبەرهێنیان تێدا نەکرێت و نەبنە بەرهەمێك بۆ سەرچاوەی داهات، ناتوانرێت بڵێین وڵاتێکی دەوڵەمەندمان هەیە، وڵات کاتێك بە دەوڵەمەند لە قەڵەم دەدرێت، کە بتوانێت وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی خۆیدا بکات و بیکاتە بەرهەم و سەرچاوەی داهات بۆ وڵاتەکە، هەر بۆیە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری، پێشکەوتنی ئابووری و بەپیشەسازیکردنی ئابووری، خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك.

لێرەدا دەتوانم ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم، کە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان هەنگاو بۆ ئەوە نراوە کە وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی کوردستان و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهاتەکاندا بکرێت و هەنگاوی گرنگیش چووەتە پێشەوە، کە پێش هەموو شتێك بە پیادەکردنی سیاسەتی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پیادەکردنی سیاسەتی شەفافییەت دەستی پێکرد، ئەگەر ئەو بارودۆخە نالەبارانەی لەم چەند ساڵەدا هاتنە بەردەم کابینەی نۆیەم، وەك (درووستبوونی ناسەقامگیریی سیاسی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ئەمساڵدا، ئەو ئاستەنگانەی کە حکومەتی فیدراڵی دروستی دەکات)، ئەگەر ئەمانە نەبووایە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زیاتری بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانێکی پتەوی ئابووریی فرەچەشن هەڵدەگرت و هەنگاویشی هەڵگرتووە، لەوانە:

١- هەر لە کابینەی نۆیەمدا چەندین کۆمپانیا و هێمای بازرگانی تۆمار کراون.

٢- بە دەیان پۆند و دەریاچە لە شارەکانی کوردستان دروست کراون بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی کەمئاوی بکەن و کەرتی کشتوکاڵ ببووژێنەوە.

٣- چەندین بەنداوی گەورە و مامناوەندی و بچووك، دەستیان پێکراوە، هەندێکیان تەواو بوون و هەندێکی دیکەشیان لە قۆناغە جیاوازەکانی کارکردندان، ئەم بەنداوانە جیا لەوەی دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ گلدانەوەی ئاو و دروستکردنی تەزووی کارەبا، لە هەمان کاتدا ناوچەکانیش دەکاتە ناوچەی گەشتیاری.

٤- بۆ ئەوەی بەروبوومی دانەوێڵەی جووتیاران کۆ بکرێتەوە و بکڕدرێتەوە و جووتیاران لە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان نەترسن، لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك سێ سایلۆ دروست کراون، کە بە هەر سێکیان توانای کۆگاکردنی ١٢٠ هەزار تەن دانەویلەیان هەیە، ئەمە جگە لەو کۆگایانەی کە هەریەکەیان ٨ کۆگای هەیە و لە کاتی پێویستدا دەتوانرێت گەنمی تێدا ئەمبار بکرێت، گوشارمان کرد بۆ ئەوەی دەبێت جووتیاران بە نرخێکی بەرز گەنمەکانیان بکڕدرێتەوە، کە ئەویش نزیکەی ٦٠٠ دۆلار بوو بۆ هەر تەنێك، ئەم بڕە پارەیە بۆ تەنێك گەنم زۆر بەرزترە لە کڕینەوەی گەنمی (ئۆکرانی، ڕووسی، کەنەدی و ئوسترالی) کە هیچیان لە ٣٠٠-٣٥٠ دۆلار تێپەڕ ناکات، بەڵام گەنمی کوردستانمان بە نزیکەی ٦٥٠ دۆلار کڕییەوە.

٥- هەر لە پێناوی بووژانەوەی کشتوکاڵ و دڵنیاکردنەوەی جووتیاران لە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بە هەوڵی شەخسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی زۆر درا کە ساڵی پار هەناری هەڵەبجە هەناردەی بازاڕەکانی کەنداو بکرێت، لە ئێستادا بەرهەمی هەنگوین و پەتاتە و سێو و دۆشاوی تەماتەی کوردستان لە بازاڕەکانی کەنداو هەیە، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بەرهەمەکانی دیکەش کە ڕەوانەی بازاڕەکانی کەنداو و ئەورووپا بکرێت، لەمەش زیاتر ئێستا لە زۆر بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بە هەردوو بواری چاندن و پەرەوەردەکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ و ماسی و هێلکە، لە زۆر بواردا گەیشتووینەتە قۆناغی خۆبژێوی و بەشێکی باشیشی هەناردەی بازاڕەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت.

٦- لە بواری بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵ و دروستکردنی کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، چەندین کۆگای ساردکەرەوە دروست کراون، چەندین کارگەی گەورەی شیرنەمەنی بۆ سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی شیر و قوتوبەندی بەرهەمەکان دروست کراون.

٧- لە بواری بەپیشەسازیکردنی گەشتوگوزاردا، پێشکەوتنی بەرچاو هاتووەتە ئاراوە، بێجگە لە گەشتوگوزاری ئاسایی، ئێستا بوارەکانی دیکەی گەشتوگوزاری وەك گەشتوگوزاری (تەندروستی، ئایینی، سەردانی شوێنەوارەکان و.. هتد) لە کوردستان لە بەردەم بووژانەوەیەکی زۆر باشدایە، چەندین پرۆژەی گەورەی گەشتیاری دەستی پێکردووە کە بەشێکیان تەواو بوون و بەشێکی دیکەشیان لە قۆناغی جیاوازی کارکردندان.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم هەوڵانە بۆ ئەوە بوو کە ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر گوشار و ئاستەنگ بۆ بەرنامەکانی کابینەی نۆیەم دروست نەکرابان، ئەوا مەزندەکان بەو جۆرە بوون لە چەند ساڵێکی داهاتووی زۆر کورتدا لە زۆر سێکتەردا بگەینە قۆناغی خۆبژێوی، بەڵام ئێستاش ئەو قەیرانانە ساردمان ناکەنەوە و لە ئابووریی کلاسیکیدا پرانسیپێك هەیە کە دەڵێت «لە گەشەسەندنی ئابووری ژینگەیەکی زۆر سەقامگیر هەیە»، بەڵام لە ئابووریی نوێدا تا ڕاددەیەك ئەو پرانسیپە گۆڕاوە و قەناعەتێك دروست بووە، کە لە بارودۆخی ناسەقامگیری بەردەوامیشدا بە مەرجێك هەڵکشان و داکشانی زۆر گەورە بە خۆیەوە نەبینێت، ئابووری دیسان دەتوانێت گەشە بکات.

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ، بۆ ئەوەی چینێکی ناوەندی بەهێز دروست بکرێت، چینی ناوەند نەك تەنیا بۆ بونیادی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز کۆڵەگەیەکی گرنگە، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەك زەمینەسازییەك بۆ سەروەریی یاساش لە وڵاتدا زۆر گرنگە، لەم چوارچێوەیەدا بەداخەوە دەبینین لە کوردستان چینی ناوەند زۆر لاوازە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئەویش بۆ پەرەپێدانی ئابووری زۆر گرنگە «پاراستنی کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری»یە، کە بۆ ئابووریی بازاڕ زۆر گرنگە ململانێ هەبێت، هەروەها گرنگە مۆنۆپۆڵ نەبێت و دەرفەتەکان بۆ هەموو لایەك بە یەکسانی کراوە بێت، لە هەمان کاتدا زۆر گرنگیشە مافی بەکاربەر لە تاکێکەوە تا گەورەترین دەسەڵات فەراهەم کرابێت، ئەم دابینکردنی مافە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی ناڕەزایی خەڵك کەم ببێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی وێڕای ئاستەنگەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتن لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و مووشەکبارانکردنی فڕۆکەخانە و ژێرخانی کەرتی نەوتی و گازی و ئاستەنگەکانی نێوخۆی هەندێك لە حزبەکان بۆ تێکدانی دۆخەکە، یان هاوکار نەبوون لە چارەسەری کێشەکان و بگرە لە ڕێگەی میدیاکانیانەوە دۆخێکی نائارامی و پشێوییان دروست کردووە، بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیرادەی بوێریی سەرۆك وەزیران بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و گرفتانەدا زاڵ بووە. من لەبیرمە لە کاتی کۆرۆنادا لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابیان بۆردێکی خۆراکمان دامەزراند و ڕێگەمان نەدا قەیرانی خۆراك لەناو ئەو قەیرانە گەورەیەدا سەرهەڵبدات، قەیرانێك کە بازاڕەکان و سنوورەکانی لە بەردەم گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەل زۆر تەسك کردبووەوە، لە کاتی داشکانی بەهای نەوت و بڕینی بودجەش کاری بازرگانی و پرۆژەکان ڕانەوەستان، لە هەموو ئەم کێشە و گرفتە سرووشتی و نێودەوڵەتییانەشدا نەك هەر کەس هاوکارمان نەبوو، بەڵکو زۆر جار دۆخەکە دەقۆزرایەوە بۆ ئەوەی گرفت و کێشەکان لەسەرمان قووڵتر بکرێتەوە، پەیوەندیی بەهێزی خەڵك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی و پشتگیریی خەڵك بۆ هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت وای کرد، بەسەر هەموو ئەو تەنگوچەڵەمە و گرفتانەدا زاڵ بین و دۆخە نائارام و ناسەقامگیرەکە تێپەڕێنین و کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی دیکەش بکەین و، ڕووبەڕووی گەمارۆ و دانانی لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەردەم ئابووریی هەرێم و بژێویی خەڵك ببینەوە.

**بە هەوڵی شەخسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی زۆر درا کە ساڵی پار هەناری هەڵەبجە هەناردەی بازاڕەکانی کەنداو بکرێت، لە ئێستادا بەرهەمی هەنگوین و پەتاتە و سێو و دۆشاوی تەماتەی کوردستان لە بازاڕەکانی کەنداو هەیە**

**ئەگەر گوشار و ئاستەنگ بۆ بەرنامەکانی کابینەی نۆیەم دروست نەکرابان، ئەوا مەزندەکان بەو جۆرە بوون لە چەند ساڵێکی داهاتووی زۆر کورتدا لە زۆر سێکتەردا بگەینە قۆناغی خۆبژێوی**

**لە هەموو ئەم کێشە و گرفتە سرووشتی و نێودەوڵەتییانەشدا نەک هەر کەس هاوکارمان نەبوو، بەڵکو زۆر جار دۆخەکە دەقۆزرایەوە بۆ ئەوەی گرفت و کێشەکان لەسەرمان قووڵتر بکرێتەوە**





**هۆزار تۆفیق**

ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی :

# گرنگە لە ڕێگەی فرەچەشنکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانەوە هەنگاو بۆ فرەچەشنکردنی داهات هەڵبگرین

هۆزار تۆفیق، ئەندازیارە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی، خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە لە بواری وەبەرهێنان لە پڕۆژە جیاوازەکانی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان و، لە ڕووی ئەندازیارییەوە سەرپەرشتیی پڕۆژەکانی کردووە و، ئەمەش وای کردووە، ئەزموونێکی گەورەی لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان و کوالێتی پڕۆژەکان هەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی لەگەڵ تەمەنی تەواوبوونی هەر پڕۆژەیەك ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی ئەو پڕۆژەیە دەکات، ئەوا لە ڕەهەندەکانی پڕۆژەکە تێدەگات و دەزانێت جەدوای ئابووریی ئەو پڕۆژەیە تا چەند خزمەتی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەکات، لایەنێکی دیکەی ئەندازیاری کە فاکتەری سەرەکیی گەشەی ئابووریی پێ دەخوێندرێتەوە، بوونی ڕێگاوبانی باش و خێرایە لە نێوان شارەکانی کوردستان و هەروەها لە نێوان تەواوی قەزا و ناحیەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستاندا، کە نەبوونی ئەم ڕێگاوبان باشە گەشەی ئابووری پەك دەخات، لەم گفتوگۆیەدا (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) بە دیدێکی ئەندازیارانەوە ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشەی ئابووری و وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان خستە ڕوو.

لەسەر ئەم پرسە گرنگە (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) من زیاتر قسەکانم دەربارەی گەشەسەندنی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ناو کەرتی وەبەرهێنانە.

ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، ئەمەش وای کردووە کە هەر گەشەسەندنێکی ئابووری لەم هەرێمەدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژینگەی سیاسی و ئابووریی عێراقەوە هەبێت.

کەرتی وەبەرهێنان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، بەڵام لەم گفتوگۆیەدا من زیاتر جەخت لەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەمەوە و، دەمەوێت لە ڕوانگەیەکی ئەندازیاری و ئابوورییەوە باس لەو هەنگاوانە بکەم کە کابینەی نۆیەم لە کەرتی وەبەرهێنان هەڵیگرتووە.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بە پلانێکی تۆکمە و گەشەسەندووەوە هەوڵی دا، وەرچەرخانێك لە کەرتی وەبەرهێناندا بێنێتە ئاراوە، پڕۆژە ئامادەکراوەکانی بەسەر سێکتەرە جیاوازەکاندا بەپێی پێداویستیی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دابەش کرد، کە ١٠٥٠ پڕۆژەی لە خۆی دەگرت لە سێکتەرە جیاوازەکانی (پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بانك) بەشێوەیەکی گشتی و هەروەها چەند سێکتەرێکی دیکەشی دەگرتەوە.

لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تا ئێستا توانراوە بەشێکی باشی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت، لە سێکتەری پیشەسازیدا توانرا چەندین کارگەی تازە دابمەزرێن، ژمارەیەکی دیکەش فراوان بکات و چەندین کارگەی گەورەش وەگەڕ بخاتەوە وەك کارگەکانی (چیمەنتۆ، خشت، ئاسن و... هتد) ئەم کارگانە لەگەڵ ئەوەی پێویستیان بەوە هەبوو، سەرمایەیەکی گەورەیان تێدا بە گەڕ بخرێت، بەڵام توانرا سەرکەوتووانە جێبەجێ بکرین، ئێستاش بێجگە لەوەی توانای دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانیان هەیە، لە هەمان کاتدا بەشێك لە بەرهەمەکانیشیان هەناردەی دەرەوە دەکەن.

هاوشانی ئەم کارگانە لە کەرتی پیشەسازی هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ بەپیشەشازیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و چەندین کارگەی گەورەی شیرنەمەنی و قوتوبەندی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانش دامەزران، بەمەش وێڕای ئەوەی بووینە خاوەنی بەرهەمی خۆماڵیی خۆمان، لە هەمان کاتدا توانرا هەلێکی کاری بەرفراوانیش بۆ هاووڵاتیانی کوردستان فەراهەم بکرێت.

لەسەر ئاستی بووژانەوەی کشتوکاڵ و دڵنیاکردنەوەی جووتیارانی کوردستان بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی بەرهەمەکانیان ساغ دەکرێنەوە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە لە دەرەوەی کوردستان بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان بدۆزێتەوە، هەروەها گرنگییەکی زۆری داوە بە دروستکردنی چەندین بەنداوی گەورە و مامناوەند و بچووك، هەروەها دروستکردنی پۆند و دەریاچە، کە جیا لەوەی زۆر گرنگن بۆ ڕێگرتن لە وشکەساڵی و دەبنە هاندەرێك بۆ گەشتیاریی زیاتر، لە هەمان کاتدا گلدانەوەی ئەم ئاوانە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زیاتر گەشەسەندنی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی بایەخدانیش بە کەرتی گەشتوگوزار، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی چەندین پڕۆژەی گەورەی لەم بوارەدا ئەنجام داوە، هاوکات بووەتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتیش بۆ کوردستان، بەڵام هێشتا ئەم کەرتە گرنگە بۆ پرۆسەی فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات پێویستی بە فراوانکردن و ئاسانکاریی زیاتر هەیە، کە هەم بۆ گەشتیاران و هەمیش بۆ وەبەرهێنان فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی باشتر پرۆسەی گەشتیاری لە کوردستان فراوان ببێت، تا گەشتیاران زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

لایەنێکی دیکەی گەشەسەندنی کەرتی وەبەرهێنان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کە چەندین ڕەهەندی جیاوازی لێ دەخوێندرێتەوە، زیادبوونی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکانە بۆ کوردستان، کە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ڕێژەی ١٧٪ی پڕۆژەکانمان لەلایەن وەبەرهێنەرانی بیانییەوە وەبەرهێنانیان

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بە پلانێکی تۆکمە و گەشەسەندووەوە هەوڵی دا، وەرچەرخانێک لە کەرتی وەبەرهێناندا بێنێتە ئاراوە**

**ڕێژەی ١٧٪ی پڕۆژەکانمان لەلایەن وەبەرهێنەرانی بیانییەوە وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێت**

**بۆ ئەوەی بە خێرایی پڕۆژەکان بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، حکومەتی کوردستان پرۆسەی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنانی جێبەجێ کرد**





تێدا دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ژینگەیە کابینەی نۆیەم بۆ وەبەرهێنانی فەراهەم کردووە، هەم ئاسانکاریی باش پێشکەش کراوە، بەتایبەتی کە وەبەرهێنەران دەتوانن بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی داواکانیان پێشکەش بکەن و لە ماوەیەکی کورتدا مۆڵەتپێدانیان تەواو بکرێت، هەمیش ئەو ژینگە ئارام و سەقامگیرەی لە کوردستاندا هەیە، سەرنجی وەبەرهێنەرانی بیانی ڕاکێشاوە. لەمانەش زیاتر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆریشی بە سیستمی بانکیی پێشکەوتوو داوە، بێگومان گرنگیدان بە سیستمی بانکی فاکتەرێکی گرنگە بۆ دڵنیایی وەبەرهێنەران، بۆیە لەم لایەنەشەوە سیستمی بانکی هۆکاری گرنگ بووە بۆ پەرەپێدانی کەرتی وەبەرهێنان.

بۆ ئەوەی بە خێرایی پرۆژەکان بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، حکومەتی کوردستان پرۆسەی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنانی جێبەجێ کرد، ئەمەش بووە هۆی باشتر ئەکتیڤبوونی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و خیرابوونی مۆڵەتەکان و زووتر دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکرێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بە زمانی داتا قسە بکەین، ئەوا لە ئێستادا توانراوە لەسەر ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا مولەت بە ٣٠٣ پرۆژە بە سەرمایەی ١٤,٥ ملیار دۆلار بدرێت، ئەم پرۆژانە ٢٠٠ هەزار هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین دەکات، ئەگەر ئەم ڕێژەیە دابەشی چوار ساڵی کابینەی نۆیەم بکەین، واتە ٧٥ پرۆژە لە ساڵێکدا مۆڵەتیان پێ داروە، کە پێش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم ئەم ڕێژەیە ٥٦ پرۆژە بووە لە ساڵێکدا، لە ئێستاشدا ١١٩٤ پرۆژەی دیکە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان دیراسەت دەکرێن، هێشتا مۆڵەتیان پێ نەدراوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە جێگەی بایەخی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی



کوردستان بووە، گۆڕانکاریی کەشوهەوا بووە لە جیهاندا، کە بەپێی داتا و ئاماری ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییەی کەشوهەوا، عێراق و هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دیاردەی وشکەساڵی و پیسبوونی ژینگە دەبنەوە، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە نەخوازراوانە، هەوڵی داوە سوود لە وزە نوێبووەکان (Renew-able Energy) وەربگرێت، ئەمەش بە کردنەوەی کێڵگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی وزە بە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر (solar system)، ئەم ئاراستەیە جگە لەوەی بە هاوڕێی ژینگە هەژمار دەکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمێنانی وزەیەکی زۆر و داهاتێکی زۆریشی بۆ کوردستان دەبێت.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵییش، حکومەتی هەرێم بەرنامەیەکی فراوانی هەیە بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و مامناوەندی و بچووك، ئەم بەرنامەیە دەست بە جێبەجێکردنی کراوە و چەندین بەنداوی گەورە تەواو بوون، ژمارەیەکی دیکەش لە قۆناغە جیاوازەکانی کارکردندان، هەروەها دەستی کردووە بە دروستکردنی چەندین پۆند و دەریاچەی دەستکرد بۆ گلدانەوەی ئاو، ئەم پرۆژانە جیا لەوەی هەرێمی کوردستان لە مەترسییەکی گەورەی وەك وشکەساڵی دوور دەخاتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی سێکتەری کشتوکاڵی و، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە فاکتەرێك بۆ زیادبوونی ناوچە گەشتیارییەکان، کە هەم دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمەچەشنی داهات، هەمیش زیادبوونی بەرهەمە کوشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

لەم گفتوگۆیەدا بە پێویستی دەزانم چەند پێشنیارێك بۆ زیاتر گەشەسەندنی ئابووری لە کوردستان بخەمە ڕوو:

١- زۆر گرنگە ڕێگەوبانەکانی کوردستان وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکرێت.



**لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا مۆڵەت بە ٣٠٣ پرۆژە بە سەرمایەی ١٤,٥ ملیار دۆلار دراوە، ئەم پرۆژانە ٢٠٠ هەزار هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین دەکات**

**بوونی ڕێگەو بانی باش بۆ هاتووچۆ لە نێوان شارەکانی هەرێمدا، جیا لەوەی هەموو کوردستان زیاتر پێکەوە گرێ دەداتەوە، لە هەمان کاتدا تەواوکارییەکی زۆر باشی ئابووری لە نێوان شارەکانیشدا دروست دەکات**

**بەداخەوە بەم دواییە گوێبیستی ئەوە بووین کە بەشێک لە وەبەرهێنەرانی کوردستان سەرمایەکانیان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەخەنە گەڕ، ئەمەش زیانێکی گەورە بە ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت**

بوونی ڕێگەو بانی باش بۆ هاتووچۆ لە نێوان شارەکانی هەرێمدا، جیا لەوەی هەموو کوردستان زیاتر پێکەوە گرێ دەداتەوە، لە هەمان کاتدا تەواوکارییەکی زۆر باشی ئابووری لە نێوان شارەکانیشدا دروست دەکات و دەکرێت سرووشتی شارەکانی کوردستان بۆ وەبەرهێنانی هەمەچەشن ڕیك بخرێنەوە، لەمەشدا ڕێگەوبانی باش فاکتەرێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی زیاتری کەرتی گەشتیاری و هاتنی زیاتری گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان، لەم ڕووەوە من وەك هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی ڕاشکاوانە دەڵێم: ڕێگەوبانەکانمان زۆر خراپ و مەترسیدارن و گرنگە ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان بکەن کە وەبەرهێنان لە ڕێگاوبانەکانیشدا بکەن و ڕێگەی های وەی دروست بکەن.

**٢- گرنگیی زیاتر بە کوالێتیی پڕۆژەکان بدرێت و چاودێریی بەردەوامیان لەسەر بێت.**

مەبەست لە جێبەجیکردنی پڕۆژە، تەنیا تەواوکردنی نییە بە هەر شێوازێك بێت، پڕۆژەکان پێویستە کوالێتیی بەرزیان هەبێت، لە دروستکردنیاندا دەبێت ئامێری مۆدێرن بەکار بهێنرێت، دەبێت بنەمایەکی دروستکردنی کێبڕکێ لەسەر کوالێتیی پڕۆژەکان دروست بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ململانێی بەرهەمهێنانیشمان، بەمەش ئابووریی کوردستان زیاتر پێش دەکەوێت و گەشە دەسێنێت.

**٣- زۆر گرنگە هەلی کاری زیاتر بۆ هاووڵاتیانی خۆمان دروست بکەین.**

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی بە ڕێگەی بڕیاری **٨٦٨٦**ی ساڵی **٢٠١٩** و بڕیاری **١٧٤**ی ساڵی **٢٠٢٢**، دوو هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە بۆ گەرەنتیی هەلی کار لە کەرتی تایبەتدا، یەکەمیان ئەوەیە کە بڕیاری **٨٦٨٦** دەستبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کارمەندان و کرێکارانی کەرتی تایبەت دابین دەکات، ئەمە جۆرێك لە دڵنیایی دەدات بەو کرێکار و کارمەندانەی لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، بەوەی ئەوانیش لە داهاتوودا خانەنشینییان دەبن، دووەمیشیان بڕیاری **٨٦٨٦** کە فەرزی دەکات لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە دەبێت ڕێژەی دەستی کاری ناوخۆیی لە **٧٥٪** کەمتر نەبێت، بەڵام پێشنیاری من لەسەر ئەم ڕێژەیە ئەوەیە کە هەوڵ بدەین ئەم ڕێژەیە بەرز بکرێتەوە بۆ ٩٠٪ بۆ دەستی کاری خۆماڵی، ئەو ١٠٪ەش کە دەمێنێتەوە بۆ ئەو کارمەندە بیانییەی کە دەهێنرێنە کوردستان بۆ کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ شیاندنی دەستی کاری خۆماڵی، بۆ ئەو کارانەی تایبەتمەندن و پڕۆژەکان پێویستیان پێیەتی، لەمەش گرنگتر ئەوەیە گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی پەیڕەوی ڕێژەی ٧٥٪ی دەستی کاری خۆماڵی کراوە، پێویستە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشێك لە پڕۆژەکان ڕێژەی دەستی کاری ناوخۆ زۆر لەو ڕێژەیە کەمترە و دەستەی وەبەرهێنیانیش بەشێکیان نییە بۆ بەدواداچوونی پڕۆژەکان، تا بزانن بە کردەیی پەیڕەوی ٧٥٪ی دەستی کاری خۆماڵی کراوە لە پڕۆژەکاندا، یان نا، بەم دواییە نووسراوێکمان لە دەستبەریی کۆمەڵایەتییەوە بۆ هاتووە، داوای ژمارەی تەلەفۆنی وەبەرهێنەرانمان لێ دەکەن، بۆ ئەوەی بە ڕێگەی تەلەفون زانیاری لەسەر ئەم پرسە لە وەبەرهێنان وەربگرن، کە بە دڵنیایی بەشێکی زۆریان زانیاریی ڕاستیان نادەنێ، بۆیە گرنگە دەستەی وەبەرهێنان بە ڕێگەی بەشی بەدواداچوون خۆی ئەو کارە بکات.

**٤- ڕێگرتن لە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی** کە ئێمە لە کوردستان گەیشتووین بە ئاستی خۆبژێوی و لێشمان زیادە، بۆیە ئەگەر ڕێگری لە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانە نەکرێت، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان دەبێت و بەرەو پووکانەوەیان دەبات، بەمەش زیانێکی گەورە بەر ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەکەوێت.

**٥- دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی** لە دەرەوەی شارەکان، گرنگە بۆ ئەم ناوچە پیشەسازییانە ڕێگەوبانی باش و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دابین بکرێت، دابینکردنی ڕێگەوبانی باش و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی ئەو ناوچە پیشەسازییانە زیاتر ببنە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار و بەرهەمی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان.

**٦- پێویستە هەندێك مەرجی پێویست لەسەر** وەبەرهێنەران دابنرێت کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە زەوییان بۆ تەرخان دەکرێت،




ئەمـەش وەك دابینکردنـی خزمەتگوزارییـەکان بـۆ پـڕۆژەکان و درووسـتکردنی ڕێگەیەکـی شایسـتە بـۆ ئـەوەی ئـەو پڕۆژەیـە بەڕێگـە سـەرەکییەکان ببەسـترێتەوە.

٧- زیاتـر بایـەخ بـە وەبەرهێنەرانـی کوردسـتان بدرێـت و هـان بدرێـن بـۆ ئـەوەی سـەرمایەکانیان لـە کوردسـتان وەگـەڕ بخـەن، بەداخـەوە بـەم دوایيـە گوێبیسـتی ئـەوە بوویـن کـە بەشـێك لـە وەبەرهێنەرانـی کوردسـتان سـەرمایەکانیان لـە شـارەکانی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق دەخەنـە گـەڕ، ئەمـەش زیانێکـی گـەورە بـە ژێرخانـی ئابووریـی کوردسـتان دەگەیەنێـت.

٨- پەلـە بکرێـت لـە دامەزراندنـی حکومەتـی ئابووریـی دیجیتاڵـی، ئەمـەش لەلایـەن کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هەنـگاوی بـۆ هەڵگیـراوە، بـەڵام ئەگـەر هەنـگاوەکان خێراتـر بکرێـت، بـە تەواوبوونـی ئـەم حکومەتـە دیجیتاڵییـە ئابووریـی کوردسـتان باشـتر دەبووژێتـەوە.

٩- گرنگیدانـی زیاترمـان پێویسـتە بـە جـەدوای ئابووریـی پـڕۆژەکان، زۆر گرنگـە جـەدوای ئابووریـی پـڕۆژەکان زۆر بـە شـێوازێکی زانسـتی دیراسـەت بکرێـت، نـەك تەنیـا وەك ڕۆتینێـك و مەرجێـك لـە نـاو پڕۆژەکانـدا هەبێـت.

١٠- هەمووومـان باسـمان لـە گرنگیـی فرەچەشـنکردنی سـەرچاوەکانی داهـات و بایەخـی ئـەم فرەچەشـنییە بـۆ گەشەسـەندنی ئابووریـی کوردسـتان کـرد، بـەڵام فاکتـەری گرنـگ بـۆ فرەچەشـنکردنی سـەرچاوەی داهـات، فرەچەشـنکردنی پڕۆژەکانـی وەبەرهێنانـە کـە ئەمـەش خزمەتێکـی گـەورەی فرەچەشـنی داهـات دەکات.



**حوسێن کوردنەژاد**

**ئەندامی ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان:**

# گرنگە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگەنە ئەو قەناعەتەی حوکمڕانی لە عێراقدا بە دەستی میلیشیایە و سیاسەتێکی هەڵەیە پشت لە حکومەتی خۆت بکەیت و ئومێد لەسەر میلیشیا هەڵبچنرێت

حوسێن کوردنەژاد، ئەندامی ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشە پێدانی کوردستانە و یەکێکە لە توێژەرە دیارەکانی کوردستان و پسپۆڕە لە سیاسەتی ئابووری و پەرەپێدان، لەم بوارەدا چەندین توێژینەوەی زانستی و مەیدانیی لە سیاسەتی ئابووریی کوردستان و نەخشەی گەشەپێدان و پەرەپێدانی کوردستاندا هەیە، هەروەها یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کە بەردەوام جیا لەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئامادەیی هەیە و قسە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا خۆیشی لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەیی و حوکمڕانییەکان بەردەوام کۆڕی هەیە و توێژینەوەکانی لەسەر پرسە هەستیارەکان لە کۆڕەکاندا پێشکەش دەکات، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پیشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.

پرسی هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری پرسێکی گرنگە و وەك واقیعیش هەستی پێ دەکرێت، بەڵام من لەو خاڵەوە دێمە ناو ئەو باسە کە لەسەر نەخشەی ئابووریی جیهان، عێراق وەك یەك یەکەی ئابووری سەیری دەکرێت و، لە ناو ئەو یەکە ئابوورییەدا چەندین بەشی جوگرافیای جیاواز هەیە کە بریتن لە «هەرێمی کوردستان، ناوەڕاست و باشووری عێراق»، بەپێی ئەزموونیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەم سێ بەشە لە پرۆسەی تەواوکاریی ئابووریدا هاوکاری یەکتری نەبوون و سەرکەوتنی بەشێکیان بە زیان بۆ بەشەکانی دیکە زانیوە، بەڵام ئەگەر لەبری ئەم بیرکردنەوەیە، سەرکەوتنی بەشێکیان بە سەرکەوتنی کۆی پرۆسەی ئابووریی عێراق بزانیایە، ئەوا ئێستا ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق لە شوێنێکی دیکە دەبوو.

ڕیشەی ئەم کێشەیە لەوەدایە لە هەردوو بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراق سیاسەتێکی بونیادنەرانەی ئابووری لە ئارادا نەبووە، هەر بۆیە هێزی خۆیان خستووەتە سەر ئەوەی چۆن دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن، ئێستا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق گەشەی ئابووریی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵك لە ئاستێکی باشدا نییە، بۆیە لێرەوە کاتێك دێنە سەر ئەوەی لەو ناوچانە چ سیاسەتێکی ئابووری پەیڕەو کراوە، ئەمە دەبێتە ناوەرۆکی ئەو پرسەی ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

کەواتە ئێمە پێویستمان بەوەیە دیراسەتی سیاسەتی ئابووریی هەر یەك لەم بەشانە بە جیا بکەین، کە پێی دەگوترێت (Regional Study)، گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین بزانین چ سیاسەتێکی ئابووری لە هەریەك لەو بەشانە پیادە دەکرێت؟ لە زانستی ئابووریدا ئەوە بناغەیە کە بپرسین: «چۆن بیر دەکەینەوە، نەك چی دەکەین»، بۆیە ئەو ئابوورییە خراپەی ئێستای عێراق هەیەتی، لە ئاکامی بیرکردنەوەی هەڵە هاتووەتە ئاراوە، لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ گفتوگۆکردنمان لەسەر ئەم پرسە گرنگە، ئەوەیە چۆن بتوانین توێژینەوە لەسەر لایەنی دیموگرافیی ئەو وڵاتە بکەین، توێژینەوەی دیموگرافی پێمان دەڵێت: «گرفتی ئەو وڵاتە بۆ ساڵانێك کامانەن، ئەو وڵاتە چی پێ دەکرێت و چی پێ ناکرێت و چی لەتوانایدایە».

ڕێکخراوی UNDP ساڵانێك توێژینەوەی لەسەر باری دیموگرافیی دەوڵەتی عێراق کردووە، ئێمەش لە ئەنیستیتۆی توێژینەوە و پەرەپێدانی کوردستان، توێژینەوەیەکی هاوشێوەمان کردووە، ئاکامی هەر دوو توێژینەوەکە ئەوەی بۆ دەرخستووین کە دەوڵەتی عێراق تا دوو دەیەی دیکە وڵاتی میلیشیاتی چەکداری دەبێت، ئەمەش واتە هەموو سەرچاوەکانی داهاتی ئەو وڵاتە لەژێر دەستی گرووپی میلیشیا جیاوازەکاندا دەبێت، گەورەترین هەلی کار بۆ گەنجان لەلای میلیشیاکان دابین دەکرێت، کە لە ناو گرووپەکانی خۆیاندا چەکداریان دەکەن، بۆیە کاتێك وڵاتێکی وەك عێراق لەلایەن میلیشیاوە بەڕێوە ببرێت، حەتمەن شەڕ بە هەموو جۆرەکانیەوە دژی هەرێمی کوردستان بەرپا دەکەن، ئەمەش دەرەنجامێکی لۆژیکییە، چونکە چاوەڕێی ڕەفتارێکی دیکە لە گرووپە میلیشیاکان ناکرێت.

کێشەیەکی دیکەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی عێراق، ئیشکالیەتی تێگەیشتنە لە سیستمی فیدراڵی، دەسەڵاتدارانی عێراق لە ڕوانگەی مەرکەزییەت و لامەرکەزییەتەوە سەیری سیستمی فیدراڵی دەکەن و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، سیستمی فیدراڵی زۆر جیاوازە لە سیستمی لامەرکەزی، سیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمای «دابەشکردنی دەسەڵاتەکان» بونیاد دەنرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێتە هەرێمەکان، دەسەڵاتێکن لە دەستووردا چەسپێندراون و دەستوور پارێزەری دەسەڵاتی هەرێمەکانە و دەسەڵاتی فیدراڵی ناتوانێت دەستتێوەردان لەو دەسەڵاتانەدا بکات، بەڵام هەرچی سیستمی لامەرکەزییەتە لەم سیستمەدا دەسەڵاتەکان هەمووی هی ناوەندە و ناوەند هەندێك لە دەسەڵاتەکانی شۆڕدەکاتەوە بۆ پارێزگاکان، هەر بۆیە تێکەڵاوکردنی ئەم دوو چەمکە، یان ئەم دوو سیستمە لە ناو ئەقڵییەتی میلیشاگەرای عێراقدا بەردەوام کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات، ئەمەش نەك تەنیا کێشەی ئابووری و بڕینی پشکی

**لە هەردوو بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراق سیاسەتێکی بونیادنەرانەی ئابووری لە ئارادا نەبووە، هەر بۆیە هێزی خۆیان خستووەتە سەر ئەوەی چۆن دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن**

**دەوڵەتی عێراق تا دوو دەیەی دیکە وڵاتی میلیشیاتی چەکداری دەبێت، ئەمەش واتە هەموو سەرچاوەکانی داهاتی ئەو وڵاتە لەژێر دەستی گرووپی میلیشیا جیاوازەکاندا دەبێت**

**دەسەڵاتدارانی عێراق لە ڕوانگەی مەرکەزییەت و لامەرکەزییەتەوە سەیری سیستمی فیدراڵی دەکەن و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن**

**دەبێت لەسەر ڕێچکەی ڕیفۆرم و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەردەوام بین و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی کۆمپانیای گەورەی حکوومی هەڵبگرین**



**لە ساڵی ٢٠١١ دەوڵەتانی ئەورووپا نزیکەی دوو ترلیۆن دۆلاریان لە کۆمپانیا حکوومییەکاندا وەگەڕ خست و توانییان شەش ملیۆن هەلی کار دابین بکەن**

**هەنگاوهەڵگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای حکوومی کاریگەریی زۆر باشی لە بووژانەوەی ئابووریدا دەبێت**

**بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆمان بەرز بکەینەوە، دەبێت لەسەر ئاستی هەرێم و حکومەتی لۆکاڵیی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ناو کۆمپانیادا کار بکەین**

**لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئاستی بەرهەمهێنانی چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لە بژێویی ناوخۆ زیاتر بێت و بەشێکی هەناردەی دەرەوە بکرێت**

هەرێم لە بودجەی عێراق، بەڵکو چەندین کێشە و گرفتی دیکە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە و ئێستاش ئەو کێشانە هەیە.

بۆیە زۆر گرنگە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیمان و بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینمانەوە، لەگەڵ عێراقدا کێشەمان هەیە و لە ناو قەیراندایین، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین عێراق خۆیشی لە ناو قەیرانێکی ئابووریی گەورەدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قەیرانی ئابووری لە ئێستادا دیاردەیەکی جیهانییە، تەنانەت دراوەکانی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و ژاپۆنیش بەرەو داکشانێکی گەورە دەچن، بۆیە لەم خوێندنەوە گشتگیرەدا گرنگە ئێمە ئەوەمان لە بەرچاو بێت، کە ئێمەش بەشێکین لەو قەیرانە ئابوورییە و دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و، ئەم قەیرانە گەورەیە لەوەدا بچووک نەکەینەوە، ئەگەر بەغدا پارەی نارد ئیدی هەموو کێشەکانمان چارەسەر دەبێت، بەڵکو دەبێت لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکەین کە بۆ ماوەی دوو دەیەی دیکەش عێراق کێشەی زۆر گەورەی ئابووری دەبێت، هونەری دارشتنی سیاسەتی دروستیش ئەوەیە چۆن بتوانین سیاسەتێکی ئابووریی لۆکاڵی وا بەهێز دابڕێژین، کە بتوانین ئەو ئامانجە بپێکین کە ئێستا لە پێناویدا کاری بۆ دەکەین، ئەو ئامانجەش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری بمێنێت و بەردەوام بێت.

بۆ سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگە دەستبەرداری ئەو سیاسەتە ئابوورییە کۆنە ببین کە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا ئەمریکا هێناویەتی، دەبێت لەسەر ڕێچکەی ڕیفۆرم و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەردەوام بین و هەنگاو بەرەو دامەزراندنی کۆمپانیای گەورەی حکوومی هەڵبگرین، بۆ ئەوەی ئەم کۆمپانیا گەورە حکوومییە ببێتە بەردەباز و لە دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستاندا چالاکیی بازاڕ و کۆمپانیا بچووکەکان ببووژێنێتەوە و بەرهەمیان باشتر بێت.

لە ساڵی ٢٠١١ دەوڵەتانی ئەورووپا نزیکەی دوو ترلیۆن دۆلاریان لە کۆمپانیا حکوومییەکاندا وەگەڕ خست و توانییان شەش ملیۆن هەلی کار دابین بکەن، ئەم پرۆسەیە بەرەوپێش چوو، لە ساڵی ٢٠١٣ گەیشتە ئەوەی ١٠٪ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کۆمپانیای حکوومی بن، ئەگەر ئەو کۆمپانیایانەش حیساب بکەین، کە هاوبەشن لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا، ئەوا ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٠٪ی کۆی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وای دەبینم هەنگاوهەڵگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای حکوومی کاریگەریی زۆر باشی لە بووژانەوەی ئابووریدا دەبێت لە هەموو سێکتەرەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵی، گەشتیاری...هتد.

هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت ئامادەکاری بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێك، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت ڤیژنێکمان هەبێت، لە چوارچێوەی ئەو ڤیژنە پێشتر ستراتیژیەتێك دابنێین بۆ ئەو ئامانجەی کە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین، بۆیە ئەگەر ئێمە ستراتیژیەتمان هەبوو، ئەوا ئیدی ئێمە هەنگاو هەڵدەگرین بۆ پرۆسەی پلاندانان، دابەشکردنی ئەرکەکان، ئەمەش واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لەم پلانەدا ئەرکی چی بێت و حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەرکیان چی بێت. ئەم ئاراستەیە وا دەکات، ئێمە دەبینە خاوەنی سیستمێکی بەهێز بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ئەم سیستمە بەهێزەش پێویستە توانای ململانێ و کێبڕکێ فەراهەم بکات بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەردەوام لە زیادبووندا بێت.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆمان بەرز بکەینەوە، دەبێت لەسەر ئاستی هەرێم و حکومەتی لۆکاڵیی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ناو کۆمپانیادا کار بکەین، کە لەسەر ئەم ئاستە چووینە ناو کۆمپانیا، دەکەوینە سەر ئەوەی لەسەر داتای کۆنکرێتی کار بکەین، ئەمە واتە دەکەوینە سەر ئەزموون و پیادەکردنی سیاسەتێکی پشتبەستوو بە داتا، کە کەوتینە سەر ئەم ئاراستەی کارکردنە، دەبینین بە دەیان هەزار پرۆژەی بچووك بچووك دێتە بەردەستمان بۆ ئەوەی دەست بکەین بە جێبەجێکردنیان، بۆیە ئەم ئاراستەیە ئێستا لە جیهاندا زۆر باوە و لە ڤیژن و ستراتیژەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکان



هەڵدەگیرێت و کەس باسی سیاسەتی ئابووری ناکات.

لەسەر ئاراستەی ئەم ڤیژنە ئەگەر ئاوڕێك لە ٢٠ساڵی ڕابردووی خۆمان بدەینەوە، دەبینین ئێمە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا خەڵکمان فێری ئەوە کردووە، کە چاوەڕێی ئەو داهاتە بکات کە لە بەغداوە بێتە کوردستان، یان چاوەڕێی هاتنی داهاتی نەوتمان کردووە، ئەم سیاسەتە هەڵەیە دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێستا ئێمە دەبێت ئەوەمان قبووڵ بێت، کە لە ناو قەیرانێکی ئابووریداین، بۆیە تا لە چوارچێوەی ڤیژنێکی دروستدا ستراتیژیەتی ڕاست بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە دانەڕێژین و پلانی تۆکمەمان نەبێت، ئەم قەیرانە بە ئاسانی چارەسەر نابێت.

بۆیە لێرەوە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە دەبێت بەو جۆرە سەیری قەیرانی ئێستای ئابووری بکەین، کە ئەم قەیرانە قەیرانێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق نییە و قەیرانەکە جیهانییە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانەش هەم ئەزموونی تیۆری و زانستیمان هەیە، هەمیش ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە بە سەرکەوتوویی ڕووبەڕووی قەیرانە ئابوورییەکان بوونەوە. یەکێك لەو چارەسەرانە کە پەنایان بۆ بردووە، ئەوەیە کە پەنا بۆ فەزای گشتی ببەیت، لەو فەزایەدا دیالۆگ لەگەڵ خەڵکی خۆت بکەیت و قەیرانەکەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، پاشان باس لەوە بکرێت، چۆن ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت و دەبێت ئێمە چی بکەین، ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی تۆڕێکی هاوکاری لە نێوان خەڵك و حکومەت دروست دەکات.

گرنگە دووبارە خوێندنەوەی تازە بۆ سەرچاوەکانی ئابووری بکەین، بزانین هەر یەك



لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان سەرچاوەکانی داهاتیان چین و چۆن دەتوانین وەبەرهێنانی تێدا بکەین، ئابووریی ئەو ناوچانە لەسەر ئاستی لۆکاڵ بەهێز بکەین.

لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوودا ئاستی بەرهەمهێنانی چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لە بژێویی ناوخۆ زیاتر بێت و بەشێکی هەناردەی دەرەوە بکرێت، گرنگە بۆ هەناردەکردنە دەرەوەی ئەو بەرهەمانە کۆمپانیای حکوومی هەبێت و ئەو بەرهەمانە وەربگرێت و حکومەت ئەو کارە بکات، هەروەها زیاتر پشتگیریی جووتیارانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ هاوشانی کەرتەکانی دیکە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا، لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوانەدا کە حکومەت دەتوانێت بە هاوکاری لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، دەتوانرێت بەرنامە و پلان لە چوارچێوەی پلانی شەش مانگی، یان پلانی ساڵانە دابنرێت و، کارکردن لەسەر ئەو پلانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو پلانە بەهێزتر دەکات.

بۆیە گرنگە بە واقیعبینی هەنگاو بۆ کێشە و قەیرانەکانمان هەڵبگرین و، بگەینە ئەو قەناعەتە کە چارەسەری سیحری بۆ کێشەکان بەوجۆرە نییە کە بڵێین لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو کێشەکانمان چارەسەر دەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا جیهان لەناو قەیرانێکی ئابووریدایە، ئابووریی هەموو دەوڵەتان لە داکشاندایە، بۆیە گرنگە خەڵکی خۆمان لەو ڕاستییە تێبگەیەنین کە ئێستا ساڵی ٢٠١١ نییە، ئێستا لە قەیراندا دەژین و دەبێت لەسەر




هەمــوو ئاســت و ســێکتەرەکان پــلان و بەرنامەمــان هەبێــت.

لایەنێکــی هەوڵــەکان بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم قەیرانــە هەوڵەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانە کــە لــە هەوڵــی ئەوەدایــە بــە ڕێگــەی گفتوگــۆ ئــەم کێشــانە لەگــەڵ ئەقڵــە ســەلیمەکانی نــاو پرۆســەی سیاســیی عێراقــدا چارەســەر بــکات، بەتایبەتــی ئــەو ئەقڵــە ســەلیمانەی کــە ئێســتا لــە نــاو حکومەتــی عێراقــدا هەیــە، بــە ڕای مــن ئــەم هەوڵانــەی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ دووبــارە بەدەســتهێنانەوەی مافــە دەســتوورییەکانی هەرێمــی کوردســتان و بودجــە و مووچــەی خەڵکــی کوردســتان هەنــگاوی دروســتن و، زۆر گرنگیشــە لەســەر ئــەم هەوڵانــە بــەردەوام بێــت، بــۆ ئــەوەی بەشــێك لــە کێشــەکان بــە دیالــۆگ چارەســەر بکرێــت، ئــەو لایەنــەی کــە دەمەوێــت جەختــی لەســەر بکەمــەوە، ئەوەیــە کــە زۆر گرنگــە ئێمــە خوێندنەوەیەکــی گشــتگیر و زانســتیمان بــۆ عێراق هەبێت و وەك خۆی عێراق پێناسە بکەیــن، بــە تێروانینــی مــن ئــەم خوێندنــەوە گشــتگیرە زانســتییە ئێســتا لــە کوردســتاندا غیابــی هەیــە، هــەر بۆیــە حزبــە سیاســییەکانی کوردســتانیش سیاســەتی جیــاواز بەرانبــەر حکومەتــی عێــراق پیــادە دەکــەن، خاڵــی گرنــگ ئەوەیــە هەمــوو لایەنــە سیاسییەکان بگەنــە ئــەو قەناعەتــەی کــە حوکمڕانــی لــە عێراقــدا بــە دەســتی میلیشــیاکانە، کــەی گەیشــتە ئــەو قەناعەتــە، ئــەو کات تێدەگــەن کــە چ سیاســەتێکی هەڵەیــان کــردووە کــە پشــتیان لــە حکومەتــی خۆیــان کــردووە، کاتێــك چــووە بــۆ دادگای فیدراڵــی و چاوەڕێــی ئــەوە بــووە ئــەو دەســەڵاتە میلیشــیاییە کێشــەکانی بــۆ چارەســەر بــکات.






## شڤان حەمدی

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:


# کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنە عێراقییانە ئەوەیە کە لە ڕێگەی تەفسیری جیاوازیان بۆ بڕگە و ماددەکانی دەستوور شەڕ بە هەرێمی کوردستان دەفرۆشن، ئەمەش نەک تەنیا شەڕی ئابووری، بەڵکو هەموو جۆرەکانی شەڕە

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، یاساناسە و ڕۆژنامەنووسێکی بە سەلیقە و کارامەیە، بە وردی بەدواداچوون بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرسی خواست و داواکارییەکانی خەڵك دەکات و، دەستپێکی کردنەوەی گرێیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بە گوێگرتن لە ڕای خەڵك سەیر دەکات، هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی لە کارە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت و، هەر لەم ئاراستەیەشەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان هەڵدەگرێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) لە ڕوانگەیەکی یاسایی و دەستوورییەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لەوانەیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونە زۆر کۆك نەبم کە دەڵێن: «هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی کە ناوی عێراقە»، من ئەوە بە ڕاستتر دەزانم کە بڵێن: «هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە هەموو عێراقییەکان دەنگیان لەسەر داوە، بووەتە هەرێمێك لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی کە عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە کردووە و، پێش نووسینەوەی ئەو دەستوورە هەرێمی کوردستان بەشێك نەبووە لەو دەوڵەتەی کە دیکتاتۆرییەتی بەعس و سەدام حوکمڕانی بووە و هەرێمێکی دیفاکتۆی نیمچە سەربەخۆ بووە و، هەر ئەم ئەمری واقیعەی کوردستانیش ئەوەی فەرز کرد، کە لە دیباجەی دەستوورەکەدا بنووسرێت، «یەکێتیی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکان زامنی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە».

لەم ڕوانگەیەوە پێداگریی ئێمە وەك گەلی کوردستان لەسەر جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە وەك خۆی بە هەموو بەندەکانیەوە، کە هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵگیراوە، کە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن، ئاراستەیەکی دروستە و جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئەم ئاراستەیە بۆ جێیەجێکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووردا لە قەناعەتی هەردوولادا چەسپیوە و کاری پێ دەکرێت؟ لە وەڵامی ئەم

پرسیارەدا بە ڕاشکاوی دەڵێم: بەڵێ، بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو قەناعەتە لای هەردوولا دروست بووە، کە تەنیا چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەیە، لەلایەکی دیکە دیسان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو قەناعەتە لای بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە دروست نەبووە، کە ئەم دەستوورە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام دیسان ئەوانیش لە ئاستی جێبەجێنەکردنی ئەم دەستوورەدا هەڵوێستیان لاوازە و ناتوانن بە ئاشکرا وا بڵێن، بۆیە بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی دەستوورەکە بەو شێوەیە تەفسیر دەکەن کە ناوەرۆکی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا بەتاڵ بکاتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانەیە کە لە ڕێگەی تەفسیری جیاوازیان بۆ بڕگە و ماددەکانی دەستوور، شەڕ بە هەرێمی کوردستان دەفرۆشن، ئەمەش نەك تەنیا شەڕی ئابووری، بەڵکو هەموو جۆرە شەڕێکە بە شەڕی سەربازی و سیاسی و دیپلۆماتییەوە.

گفتوگۆی ئەم جارەمان لەسەر (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری)یە، ئەو شەڕە ئابوورییەی کە بە پلەی یەکەم پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرپای کردووە، بۆیە منیش قسەکانی خۆم لەسەر ئەم لایەنە چڕ دەکەمەوە.

خۆشبەختانە یەکێك لە بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە ئەندامی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ دانوستاندن لەسەر کێشەی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق، ئەوەی لە میانەی ئەو دەیان سەردانەی شاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە سەردانی ئەو شاندەشی کە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان چوون، ئەوەیە کە لە بەندێکی یاسای بودجەی عێراقیدا کە بۆ هەر سێ ساڵی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤،٢٠٢٥) پەسەند کراوە، خەرجیی ئینفاقی فیعلییە، ئەمەش بەو مانایەی پشکی هەرێمی کوردستانیش هەر دەبێت لە چوارچێوەی ئەو مەبلەغەدا خەرج بکرێت کە بە کردەیی خەرج کراوە، نەك لە چوارچێوەی کۆی بودجەکە خەرج بکرێت، ئەمە بۆچی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان بووەتە کێشە و بۆ پارێزگاکانی دیکە نەبووە بە کێشە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتی عێراقدا تەنیا یەك هەرێم هەیە ئەویش هەرێمی کوردستانە و تەنیا ئەم هەرێمەش پشکی لە یاسای بودجەدا بۆ دیاری دەکرێت و تەنیا هەر ئەم هەرێمەش ئەو دەسەڵاتەی هەیە لەبەر ڕۆشنایی بودجەی عێراق، یاسای بودجەی خۆی دیاری بکات، پارێزگاکان تەنیا بودجەی وەبەرهێنانیان هەیە، بۆیە کاتێك بودجەی وەبەرهێنان خەرج نەکرێت و، بودجەی وەبەرهێنانیش لە مووچەی فەرمانبەران زیاتر بێت، ئەوا ئەو پشکەی لە ئینفاقی فیعلی بۆ هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت، زۆر لە ٥٠٪ کەمتر دەردەچێت.

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین، ئەوانەی دەیانەوێت شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، دەیانەوێت لە خودی یاسای بودجەدا ئەم شەڕە بکەن، ئەم شەڕەش پێویستی بەوەیە کە بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێت، بۆیە وەك لە سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بینیمان، ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی کاتی بەو جۆرە چارەسەر کراوە کە بۆ سێ مانگ، هەر مانگێك ٧٠٠ ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بە قەرز بنێردرێت، بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ٢٠٢٤ ئەو ماددەیەی بودجە هەموار بکرێتەوە.

ئەم خوێندنەوەیە بەم ئاراستەیە مانای ئەوە نییە کە لە دوای دوو سێ مانگی دیکە ئەم کێشەیە بە تەواوەتی چارەسەر دەبێت و ئیدی کێشە داراییەکانمان لەگەڵ ناوەند کۆتایی پێ دێت، بەڵکو تەنانەت ئەگەر ئەم ماددەی ئینفاقی فیعلییەش هەموار بکرێتەوە، ئەوا ماددەیەکی دیکە هەر دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی شەڕ بە کوردستان بفرۆشنەوە، بۆیە جێگەی دەستخۆشییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بیانووەکانی پەرلەمان و حکومەتی عێراق ببڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی گومانمان لەوە نییە، ئەم شەڕە هەر بەردەوامی دەبێت، ئەوا پێویستمان بەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ بیر لە میکانیزمی تازە بکەینەوە بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریمان، بۆ ئەمەش جیا لەو پرۆژە گرنگانەی لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانەوە بۆ هەموو سێکتەرە جیاوازەکان دەستی پێ کردووە، زۆر گرنگە بایەخێکی تەواو بە سیستمێکی بانکیی هاوچەرخ بدرێت و حکومەتێکی دیجیتاڵی ئابووریمان هەبێت، کە بەشێکی زۆر لە کێشە داراییەکانمان چارەسەر دەکات، بە کێشەی نەختینەشەوە.

**شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو قەناعەتە لای هەردوولا دروست بووە، کە تەنیا چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەیە**

**ئەوانەی دەیانەوێت شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، دەیانەوێت لە خودی یاسای بودجەدا ئەم شەڕە بکەن، ئەم شەڕەش پێویستی بەوەیە کە بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکرێت**

**ئەگەر ئەم ماددەی ئینفاقی فیعلییەش هەموار بکرێتەوە، ئەوا ماددەیەکی دیکە هەر دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی شەڕ بە کوردستان بفرۆشنەوە**

**زۆر گرنگە بایەخێکی تەواو بە سیستمێکی بانکیی هاوچەرخ بدرێت و حکومەتێکی دیجیتاڵی ئابووریمان هەبێت، کە بەشێکی زۆر لە کێشە داراییەکانمان چارەسەر دەکات، بە کێشەی نەختینەشەوە**





**پ.د.نەزاکەت حسێن**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێم شەڕێکی قووڵی مەترسیداری سڕینەوەی ئینتیما و ناسنامەیە

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستای ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی و، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردنی مافی ڕۆژنامەنووسانە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خستە ڕوو.**

سەربەخۆیی ئابووریی هەر وڵاتێك و لەسەرپێی خۆی ڕاوەستانی، دەروازەیەکە بۆ گەشەکردنی ئەو وڵاتە و بنەمایەکیشە بۆ سەربەخۆیی زیاتر کە گرنگترینیان سەربەخۆیی سیاسییە. هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەی حوکمڕانیدا ڕووبەڕووی قەیران و جەنگی جۆراوجۆر بووەتەوە، کە یەکێك لەو شەڕانەی پێی دەفرۆشن و قەیران لە دوای قەیرانی بۆ دروست دەکەن، شەڕی ئابوورییە، ئەمەش هیچ پاساوێکی نییە، نە مەسەلەکە باسی شەفافییەتە، نە باسی نەزاهەت و زانینی داهات و خەرجییە، بەڵکو چاوپیاهەڵنەهاتنی ئەو گەشەسەندن و چاکسازی و دروستکردنی ژێرخانی ئابووری و پڕۆژەیانەیە کە لە دوای یەکە بناغەییەکان، هەرێم دەستی پێ کردووە و لە ساڵانی ڕابردووی حوکمڕانیدا بونیادی ناوە.

حوکمڕانانی بەغدا جگە لەوەی دەیانەوێت بەم شەڕە ئابوورییە هەرێم لەو گەشەسەندنانە بوەستێنن، لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێت متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە حکومەتەکەی

خۆیان نەهێڵن و شوێنی دیکە بە فریادڕەس بزانن. بۆیە جگە لە برسیکردن و هەموو ئەو ئاسەوارە نەرێنییانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بازاڕەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیان دروست کردووە، دڵەڕاوکێ و نائومێدی و نائارامیی دەروونیی بۆ تاك دروست دەکەن، هەر لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە تا دەرکردنی بڕیاری یەك لە دوای یەك بۆ دروستکردنی قەیرانی ئابووری و نەهێشتنی فرۆشتنی نەوت و پابەندنەبوون بە ڕێککەوتنە یەك لە دوای یەکەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمانە ڕاستیی ئەم شەڕە ئابوورییەمان بۆ دەردەخەن، ئەمەش تەنیا لەلایەن یەك لایەنەوە دەرکی پێ ناکرێت، بەڵکو زۆر جار بۆنی گەلەکۆمەکێ و کاری ڕێکخراو دەکەین، کە زۆر بەرە و گرووپ و حزبی دیکەشی خستووەتە یەك سەبەتەوە و دواجار هەموویان ئامانجیان دەچێتەوە سەر شەڕە ئابوورییەکە لە دژی هەرێم. ڕاگەیاندنی کوردییش لەم بابەتەدا بە دوو جۆر ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕێت، هەرچی ئەو ڕاگەیاندنانەیە کەدژی ئەم شەڕەن، کە بەرانبەر ئەم هەرێمە دەکرێت، نەیانتوانیوە بە وردی و دیققەتەوە ئامانجی ئەم شەڕە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ڕوون بکەنەوە و ڕاستییەکانیان بە جوانی بۆ ڕوون بکەنەوە و، ئۆباڵی ئەم قەیرانە کە بۆ هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە دروست کراوە، ئەنجامدەرە ڕاستەقینەکەی و ئامانجەکانیان بە خەڵك بناسێنن. لە ڕووەکەی دیکەشەوە ئەو ڕاگەیاندنە کوردییانەن کە بەمەبەست بێت، یان بێ ئاگا، چوونەتە بەرەی شەڕەکەوە، ئەوانیش دەیانەوێت پاساو بۆ بەغدا بهێننەوە و حکومەتی هەرێم تاوانبار دەکەن، کە بێگومان بەشێك لەم ڕاگەیاندنانە ئەجێندای سیاسییان هەیە و دەیانەوێت ئەمە بکەنە دەستکەوتی هەڵبژاردن و چەواشەکردنی ئەندامان و جەماوەریان و، بازاڕی خۆیانی پێ گەرم بکەن و، نارەزایەتی خەڵك بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی حزبی، یان کەسیی خۆیان. بەشەکەی دیکەش ڕاگەیاندنێکن کە ئەجێندای دەرەکی و پارەدارکردنیان نادیارە و دەرەکییە و ئاراستەی دەرەکی و ناحەزەکانی هەرێمیان هەیە.

چی بکرێت وەك پێشنیار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم شەڕە وئەم قەیرانە؟ باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ڕاگەیاندن دەبێت ڕۆڵی ڕوونکردنەوە و گەڕاندنەوەی متمانەی هاووڵاتی بۆ حکومەتی هەرێم و ڕاستییەکانی ئەم شەڕە ئابووریە بۆ خەڵك بخاتە ڕوو، بەردەوام لایەنە پەیوەندیدارەکان بدوێنێت، خەڵکی پسپۆڕی بواری ئابووری بدوێنێت، چونکە باسی ئابووری و هاوکێشەکانی ئاسان نییە و دەبێ هەموو کەس بەتایبەتی هاووڵاتی سادە تێبگات، بۆیە دەبێت شیکاریی ورد بە داتاوە بۆ ئەم بابەت بخرێتە ڕوو، دەبێت هاووڵاتیانی هەرێم لەو خەوە بێدار بکرێنەوە کە جگە لە حکومەتی هەرێم کە دڵسۆزیانە و دەتوانێت پشتیوانیان بێت، هیچ شوێنێك فریادڕەسیان نابێت و، ئەو ئایدیایەی بۆ هاووڵاتی ئەم هەرێمە دروست کراوە، کە چارەنوسی ئابووری و قووت و مووچە لە دەستی حکومەتی هەرێم نەمێنێت و بخرێتەوە سەر بەغدا خۆشگوزەرانی ڕووت تێ دەکات، هەڵەیەکی گەورەیە. ئەم وریاکردنەوەی هاووڵاتیانە دەبێت کاری لەپێشینە و ئەرکی هەنووکەیی ڕاگەیاندنی کوردی بێت و بکرێت بە ڕێنمایی، یان بکرێتە ئەرکیش لەم کاتەدا بۆ ڕاگەیاندن لەم هەرێمە. چارەسەری دیکە ئەوەیە جگە لە سەرچاوەی نەوت و وزە، سەرچاوەی داهاتی دیکە و وەبەرهێنانی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، هەروەك دەبینین، هەندێك سێکتەری دیکەی وەك کشتوکاڵ و گەشتیاری لەم ساڵانەی ڕابردوودا زیندوو کراونەتەوە، بەڵام زیاتری پێویستە، جگە لە وەبەرهێنانی حکوومی دەبێت کار بۆ وەبەرهینانی تاکیش بکرێت، بەوەی هاوکاریی جووتیار و باخەوان و ئەوکەسانە بکرێت کە لە ناوچە گەشتیارییەکان دەژین، تاوەکو هاندەر بێت، بۆ ئەوەی پڕۆژەی کەسی هەبێت. لە کۆی گشتیدا ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی داهاتی گشتی، واتە دەبێت کار لەسەر بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتی و حکومەت بکرێت و پێکەوە بخرێنەگەڕ بۆ زیادکردنی پڕۆژەی وەبەرهێنانی زیاتر، ئەمەش وا دەکات، چیتر چاو لەدەستی بەغدا و داهاتی سەرچاوەی وزە و سووتەمەنی نەبین بە تەنیا.

**هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەی حوکمڕانیدا ڕووبەڕووی قەیران و جەنگی جۆراوجۆر بووەتەوە، کە یەکێك لەو شەڕانەی پێی دەفرۆشن و قەیران لە دوای قەیرانی بۆ دروست دەکەن، شەڕی ئابوورییە**

**حوکمڕانانی بەغدا جگە لەوەی دەیانەوێت بەم شەڕە ئابوورییە هەرێم لەو گەشەسەندنانە بوەستێنن، لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێت متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە حکومەتەکەی خۆیان نەهێڵن و شوێنی دیکە بە فریادڕەس بزانن**

**زۆر جار بۆنی گەلەکۆمەکێ و کاری ڕێکخراو دەکەین، کە زۆر بەرە و گرووپ و حزبی دیکەشی خستووەتە یەك سەبەتەوە و دواجار هەموویان ئامانجیان دەچێتەوە سەر شەڕە ئابوورییەکە لە دژی هەرێم**

**دەبێت هاووڵاتیانی هەرێم لەو خەوە بێدار بکرێنەوە کە جگە لە حکومەتی هەرێم کە دڵسۆزیانە و دەتوانێت پشتیوانیان بێت، هیچ شوێنێک فریادڕەسیان نابێت**





**د.جەلال ئەحمەد عەبدوڵڵا**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# شەڕی ئابووریی بەغدا دژی هەرێم لە بنچینەدا شەڕێکی سیاسییە و ئامانج لێی لاوازکردن و تێکدانی سەقامگیرییە سیاسییەکەیەتی

**د.جەلال ئەحمەد عەبدوڵڵا، ئەندامی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە زانکۆی سەڵاحەدین، لە گفتوگۆ ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابوری) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لە شەڕی ئابووریدا وەك ناکۆکیی نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر، ئابووری ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانج و ستراتیژێکی سیاسی و سەربازیی دوورمەودا، لەم شەڕەدا لایەنی بەرانبەر تا ئاستێك وەك دوژمن سەیر دەکرێت و ئامانج زاڵبوونە بەسەریدا لە ڕێی سەپاندنی ئاڵبووقە، سزا و سیخوڕێکردن و ڕاگەیاندنی شەڕی بازرگانی بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لە ڕێگەی سەپاندنی ئابڵوقەوە ڕێگری دەکرێت لەوەی دەوڵەتێك مامەڵە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا هەبێت، هەرچەندە دەتوانین لەو شەڕەی بەغدا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، نموونە بە نەناردنی شایستە داراییەکان و دواجار ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا لە لایەن بەغداوە وەك جۆرێك لە ئابڵوقە و سزادان بهێنینەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و هەڵوەستەیە ئەوەیە کە هەرێم بەشێکە لە عێراق و دەستووری وڵاتەکە دانی پێدا ناوە، واتا ئەوەی عێراق و بەناو سیاسی و کاربەدەستەکانی دەیکەن بەرانبەر بە هەرێم، شەڕکردنی ئابووری نییە لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا، بەڵکو پیادەکردنی سیاسەتێکی شۆڤێنییانە و درێژەدانە بە سیاسەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا بەرانبەر بە کوردستانییان و جۆرێکیتر لە پاکتاوکردنی نەژادییە لە ڕێی سۆفتپاوەرەوە، دژ بە بەشێك لە هاووڵاتیانی خۆی، بەو واتایەش عێراق کە پێشتر لە بەکارهێنانی تۆپ و تەیارە و چەکی کیمیایی و ئەنفالکردن دژ بە کوردستانیان درێخی نەکردووە، لە ئێستادا دەستی داوەتە لاوازکردنی بونیادی ئابووریی هەرێم بۆ درێژەدان بەو سیاسەتە.

ئەوان کە دوای نزیکەی ٢٠ساڵ بەو هەموو توانا داراییە زۆرەی لە بەر دەستیان بووە، لەبەر بەهەدەردانی سامانی وڵات و گەندەڵی نەیانتوانیوە پەرە بە کەرتی خزمەتگوزاری و ئاسایش و کشتوکاڵ و ئاوەدانی و گەشتیاری و دروستکردنی بنەماکانی

یەکترقبوولکردن بدەن، چۆن چاویان بە هەرێمێك هەڵدێت، کە هاووڵاتیانی خۆیان بە نموونە بۆیان بهێننەوە و ڕەخنەیان لێ ٠ لەوەی کە بۆ ئێوەش وەك هەرێمی کوردستان نەتانتوانیوە ئاو و کارەبا و پاکوخاوێنی و ئاسایش بۆ هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور دابین بکەن؟ بۆیە ئەوان شەڕ بە هەرێم دەفرۆشن و نایانەوێت شوێنێك بمێنێت بە ناوی بەشە ئەورووپییەکەی عێراق.

میکانیزمێکی دیکەی بەغدا لە شەڕە ئابوورییەکەیدا بەرانبەر بە هەرێم، دروستکردنی پەیوەندیی ژێربەژێرە لەگەڵ هەندێك حزبی کوردیدا، بە ئامانجی گەورەکردنی قەبارەی ململانێکان و تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی هەرێم، لێرەشدا هەندێك لە هێزە باڵادەستەکانی بەغدا و ئەوانەی لێیانەوە نزیکن، هەوڵیان داوە، هاووڵاتی و هەندێك لە حزبەکانی هەرێم بەکار بهێنن بۆ جێبەجێکردنی مەرامە سیاسییە نایاساییی و نادەستوورییەکانیان. نکۆڵی ناکرێت لەوەی ئەم ڕەوشە جۆرێك دابەشبوونی سیاسی هێناوەتە کایەوە و حزبەکانی هەرێمیشی بەسەر بەرەی جیاوازدا دابەش کردووە و، دۆخێکی سازاندووە، کە تا ئێستاش بەشێك لە هاووڵاتی و مووچەخۆرانی هەرێم پێیان وابێت، سیاسەتی ئابووریی هەرێم هۆکاری ئەم ڕەوشە نالەبارەیە کە تێی کەوتوون. خۆپیشاندان و بایکۆتەکان باشترین نموونەن، کە تیایاندا دەر کەوت، سەری مارەکە بەغدا و ئەو هێزانەن کە هیوا لەسەر بەغدا هەڵدەچنن و بە فریادڕەسی ئەم ڕەوشەی دەزانن، بەڵام دیسکۆرسەکە ڕوو لە حکومەتی هەرێمە و باجی دواکەوتنی دەوام و دابڕانی منداڵانیش لە خوێندن بە زیانی خەڵکی هەرێم و بنیادە مرۆییەکەی تەواو دەبن، دیارە بۆ بەغدا گرنگە کە بتوانێت دۆخێك ساز بکات، بەشێك لە هاووڵاتیان متمانەیان بە کیانەکەیان لاواز ببێت و دژی بوەستنەوە، لە کاتێکدا بە سەدان قوربانییان لە پێناویدا داوە، ئاشکرایە کە ئەمە لە لایەکەوە لێکەوتەی جۆرێك لە بە پۆپۆلیزمکردنی شەقامە لە لایەن هەندێ لە حزبەکانەوە وەك بانگەشەیەك بۆ هەڵبژاردن و گەیشتن بە دەسەڵات، لە لایەکیترەوە بەرهەمی ئەو چەواشەکارییانەن کە وەزارەتە داراییەکەی بەغدا بڵاویان دەکاتەوە و، هەر جارە و بیانوویەك بە هەرێمی کوردستان دەگرن، وەك بڵێی تەنیا لە هەرێم کەس بە کەس نییە و بەغدا شامی شەریفە و گورگ و مەڕ بە یەکەوە ئاو دەخۆنەوە! دەیانەوێ سەرنج و ستراتیژی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و هەرێم لە پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بگوازنەوە سەر کۆمەڵە شتێکی کاتی و، هەرێم و خەڵکەکەی بە هات و نەهاتی مووچەوە سەرقاڵ بکەن، لەمەشدا ڕەوشی سیاسیی ناوچەکە و جیهان و نادیاریی ئەجێندای وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە ناوچەکەدا تا ڕاددەیەك هاوکار و ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەغدا. دواهەمین پلانی بەغدا لەو شەڕەیدا ئەوەیە ئەو ماڵ و مافەی هەرێم کە لای ئەوە بە قەرز دەیدات، تا هەرێم بخاتە دۆخی قەرزداری و کەڵەبوونی قەرزەوە، بە ئامانجی وابەستەکردنی ئابووریی هەرێم بە ئابووریی خۆیەوە و بەر بەو پێشکەوتنانە بگرێت، کە لە هەرێمدا بەدی هاتوون و نەبنە سەنگی مەحەك بۆ تانەدان لە بێباکیی ئەوان لە ئاست هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور.

دوای هەموو ئەمانە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەرێم بە هەر ئەندازەیەك بێت، توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ و ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان ببێتەوە، دەشزانێت ئەو شەڕە ئابوورییەی بەغدا پێی دەفرۆشێت، لە بنچینەدا شەڕیکی سیاسییە و ئامانجی هەرە دیاریشی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەرێمە لە ڕێی بنکۆڵکردنی بنیادە ئابوورییەکەی و تێکدانی سەقامگیرییە سیاسییەکەی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ باس لەو میکانیزمانە بکەم، کە هەرێم بە هۆیانەوە دەتوانێت کۆتایی بەو شەڕە بهێنێت، هەرە لە پێشترین میکانیزمەکان پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و پێگەیاندنە لەگەڵ پشتبەستن بە ئەنجامی توێژینەوەی زانستی بۆ کارکردن، کە بەداخەوە لەم بوارەدا سەرەڕای بەرەوپێشچوونەکان، بەڵام کوالێتییان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە دابەزینە. لە بیرمان نەچێت قسەیەك هەیە دەڵێت: «ئەگەر ویستت کۆمەڵگە و وڵاتێك بڕووخێنیت، لە بنکۆڵکردنی پەروەردەکەیەوە دەست پێ بکە»، کەواتە دەبێت بە پلان و کوالێتیی کەرتی پەروەردە و پێگەیاندنماندا بچینەوە.

میکانیزمێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێت هەرێم هاریکاری و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات، کە دەتوانن فشار لە حکومەتی بەغدا بکەن، دەبێت هەوڵی فرەجۆرکردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریش بدات، لە ڕێی پەرەپێدانی کەرتی نوێی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی هاوردەکردن، بەتایبەت ئەو کەرستە و پێداویستییانەی خۆراکی و سەرەکین و، بگەین بە قۆناغی ئابووریی خۆبژێوی.

**دەتوانین لەو شەڕەی بەغدا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، نموونە بە نەناردنی شایستە داراییەکان و دواجار ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا لە لایەن بەغداوە وەک جۆرێک لە ئابلۆقە و سزادان بهێنینەوە**

**عێراق کە پێشتر لە بەکارهێنانی تۆپ و تەیارە و چەکی کیمیایی و ئەنفالکردن دژ بە کوردستانیان درێخی نەکردووە، لە ئێستادا دەستی داوەتە لاوازکردنی بونیادی ئابووریی هەرێم بۆ درێژەدان بەو سیاسەتە**

**حوکمڕانەکانی بەغدا نەتانتوانیوە ئاو و کارەبا و پاکوخاوێنی و ئاسایش بۆ هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور دابین بکەن، بۆیە شەڕ بە هەرێم دەفرۆشن و نایانەوێت شوێنێک بمێنێت بە ناوی بەشە ئەورووپییەکەی عێراق**

**میکانیزمێکی دیکەی بەغدا لە شەڕە ئابوورییەکەیدا بەرانبەر بە هەرێم، دروستکردنی پەیوەندیی ژێربەژێرە لەگەڵ هەندێک حزبی کوردیدا، بە ئامانجی گەورەکردنی قەبارەی ململانێکان و تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی هەرێم**





**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان گەورەترین چەکە بۆ شکستپێهێنانی ئەو شەڕە ئابوورییەی بەغدا سەپاندوویەتی بەسەرماندا

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لە مێژووی سیاسەتی ئابووریدا، دوو چەمك وەك بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك زۆر بەکار هێنراون، کە یەکەمیان بەکارهێنانی ئابوورییە وەك چەکێك دژی بەرانبەر، کە بۆ لاوازکردن و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوورییە، کە ئەمەیان ناو لێ ناوە «شەڕی ئابووری»، دووەمیان چەمکی پەرەپێدانە کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ئەقڵانی بیر لە سەرچاوەکانی داهات و سەرچاوە مرۆییەکانی دەکاتەوە و تواناکان پێکەوە گرێ دەداتەوە، بۆ ئەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی ژێرخانێکی ئابووریی پتەوی هەبێت و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین دەکات، بۆ ئەوەی وەك هێزێکی نەرم پیشانی جیهانی بدات.

لە ناو ئەم مێژووەی سیاسەتی ئابووریدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو لایەنەی شەڕی ئابووریی بەرانبەر لایەکەی دیکە بەرپا کردبێت، ئەوا ئەو لایەنەی گەمارۆی ئابووری خراوەتە سەر، یان بە شێوازی دیکە هەوڵی لاوازکردنی ئابوورییەکەی درابێت، ڕاستە هەندێك ئاستەنگی بۆ دروست بووە، بەڵام سەرەنجام لایەنی دۆڕاو ئەو لایەنە بووە کە لای خۆیەوە شەڕی ئابووری، یان گەمارۆی ئابووری بەسەر لایەنەکەی دیکەدا سەپاندووە.

لە سەردەمانی شەڕی سارد لە نێوان سالانی ١٩٤٥ -١٩٩١، گەورەترین ململانێی خۆپڕچەکردن لە نێوان بلۆکی سۆڤیەتی پێشان و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کێبڕکێی خۆپڕچەککردن ئەو چەکە دروستە نییە بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی بلۆکی سۆشیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، بەڵکو چەکی دروست ئەوەیە کە پرۆسەی پەرەپێدان لە ناوخۆی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ دەستی پێ بکرێت و، هەوڵیش بدرێت بە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی سنوورێك بۆ کێبڕکێی خۆ پڕچەککردن دابنرێت، بەڵام لە بەرانبەردا یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی ناو

هاوپەیمانیی وارشۆ، لەسەر سەنتراڵیزمی ئابووری و پرۆسەی کێبڕکێی خۆپڕچەککردن بەردەوام بوون.

گرنگیدان بە سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی لە ماوەی کەمتر لە هەشت ساڵدا هێندە کاریگەریی هەبوو، کە گەیشتە ئەو ئاستەی ڕیچارد نیکسۆن (٣٧ـەمین سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٩) کتێبی (سەرکەوتن بە بێ شەڕ ١٩٩٩)ی نووسی، بەپێی ئەم مەزندەیەی ڕیچارد نیکسۆن، دەبوو یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٩ بەبێ بەکارهێنانی چەك بڕووخێت، بەڵام ١٠ ساڵ ئەم مەزندەیە پێشکەوت و ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخێندرا.

لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕاگەیاندنی سیستمی نوێی جیهان لەلایەن جورج بوشی باوکەوە، ئەم جارەیان ڕۆژئاوا کەوتە هەمان هەڵەی بلۆکی وارشۆ بە سەرکردایەتیی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، بەتایبەتی بەرانبەر چین و هەوڵیان دەدا لە ڕێی بەکارهێنانی گەمارۆی ئابوورییەوە ژێرخانی ئابووریی چین تێك بشکێنن، بەڵام چین ئەم جارەیان هەمان ئەو بەرنامەیەی دووبارە کردەوە کە لە لە ماوەی شەڕی سارددا دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی دژی بلۆکی وارشۆ بەکاریان هێنا و، چین دەستی بە پرۆسەی پەرەپێدان لە ناوخۆی وڵاتەکەی کرد، ئەم باڵادەستییە ئابووری و تەکنەلۆژییەی ئێستا چین پێی گەیشتووە، هەموو ڕۆژئاوا لە ئاستیدا دەستەوەستان بووە، ئێستا چین خاوەنی نەوەی پێنجەمی ئەنتەرنێتە (G5)، بێجگە لەوەی تەواوی وڵاتانی باشووری جیهان بازاڕێکی گەورەن بۆ بەرهەمەکانی چین، ئێستا بازاڕەکانی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاش بوونەتە بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی چین و، ئەمریکا هێندە تەنگەتاو بووە بە فەرمی ڕایگەیاندووە هەر دەوڵەتێکی ڕۆژئاوا ڕێککەوتن لەگەڵ چین ئیمزا بکات بۆ وەرگرتنی (G5) گەمارۆی دەخاتە سەر.

لە بەشێکی زۆری ئەم گفتوگۆیە ئاماژە بەوە کرا، کە ئەم شەڕە ئابوورییەی دەستەبژێرێکی کەمینەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە دژی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکەن، بۆ ئەوەیە پرۆسەی پەرەپێدان لە کوردستان ڕابگرن، ئەمەش لە بوغز و کینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هیچ پرۆژەیەك نییە و خەڵکەکەیان بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەوان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق ناتوانن بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان پرۆسەی پەرەپێدان سەربخەن، ئەوا هەوڵ دەدەن، شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و ئەو پرۆسەیە ڕابگرن.

شەڕی ئابووری لەلایەن بەغداوە دژی هەرێمی کوردستان، چەند مانگێکی دیکە پێ دەنێتە ساڵی دەیەمەوە، لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا (٢٠١٤-٢٠٢٣)، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ماوەی نزیکەی ٣٠ مانگ لە شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا بووە، بەڵام وێڕای ئەم شەڕە گەورە و خوێناوییە و پاشانیش هێرشی هێزەکانی عێراق بۆ سەرهەرێمی کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، بەڵام با لەسەر هەموو ئاستەکان سەیری سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان بکەین و سەیری شکستی ئەو بوغز و کینەیەش بکەین کە دەیانویست بە سەپاندنی شەڕی ئابووری، ژێرخانی ئابووریی کوردستان هەڵتەکێنن.

لە ئێستادا ئەوەی دەکرێت وەك کەرەستە و میکانیزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕە بیگرینە بەر، ئەوەیە کە جێگەی خۆشحاڵییە بەشی زۆری لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە لایەنەکانی عەرەبی (شیعە و سوننە) گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی ئابووری لەگەڵ کوردستان هیچ ئاکامێکی نابێت و، لەسەر ئەم قەناعەتەش ڕێککەوتنێکمان هەیە کە حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی لەسەر پێکهێنراوە، کە ناوی لێ نراوە «بەرنامەی وەزاری»، ئەم بەرنامەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر دراوە و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو تواناکانی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت و ئەو هەنگاوانەشی جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام ئەوەی گرنگە بیکەینە کەرەستە و میکانیزم و بەسەر ئەم شەڕە ئابوورییەدا بە بێ چەك سەرکەوتوو بین، ئەوەیە کە دەبێت زیاتر تواناکانمان لەسەر سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا کۆ بکەینەوە، کە ئەمەش لە ئێستادا تێڕوانین و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و درێژەی پێ دادەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش سەرکەوتنی زیاتری ئەو پرۆسەیە دەبینین.

**سەرەنجام لایەنی دۆڕاو ئەو لایەنە بووە کە لای خۆیەوە شەڕی ئابووری، یان گەمارۆی ئابووری بەسەر لایەنەکەی دیکەدا سەپاندووە**

**ئەم باڵادەستییە ئابووری و تەکنەلۆژییەی ئێستا چین پێی گەیشتووە، هەموو ڕۆژئاوا لە ئاستیدا دەستەوەستان بووە**

**لەبەر ئەوەی ئەوان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق ناتوانن بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان پرۆسەی پەرەپێدان سەربخەن، ئەوا هەوڵ دەدەن، شەڕی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و ئەو پرۆسەیە ڕابگرن**

**بەشی زۆری لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە لایەنەکانی عەرەبی (شیعە و سوننە) گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی ئابووری لەگەڵ کوردستان هیچ ئاکامێکی نابێت و، لەسەر ئەم قەناعەتەش ڕێککەوتنێکمان هەیە کە حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی لەسەر پێک هێنراوە**

# ئاسایشی کەشوهەوا بەشێکە لە ئاسایشی نیشتمانی

ئەو مەترسی و هەڕەشە جۆراوجۆرانەی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهان بووەتەوە، لە دواجاردا کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانییشیان هەیە، چونکە ئاسایشی کەشوهەوا بەشێکە لە ئاسایشی نیشتمانیی هەر وڵاتێك.

ئاسایشی نیشتمانی (ناشناڵ سیکیوریتی) لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی خاك و دەرامەت و بەرژەوەندییەکانی لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوخۆیی، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوتووە کە هەڕەشەکان لەسەر هەر وڵاتێك تەنیا هێز نین، بەڵکو گۆڕاون بۆ شێوازەکانی سیاسەتکردن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و ئاستی پڕۆسەی فێرکردن و قەبارەی ئابووری و هەبوونی داتا و زانیارییە.

ئاسایشی کەشوهەوا بریتییە لە کۆی ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن لە نێوان لایەنە ژینگەییەکان و لایەنە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکاندا بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و، دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی لە ڕێگەی بایەخدان بە چەمکی ئاسایشی کەشوهەوا لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی وەك ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

١- باشتر جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە لە نێو ڕێککەوتننامەی پاریسدا هاتوون و، بوونەتە بەشێك لە بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا وەك پابەندییەکی ئارەزوومەندانەی هەر وڵاتێك.


٢- بایەخدانی زیاتر بە ڕاپۆرتی ڕاگەیەندراوی نیشتمانی و نوێکردنەوەی هەر دوو ساڵ جارێکی بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا لە لایەن هەر وڵاتێکەوە.

٣- کاراکردنی دیپلۆماسییەتی ناسراو بە دیپلۆماسییەتی کەشوهەوا کە بایەخدانی سەرەکی دەداتە ئەو دۆزانەی کە پەیوەستن بە گۆڕانی کەشوهەواوە.

٤- سوودوەرگرتن لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی دارایی و تەکنۆلۆژی بۆ ئەو ناوچانەی کە زیانی زۆریان بەر کەوتووە، بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە.

٥- داواکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نواندنی ڕۆڵی زیاتر و کاریگەرتر لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا .

٦- یەکخستنی هەوڵەکان لە پێناوی ئاراستەکردن و گواستنەوەی دۆسیەی گۆڕانی کەشوهەوا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆ تێڕوانین لێی وەك باسێكی بەپەلەی جیهانی.

٧- كاراكردنی ڕۆڵی سیاسەتمەدار و دروستكارانی بڕیار بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسی، چونكە كێشەی گۆڕانی كەشوهەوا لە ئێستادا خەریكە دەگۆڕێت بۆ كێشەیەكی پەیوەند بە ئاسایشەوە.

٨- كاراكردنی هاریكاری و هەماهەنگی لە نێوان خودی وەزارەتەكان خۆیاندا لە بارەی گۆڕانی كەشوهەواوە.

٩- گۆڕانی كەشوهەوا هۆكارە بۆ وشكەساڵی و كەم خۆراكی و بڵاوبوونەوەی هەژاری، بۆیە پێویستە بەرەنگاربوونەوەی هەژاری بە هەند وەربگیرێت و ئاواش لێی بڕوانرێت كە هۆكاری سەرەكییە بۆ تاوانكاری و ئاژاوە و ناسەقامگیریی سیاسی.

١٠- بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی لای هاووڵاتیان و دەستپێكردن لە قوتابخانە و زانكۆكان و دامەزراوە پەروەردەییەكانەوە.

١١- پاڵپشتیكردنی بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیای نوێی ئاودێری و كشتوكاڵكردنی زیرەك.

١٢- گەیشتن بە لێكتێگەیشتنی تەواو لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بۆ چارەسەركردنی گرفتە ژینگەییەكان بەگشتی و كێشەی بەشە ئاو بەتایبەتی.

١٣- پارێزگاریكردن لە داتاو زانیارییەكانی پەیوەست بە گۆڕانی كەشوهەوا وەك زانیارییە گرنگ و نهێنییەكانی دەوڵەت.

١٤- تاوتوێكردنی زیاتری بەبیابانبوون و ئاسایشی خۆراك لە دیدگەی گۆڕانی كەشوهەواوە.

١٥- گەشەپێدان بە دارستانەكان و ڕێگەكانی پارێزگاریكردن لێیان لەبەر ڕۆشنایی ئاڵنگارییەكانی پەیوەست بە گۆڕانی كەشوهەوا.

١٦- توێژینەوەكردن لەبارەی چارەسەرە كورت و مامناوەند و درێژخایەنەكان لە بارەی گۆڕانی كەشوهەواوە.

١٧- كاراكردنی زیاتری ڕۆڵی زانكۆكان بۆ بەهێزكردنی ئاسایشی ژینگەیی.

١٨- بەهێزكردنی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری ئاسایشی پەیوەست بە كاریگەرییەكانی گۆڕانی كەشوهەوا.

١٩- كاراكردنی سیستمی ورياكردنەوەی پێشوەخت وەك ئامادەكارییەك بۆ ئەگەرە جیاجیاكان و ڕووداوەكانی پەیوەند بە گۆڕانی كەشوهەواوە.

٢٠- پشتبەستنی زیاتر بە سەرچاوەكانی وزەی خاوێن و گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتان و تەكنۆلۆژیای ژینگەدۆست.



## مینا سامی

### ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# پارتی پەرۆشی بەرەوپێشبردنی بەشداری کارای ئافرەتانە لە سەرچاوەی بڕیاردان

**مینا سامی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرسە هەنووکەییەکانی خانمان لە بواری سیاسیدا دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی کە ئافرەت لە تێکڕای جومگەکانی بەڕێوەبردندا لە ئەستۆیان گرتووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە تا کوردستان لە کەیسی خانمان دەستکەوتی زیاتری هەبێت، ئەوەندە زیاتر لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەشە بەخۆیەوە دەبینێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئەو خزمەتانە چین کە لەناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێشکەشی هاوڵاتیان بەگشتی و خانمانتان بەتایبەتی کردووە؟**

- هیچ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بەبێ فەراهەمکردنی مافی ئافرەتان بە پرۆسەیەکی کامڵ و دروست هەژمار ناکرێت، ئافرەتان بەشێکی گرنگ و کاریگەرن لە بەرەوپێشخستنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە هەرێم، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو لە ساڵی (٢٠١٩) کار دەکات و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێی دراوە (هەرچەندە بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان بە هەماهەنگییە لەگەڵ پارێزگا

و وەزارەتەکان)، بەڵام لە هەمان کاتدا کاری پێشینەی نۆ ساڵمان لەو ئەنجومەنە گەواهیدەری ئەوەیە کە هەندێك یاسای لۆکاڵی و ڕێنمایی باش بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیان و بازاڕ و چارەسەرکردنی فراوانبوونی گوندەکان و هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکان، هەر لە بەدواداچوون و کۆڕ و سیمینار و کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پێویست بۆ هەر پێشهاتێك، یان ئاریشەیەك تاکو دەرچوواندنی بڕیار کاری لەسەر کراوە.

بێجگە لەمانە، هەر بابەتێکی دیکە کە ڕووی لە ئەنجومەن کردبێت و پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان هەبووبێت، پەیوەندی بە ژیانی خانمانەوەش هەبووە، هەر لە بابەتی کشتوکاڵی و تەندروستی و ژینگە تا دەگاتە شەهیدان و شارەوانی و پەروەردە و ناوخۆ. هەروەها هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بووین لە ئاسانکاری لە پێدانی مۆڵەت بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان و بەشدار بووین لە پانێڵ و سیمبوزم و دیبەیتە تایبەتەکان بە پرسی ئافرەتان و چۆنیەتیی هەماهەنگیی ئیدارە لە تێپەڕاندنی کارەکانیان و سەرخستنی پرسی ئافرەتان.

*** ئایا سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی پێویست کاری بۆ پێشخستنی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا کردووە؟**

- هەڵبەتە پارتی دیموکراتی کوردستان بە پەرۆشە بۆ بەرەوپێشخستنی پرسی ئافرەتان، بەتایبەت بەشداریی فیعلیی خانمان لە سەرچاوەی بڕیاردان کاری جددی کردووە، هەر لە هەڵبژاردنی خاتوو ناهیدەی شێخ سەلام بۆ مەکتەبی سیاسی تاکو دوایین کۆنگرەی پارتیمان بە هەڵبژاردنی خاتوو ئامینە زکری بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لە بەشدارپێکردنی خانمان لە بڕیاری سیاسی. هەروەها دیدگە و ستراتیژیی بەرەوپێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان لە دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خۆی دەبینێتەوە، کە لە (١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢) لەسەر فەرمانی ڕێبەری نەمر مەلا مستەفا بارزانی بە مەبەستی بەشداریکرنی ئافرەتان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی یەکسانی دامەزراوە، ئەمەش بە پشتبەستن بەو گرنگییەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بە ڕۆڵی ئافرەتانی دەدات، لەمەڕ هۆشیاری نیشتمانی و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان و هەروەها لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پێشخستنی ڕۆڵی ئافرەتان لە گشت بوارەکانی دیموکراسی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

پارتی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە هەڵبژاردن ڕێژەی کاندیدەکانی ئافرەتان لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت، هەروەها لە ڕێژەی بەشداریکردنی خانمان لە دواکۆنگرەی ڕێژەی ئافرەتی سەرکردە و لەکاتی پێکهێنانی کابینەی وەزاری سوور بوو لەسەر پڕکردنەوەی پۆستی یەکێك لە وەزیرەکان بە خانمێك.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە بۆ خانمان، ئەوەیە کە دەرگا واڵایە لەبەردەم بەهێزکردنی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکان و بەشدارییان لە بڕیاردان و پێگەیاندنی کادیران بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لە دامودەزگاکانی پارتی دیموکراتی کورستان.

*** لە ئێستادا دۆخی خانمانی کوردستان بەگشتی و ئافرەتانی نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- دۆخی خانمانی کوردستان بەگشتی و خانمانی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، پێویستی بە بەرەوپێشچوون و ئامادەکاریی زیاتر هەیە لە سەرجەم ئاستەکان. خانمی کورد لە کۆمەڵگەی کوردەواری ڕۆڵێکی نایابی بووە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و کاروباری خانەوادە و هەروەها بەشدار بووە لە کشتوکاڵ و بەڕێوەبردن و سیاسەت و لە سەرجەم ئیمارەتە جیاوازەکانی کوردی لە بەڕێوەبردن و سیاسەت و تەنانەت بواری ئابووری و سەربازی ڕۆڵی خۆی بووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرقافڵەی بەرەوپێشچوونی دۆزی خانمانە، دەستکراوەتر و سوورتر دەبێت لە جێبەجێکردنی بەرنامە خوازراوەکان لە ئازادی و بەرەوپێشچوون و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان، بۆیە بەرپرسیاریەتیی پارتی و حکومەت زۆر بەرچاوە بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنیی کەلتوورە نامۆکان لە کۆمەڵگەی کوردەواری.

*** بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ ئافرەتان، پێویستە کچەکانمان بە چ ئاراستەیەك پەروەردە بکەین؟**

- دیارە دۆخی خانمان لەچاو ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکاریی زۆر باشی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەڕووی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لەڕووی ئابووری و دادوەری و پەروەردە و زانستی، بەڵام پێویستە خانمان لەو پرۆسەی بەرەوپێشجوونی دۆزی ئافرەتان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە پەرەسەندن و دەستەبەری مافەکانی ئافرەتان و هەروەها پاڵپشتیکردن لە ڕۆڵی ئافرەتان بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، چونکە ناکرێت میللەتێك کار بۆ ئازادی بکات و تیایدا مافەکانی خانمان پارێزراو نەبێت، هەرچەندە کوردستان لە کەیسی خانمان دەستکەوتی زیاتری هەبێت، ئەوەندە زیاتر لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەشە بە خۆیەوە دەبینێت.

**هیچ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بەبێ فەراهەمکردنی مافی ئافرەتان بە پرۆسەیەکی کامڵ و دروست هەژمار ناکرێت**

**دەرگا واڵایە لەبەردەم بەهێزکردنی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکان و بەشدارییان لە بڕیاردان و پێگەیاندنی کادیران بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لە دامودەزگاکانی پارتی دیموکراتی کورستان**

**دۆخی خانمانی کوردستان بەگشتی و خانمانی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، پێویستی بە بەرەوپێشچوون و ئامادەکاریی زیاتر هەیە لە سەرجەم ئاستەکان**

**دۆخی خانمان لەچاو ساڵانی ڕابردوو گۆڕانکاریی زۆر باشی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەڕووی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لەڕووی ئابووری و دادوەری و پەروەردە و زانستی**

داستان عەبدولکەریم:

# لە هەشتەمینساڵیادی دامەزراندنی براندەکەم هەشت هەلی کار بۆ هەشت خاتوونی دیکە لە ماڵەکانی خۆیان دەرەخسێنم

داستان عەبدولکەریم، خانمە بەرگدروو و دیزاینەرێکی گەنجی شاری سلێمانییە، ئەو خێزاندارە و دایکی دوو کچی جوانە، بە هۆی سوودمەندنەبوونی لە هەلی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی، بەهرە و تواناکانی ئاوێتە کردووە و ساڵانێکە کاردەکات، لە ئێستادا لە کارگە بچووکەکەیدا دەرفەتی کارکردنی بۆ چوار ئافرەت ڕەخساندووە، وەك خۆی باسی دەکات ماوەی هەشت ساڵە کاردەکات و سەرەتا بە کاری دروومانی جلوبەرگ تێکەڵی دونیای کارکردن بووە و دواتر بە هاوکاری و پاڵپشتیی هاوژینەکەی براندێکی تایبەت بە کەلوپەلی منداڵانی دامەزراندووە و تەواوی پێداویستییەکانی منداڵ لە پێخەف و جێخەو بە هەموو جۆرەکانییەوە دروست دەکەن و بە تاك و کۆ دەیفرۆشنەوە. لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە کارەکەی دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



داستان عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٩٥ لە قەزای ماوەت لە دایك بووە، هەر لەوێ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، پاشان بە خێزانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بوون، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کوردستان بەشی هەڵکەندن و پالاوتنی نەوتە، بەڵام وەك خۆی باسی کرد، نەیتوانیوە لە کەرتی حکوومی، یان تایبەت دابمەزرێت. سەبارەت بە چۆنیەتی تێکەڵبوونیشی بە بازاڕی کار دەڵێت: «ساڵی (٢٠١٥) تەنیا بڕی ١٠٠هەزار دینارمان هەبوو بەم پارەیە دەستم دەستم کرد بە کاری دروومانی جلوبەرگ تا ساڵی ٢٠١٧، پاشان کارەکەم گۆڕی بە دیزاین و دروومان لە بواری پێداویستیی منداڵان و ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ بەرهەم بە خواستی کڕیار دروست دەکەین. بەرهەمەکانیشمان بریتین لە:(کاریکۆت، سێتی سەر سیسەم، پەردە، کیفی خەو، دۆشەك و پشتی، لێفە، گۆشە و چەندین بابەتی دیکە)، بەڵام لە ئێستادا تەنیا شۆێنێکی بچووکمان هەیە خۆم و هاوسەرم و چوار خاتوون کاری تێدا دەکەین، بەڵام بە پشتیوانیی خوای گەورە لە ساڵی تازە و لە ساڵیادی هەشت ساڵەی دامەزراندنی براندەکەم هەشت هەلی کار بۆ هەشت خاتوونی دیکە لە ماڵەکانی خۆیان دەڕەخسێنم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هۆکاری سەرەکیی کارکردنی چی بووە؟ گوتی: «بێگومان سەرەتا بە هۆی قورسی باری ئابووری و بژێویی ژیان هاتمە نێو مەیدانی کار، بەڵام ئێستا بووەتە حەزێك و ناتوانم دەستبەرداری بم. هۆکاری سەرەکیی کارکردنیم ئەوەیە کە لەسەر پێیەکانی خۆم بوەستم و پێویستم بە کەس نەبێت لە ڕووی دارایی، هەمیشە ویستوومە وەك خانمێك پێگەیەکم هەبێت لە نێو کۆمەڵگە و بتوانم خزمەتی خۆم و خەڵکیش بکەم. بێگومان هەموو خانمێکیش خاوەن بەهرەیە و دەتوانێت ببێتە خاوەن دارایی خۆی لە ڕێگەی بەهرەو تواناکانییەوە».

سەبارەت بە ڕێگرییەکانی بەردەمی و هەروەها پاڵپشت و هاندەرانیشی گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە هاوسەرم و خێزانی خۆم و هاوسەرم هاوکارم بوون، بەتایبەت خەسوم و دایکم زۆر هاوکارم بوون، هەر بۆیە وەك ڕێگری، هیچ ڕێگرییەکم لێ نەکراوە، بەڵام وەك ئاستەنگ بۆ کارەکەم، بێگومان تووشی نارەحەتی و ناخۆشی بوومەتەوە. بۆ نموونە لە سەرەتاوە کەلوپەلەکانم دەست نەدەکەوت، واتە هەندێ پێداویستیی سەرەتاییم دەست نەدەکەوت، ئێستا باشترە و دەتوانین دەستمان بکەوێت. بێگومان پاڵپشتیی خێزان بۆ خانمان زۆر گرنگە، بۆ نموونە ئەگەر ئامانجێکت هەبێت و قەرار بێت بە پێنج ساڵ پێی بگەیت، بە پاڵپشتیی خێزانەکەت دەتوانی بە کەمتر لەو کاتە پێی بگەیت، ئەوان وەك پشتیوان هاندەرێك دەبن و لە کاتی ساردبوونەوە و بێزاری دەتوانن پاڵپشتت بن و بەردەوام بیت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ داهاتووی کارەکەت چ پڕۆژەیەك، یان پلانێکت هەیە؟ داستان عەبدولکەریم گوتی: «هەم دایکایەتی کە دوو کچی جوانم هەیە و هەم کارەکەم بۆم زۆر گرنگن. بێگومان خەونی گەورەم بۆ کارەکەم ئەوەیە شوێنی کارەکەم ببێتە کارگەیەك و چەندین خانمی دیکە لێی سوودمەند بن و بتوانن کارمان لەگەڵ بکەن. هەروەها کردنەوەی لقی دیکەی کارگەکەمان لە شارەکان پلانی داهاتوومانە، بە پشتیوانیی خوای گەورە ئەو خەونەشمان بەدی دێت».

**کارەکەم گۆڕی بە دیزاین و دروومان لە بواری پێداویستیی منداڵان و ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ بەرهەم بە خواستی کڕیار دروست دەکەین**

**سەرەتا بە هۆی قورسی باری ئابووری و بژێویی ژیان هاتمە نێو مەیدانی کار، بەڵام ئێستا بووەتە حەزێك و ناتوانم دەستبەرداری بم**

**هەمیشە ویستوومە وەک خانمێک پێگەیەکم هەبێت لە نێو کۆمەڵگە و بتوانم خزمەتی خۆم و خەڵکیش بکەم**



# ژیلەمۆی گەڕانەوە بۆ ڕیشە

دوای ساڵانێکی زۆر لە دابڕانی کولتووری لە ڕیشە و نەژادی خۆی، ئەندازیاری پترۆ کیمیاوی ئیرەج قادری ئازەر بە خوێندنەوەی دیوانی (ناڵەی جودایی)ی هێمن، لە بیابانی دابڕانەوە بەرەو کانگای گەوهەرینی کولتووری نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. ئەو ڕۆڵەی مەهابادە، خێزانەکەی لە گەشتی گەڕان بە دوای توێشووی ژیاندا، لە ناوچەگەلی دوور لە کوردستان دەگیرسێتەوە. دوای تەواو کردنی خوێندن، ئەویش وەك ئەندازیارێکی پترۆ کیمیاوی لە پاڵاوگەی شاری ئەسفەهاندا دەست بەکار دەبێت. ڕاستییەکەی دابڕان زمانی دایکی لە بیر نەبردووەتەوە، بەڵام لە خوێندنەوەی کوردی بێ بەهرەی دەکات. بە زەحمەتییەکی زۆرەوە هەوڵی خۆ ئاشنا کردن بە پیت و پەیڤی کوردی دەدات. هێمن لە (ناڵەی جودایی)دا گەلێك ناو و زاراوە کە هێمان بۆ زۆر کەسایەتیی نێو میرات و مێژووی کوردی بۆ باس دەکات، بەڵام ئەو هیچ کامیان ناناسێت، ئەوێك کە نقومی نێو کولتووری فارسە، بە بیستنی ناوی جوانمەرد و پاڵەوانانی کورد و داستانەکانی مێژووی نەتەوەکەی، نیگەران دەبێت، ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ لە خۆی نەبان و بێ ئاگا بێت، بە ناسنامەکەشی نائاشنا بێت؟

ئا/ تاریق کارێزی





دوای گەڕان و خوێندنەوە، بە میراتی شارستانی و کەلەپووری دەوڵەمەندی وڵاتەکەی ئاشنا دەبێت. ئیدی بڕیار دەدات بە هونەری نیگار گوزارشت لە ناسنامەی وڵات و نەتەوەکەی بکات. ئەو، بەهرە و خولیایەکی گەورە لە هونەری نیگار لە خۆیدا بەدی دەکات، بڕست و بەهرەکەی دەخاتە خزمەت بەرجەستە کردنی داستان و مێژخاسییەکانی نەتەوەکەی. لێرەوە زێڕین بژاردەی خۆی لە بواری کار کردن لە بەیاری هونەر بەدی دەکات، وەردی بەیار تۆو و شۆو دەکات، ماشەڵڵا لە هات و بەراتی ئەو تۆو و شۆوە! چ سەروەرییەك هەیە بگاتە بەژنی داستانە مەزنەکەی قەڵای دمدم؟ شا تابلۆی پیشانگاکەی تابلۆی دمدمە، پیشانگاکەشی هەر بە ناوی قەڵای دمدم لە هۆڵی میدیا لە ناوەڕاستی شاری هەولێردا کردەوە.

ئیرەج قادری ئازەر بە ناسناوی (ژیلەمۆ) تابلۆ واژۆ دەکات، ئەم ناسناوەی شرۆڤە کرد و گوتی «من دەمەوێ فوو لە ژیلەمۆی مێژووی کورد بکەم و پشکۆیەکانی بگەشێنمەوە و بە نەوەکانی ئێستای ئاشنا بکەم.» دەی دروست خۆ ئەو هەر وای کردووە. ئەڤین داستانی لاس و خەزاڵ باس دەکات، ئەو بە ڕەنگ و سکێچ، بە زمانێکی بەرزی ستاتیکا، ئەو داستانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، پتر لە هەر جۆرە گوتارێکی دی، گوتاری دیدەیی (تەلیسمی هێڵ و ڕەنگ) زۆرترین کاریگەری جێ دەهێڵێت. لە نووسینی دیکەدا من جەختم کردووەتە سەر ئەوەی، ئێمە وەك کورد پێویستمان بەوەیە لە ڕچەی کلاسیزمەوە دەست پێ بکەین، بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو ڕچەیە کاروانی هونەری شێوەکاری بەڕێ بخەین، چونکە هێشتا بە زمانی ستاتیکا و گوتاری دیدەیی ئاوڕمان لە مێژوو و سەروەرییەکانی وڵات و نەتەوەکەمان نەداوەتەوە. ئاخر چ زمانێك هێندەی زمانی نیگار بۆ گێڕانەوەی داستان و چیرۆك و ڕووداوی مەزنی مێژوو، کاریگەر و پڕ چێژ و چەشەیە؟ ئەورووپا وای کرد و بە هونەری نەمر مۆزەخانەی ڕازاندەوە. ئێمە هێشتا چیرۆك و حەکایەت و بەیت و داستانی خۆمان نەگێڕاوەتەوە، شانامەی خۆمان دانەداوە، بۆیە ئەو شێوە کار کردنەی ژیلەمۆ لە ئاست خواستی دەروون و چێژ و چەشەی خەڵکدایە، بەڵگەشمان ئەوەیە پیشانگاکەی بینەری لێ نەدەبڕا، هەر کەس دەهاتە نێو هۆڵی پیشانگاکەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ تێیدا دەمایەوە، ئێمە خۆمان، کۆخۆمان و کۆنەتەوە و کۆی وڵات و سەربردەی دوێنێ و پێرێی خۆمان، لە نێو تابلۆ و گرافیك سکێچەکانی ژیلەمۆدا دەبینییەوە.



ڕۆژان فەیزی بۆ گوڵان:

# پەیداکردنی بژێوی ژیان لە ڕێگەی هونەرەوە زۆر زەحمەتە

خانمە هونەرمەند ڕۆژان فەیزی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات، لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بە کاری هونەری کردووە و بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گۆرانی دەڵێت، تا ئێستا خاوەنی چەندین بەرهەمە بەو دوو زمانە، لە دەرفەتێکدا خاتوو ڕۆژان بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی داوە.



*** هۆکاری دوورکەوتنەوەت لە گۆڕەپانی هونەر بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- من لە کاری هونەری دانەبڕاوم لە ساڵی ٢٠٠٥ و گەڕانەوەم بۆ ئێران، تووشی هەراسانییەکی زۆر بوومە، بۆیە ناچار بووم وڵات جێبهێڵم، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر من هەبوو، بۆیە ڕووم لەو جۆرە گۆرانییانە کردکە دەتوانین پێی بڵێین نارازی. ساڵی ٢٠٠٨ گۆرانییەکەم پێشکەش کرد، بەشی دووەمی گۆرانی (مورغی سەحەر) دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ گۆرانی (٣٠٠ گوڵی سوور) و لە ساڵی ٢٠١٢ گۆرانی (پەپوولەی ئازادی) دوای ڕەزامەندیی مامۆستا مەزهەری خالقی، دواتر گۆرانیی (ئەفسانەی هەوا) م پێشکەش کرد، کە شیعری ئەفشینی یەدوڵڵاییە، دژی جەنگە لەسەر زاری دایکێك دەگێڕێتەوە کە ئازیزی خۆی لە دەست داوە و، چەندین بەرهەمی دیکە.

*** بۆچی بە ژمارە بەرهەمت کەمە؟**

- ژمارەی بەرهەمە هونەرییەکان بۆ من گرنگ نییە، بگرنگە ئەوەیە کە ئەو بەرهەمانە لە منەوە نزیك بن و بتوانم پێشکەشیان بکەم، بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتیی کوردایەتییان بپارێزرێت، ئامانجم ئاشناکردنی کۆمەڵگەی ئەمریکییە بە هونەری ڕەسەنی کوردی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکا کۆنسێرتم ساز کردووە، کۆنسێرتێکم هەبوو لەگەڵ هونەرمەند ئێنور کە خەڵکی باکووری کوردستانە، هەوڵمان داوە لەگەڵ هونەرمەندانی بەشەکانی کوردستان بە زاراوەی جیاجیا گۆرانی پێشکەش بکەین.

*** ئایا هونەری شۆڕشگێڕی لە پارچەکانی کوردستان باوی ماوە یان گۆڕانکاریی بەسەردا داهاتووە؟**

- بێگومان هەر ستایلێکی نوێی هونەری پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی کۆمەڵگەوە، هونەر دەچێتە بنج و بنەوانی کۆمەڵگە و ئەو بابەتانەی کە باس ناکرێن هونەر دەیخاتە ڕوو،



ئەمەش پەیوەندی بە تاک و بە کۆمەڵگەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی کۆبانێ بکەین، دەبینین لە سەرتاسەری جیهاندا لە ڕێگەی هونەر و مۆسیقاوە پشتیوانی و پشتگیرییان لە خەڵکی کۆبانێ کرد، بە هەمان شێوە بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سەرتاسەری جیهان، دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، من ماوەی سی ساڵە نەمتوانیوە بچمە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ڕۆژانە پەیوەندیم هەیە و دەزانم چی دەگوزەرێت، بۆیە دەبینین دوای ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو جاران هونەری هەڵپەرکێ و سەما باوی نییە، بەڵکو ئێستا زیاتر گۆرانیی خەمگین و گۆرانیی شۆڕشگێڕی لە ناو خەڵکدا باوە، ماوەکانی ڕابردوو تەواوی گۆرانی و مۆسیقای هونەری لە ئێران کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕویان دا، ئێستاش بە هەمان شێوە بەردەوامە لە ڕۆژئاوای کوردستان کە ئێستا بریندارە، بەڵام ئەگەر سەیری باشووری کوردستان بکەی، لەوانەیە تا ڕادەیەك جیاواز بێت و گۆرانی و موسیقای هەڵپەڕکێ لە پێشکەوتندایە و گرنگیی زۆری پێدەدرێ.

*** چۆن هونەر پێش دەکەوێت؟**

- لە هەر شوێنێك دەسەڵات گرنگی بە هونەر و فەرهەنگی ڕەسەنی میللەتەکەی بدات ئەو کۆمەڵگەیە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری هونەری ڕاستەقینە و لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئێمەی هونەرمەندی بە ئەزموون ناتوانین هونەرمەندە گەنجەکان بهێنین و پێیان بڵێین پێویستە بەو شێوەیە کار بکەن کە ئێمە دەمانەوێت، بەڵکو دەبی ڕێی ڕاستیان نیشان بدەین، کە هونەری ڕاستەقینە کامەیە و هونەری ساختەش کامەیە، بۆ ئەوەی هونەری کوردی پێش بخەن و گرنگیی پێ بدەن، ئەو کاتە ئەوان دەزانن کە هونەری کوردی هونەرێکی ڕەسەنە، بەڵام وەك گوتم ناکرێت ئێمە بە زۆر پێیان بڵێین پێویستە واز لە هونەری نوێ و سەردەم و هاوچەرخ بهێنن و تەنیا گرنگی بە هونەر و مۆسیقای کۆن و ڕەسەن بدەن.

ئێستا گەنجەکانمان لەژێر کاریگەری ئەنتەرنێت و سوشیال میدیادان ڕۆژانە جۆرەها موسیقا و گۆرانی دەبیستن، زەحمەتە ئێمە بتوانین لەسەریان فەرز بکەین کە گرنگی تەنیا بە هونەری ڕاستەقینەی کوردی بدەن، بەڵکو دەبێ ڕێی ڕاستیان نیشان بدەین و ئازادیان بکەین خۆیان کار بکەن و گرنگی بە هونەری کوردی بدەن.

*** هونەرمەندی ڕاستەقینە کێیە؟**

- هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بزانێت چۆن هونەری ڕەسەنی کوردی وەك خۆی دەپارێزێت و بە نەوەکانی داهاتووی بگەیەنێت، لە هەمان کاتدا هونەری سەردەم و هاوچەرخیش پێشکەش بکات، کە لەگەڵ ڕۆح و سەردەمی ئێستاماندا بگونجێت، لە لایەکی دیکەوە ئەرکی حکوومەت و دەسەڵاتیش ئەوەیە کە بەردەوام بە شێوەی بەرنامەدارێژراو و ڕێکخراو ساڵانە یان بە گوێرەی بەرنامە، فیستیڤاڵ و کۆنسێرت بۆ هونەرمەندان ساز بکات بۆ ئەوەی جۆرێك پێکبەستن لە نێوان هونەری ڕاستەقینە و ڕەسەن و هونەری گەنجەکانماندا هەبێت.

*** پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەر هەبووە؟**

- بە داخەوە بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوە، جاران کە گۆرانییەکت تۆمار دەکرد پێویست بوو ژمارەیەکی زۆر موزیسیان بهێنیت، هەر یەکە بە ئامێرێك ئەرکەکەی خۆی ئەنجام دەدا و کاریگەریی زۆریان لەسەر جەماوەر هەبوو، بەڵام ئێستا دەبینین بە تەنیا یەك ئامێر، ئەویش ئۆرگێکە، کەسێك دێت کە زۆر شارەزایی لە مۆسیقا نییە و لە ڕووی ئەکادیمییەوە مۆسیقای نەخوێندووە، بە یەك دوگمە هەر مۆسیقایەکت بویێ پێشکەشی دەکا لە هەڵپەڕکێ یان غەمگینی، ئیتر هەموو جۆرە مۆسیقاکان پێشکەش دەکات، نەوەکانی ئێستا کە ئەم جۆرە مۆسیقایە دەبینن کاریگەریی لەسەر فیکر و هزریان دەکات و، وا دەکات کە لە مۆسیقای ڕەسەنی دوور بکەونەوە، وا دەکات کە نەزانن مۆسیقا چییە و ئامێرەکان چین ئیدی شارەزاییان لە مۆسیقا نابێت، ئیتر تەنیا یەك ئۆرگە گوێی لێ دەگرێت و ئەوەی دەیبیستێ وا دەزانێ هەر تەنیا ئەمە مۆسیقای کوردییە، بیهێنە پێش چاوی خۆت، جاران بۆ سازکردنی یەك ئاهەنگ چەند کەسێك دەهاتن هەریەکە بە ئامێرێك کە شارەزایی و پسپۆریی لێی هەیە، لەسەر ستەیج دادەنیشتن خەڵك دەیانناسین، بەڵام ئەمە گۆڕاوە پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێت ئەگینا نەوەکانی داهاتوومان هیچ زانیاری و پسپۆرییەکیان دەربارەی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و ئامێرەکان نابێت.



*** هونەر دەبێتە هۆی پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ هونەرمەند؟**

- من هیچ کات بۆ بژێوی ژیان پشتم بە هونەر نەبەستووە و تا ئێستا هیچ برە پارەیەکم لە کاری هونەری دەست نەکەوتووە، شانازیش دەکەم کە من خۆم لە ئەمریکا کارم کردووە و لە سەر ئەرکی خۆم بەرهەمی هونەریم بڵاو کردووەتەوە و پێشکەشم کردووە بە میللەتی کورد، ئێستاش بەردەوام دەبم لەسەر ئەم ڕێچکەیە، لە ماوەی ڕابردوو دوایین کاری خۆم بڵاو کردووە کە بریتی بوو لە (بانگەوازی فەرتان) لە داهاتووشدا بە نیازم لەگەڵ مامۆستا نەجمەی غولامی بەرهەمێکی دی بڵاو بکەمەوە کە کاری مۆسیقای لە کوردستان ئەنجام دراوە و تەواو کراوە، بەرهەمێکی جوانە وبەم زووانە دەست دەکەم بە تۆمارکردنی دەنگ و پێشکەش بە جەماوەری خۆم دەکەم لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دەکەم.

*** میدیای کوردی تا چەند خزمەتی هونەری کوردیی کردووە؟**

- سەبارەت بە خۆم باس دەکەم، سەرەڕای ئەوەی چەندین ساڵە لە بواری هونەری کار دەکەم و بەرهەمی هونەری بڵاو دەکەمەوە، بەشداری لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکاندا دەکەم، بەڵام میدیای کوردی وەکو پێویست گرنگیی بە کارەکانی من نەداوە و دەتوانم بڵێم پشت گوێیان خستووە، ئەم بابەتە بۆ منیش مایەی سەرنج و تێڕامان بووە، لە کاتێکدا بەرهەمەکانم لە سەرتاسەری ئەمریکا و لە شوێنەکانی دیکە بڵاو دەکەمەوە، بەڵام گرنگییان پێ نادرێت و پشتگوێ دەخرێن، لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم لە ساڵی ٢٠١٩ کاتێك بوومەلەرزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شارەکانی قەسر شیرین و کرماشان ڕووی دا، من لە ڕێگەی دوو ڕێکخراوی ئەمریکییەوە یەکێکیان لەلایەن دکتۆر فەیروزی نادرییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە یەکێکە لە کارمەندەکانی ناسراوەکانی بواری بۆشایی ئاسمان لە ناسا، هاوکاری وکۆمەکم بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە کۆ کردەوە و ناردم، هەروەها خۆیشم لە سان فرانسیسکۆ کە کۆنسێرتێکی تایبەتم ئەنجام دا، داهاتەکەی تایبەت بوو بۆ قوربانیانی ئەم کارەساتە سرووشتییە.



### ئەنجلینا جۆلی:

# منداڵبوون ڕزگاری کردم

لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری ڤۆگ، ئەستێرەی ئەمریکی ئەنجلینا جولی هەستەکانی خۆی بەرامبەر بە منداڵەکانی ئاشکرا کرد، هەروەها ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا پێیدا تێپەڕیوە، و کە تا ئێستاش پێیدا تێدەپەڕێت.

لە میانی چاوپێکەوتنەکەدا ئەنجلینا جۆلی گوتی: «لەم ڕۆژانەدا هەست بە کەمێك بێزاری دەکەم، دە ساڵە هەستم بە خۆم نەکردووە، ئێستا وەك مرۆڤێك بە پرۆسەی گۆڕانکاریدا تێدەپەڕم، هێشتا چارەسەری زۆرمان ماوە وەریبگرم بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆم بدەدۆزمەوە».

ئەنجلینا باسی ئەو هەستەی کرد کە دایکایەتی لە خۆیدا دروستی کردووە، و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دایکایەتیدا کردووە لە نێو ئەو جیابوونەوە پڕ لە گێژاوەی لەگەڵ براد پیت-دا پێیدا تێپەڕی، لەم بارەوە دەڵێت: «تەمەنم ٢٦ ساڵ بوو کاتێك بووم بە دایك، ژیانم بە تەواوی گۆڕا و منداڵبوون ڕزگاری کردم، فێری کردم بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم جیهانەدا بکەم، پێموایە بە شێوەیەکی تاریکتر دەژیام ئەگەر من نەمویستایە بۆ منداڵەکانم بژیم، ئەوان لە من باشترن، چونکە تۆ دەتەوێت منداڵەکانت بەو شێوەیە بن، واتە لە خۆت باشتر بن.»

جێگای سەرنجە، ئەنجلینا جۆلی و براد پیت لە ساڵی ٢٠١٦ دوای ١٢ ساڵ هاوسەرگیری جیابوونەوەیان ڕاگەیاند، ئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە شەش منداڵی لێکەوتەوە کە گەورەترینیان تەمەنی ٢٢ ساڵە و بچووکترینیان هێشتا نەگەیشتووەتە ١٥ ساڵ.

ئەنجلینا جۆلی بڕیاری داوە زۆرترین کاتی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەسەر ببات، پێدەچێت ژیانی پیشەیی خۆی لە هۆلیوود بکاتە پەیوەندییەکی خێزانی، بەو پێیەی کارە هونەریەکانی منداڵەکانی بووەتە واقیع، دوای ئەوەی چەند بڕیارێکی لەسەر ئاستی خێزان و پیشەیی داوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجلینا بەردەوامە لە وێنەگرتنی دیمەنەکانی لە فیلمێکدا دەربارەی ژیانی هونەریی گۆرانیبێژی ئۆپێرا یۆنانی (ماریا کالاس) کە لە ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە، کە خەڵاتی گرامی بەدەست هێناوە و بە نمایشە سەرنجڕاکێشەکانی لەسەر شانۆ و ژیانی سۆزداریی پڕ لە گێژاو ناسرا بوو.



دینا موحسین

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئافرەتانی هەولێر:

# زۆرێک لە خانمان بە هەڵە لە وەرزش تێگەیشتوون

**تیپی باڵەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کوردستان کە بەردەوام بەشدارن لە خولەکانی باڵەی کوردستان و عێراق، ئەم تیپە خاوەنی کۆمەڵێك کچە یاریزانی بەتوانان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیانە، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریی باڵەی لاوان دەدات لەسەر ئاستی کچان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بەم تیپە کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە سەرئاستی عێراق و کوردستان بکەن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (دینا موحسین)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای هەولێرە و پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی لە داهاتوو، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزشم هەبووە و هۆکاری هەڵبژاردنی باڵە بۆ خێزانەکەم دەگەڕێنمەوە، چونکە زۆربەیان یاریزانی باڵەن.

*** هەست ناکەیت یاریی باڵە وەرزشێکی قورسە بۆ ئافرەتان؟**

- بە بۆچوونی من هەڵبژاردنی ئەو وەرزشەی کە خولیایە، قورس نابێت بۆت، هەرچەند ماندوو بیت ئەو یاریکردنەت لا بە چێژتر دەبێت.

*** بۆچی لە ئێستادا یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- بەهۆی بوونی کۆمەڵێك بەربەست و گرفت و نەبوونی یاریگەی پێویست، نەبوونی کەلوپەلی مەشقکردن، نەبوونی پشتگیری لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە و، کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش هەن.

*** هۆکاری چییە ئەم یارییە لە ئاستی کچاندا پێشوازیی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- بێگومان لە شارێك بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام دڵنیام پشتیوان بە خوای گەورە لە ساڵانی داهاتوودا باشتر دەبێت.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەپێی پێویست لە ئاستێکی باش نییە، پێویستە زیاتر پەرە بەم وەرزشە بدرێت، چونکە تا بڵێی وەرزشێکی خۆش و لە سەر خۆیە و



پێکانی کەمترە لە چاو وەرزشەکانی دیکە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی کچانی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێویستە بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە وەرزش چییە و چی پێویستە، چونکە زۆرێك لە خانمان بە هەڵە لە وەرزش گەیشتوون، پێویستە پشتگیری بکرێن.

*** پلانی داهاتووت چییە؟**

- بەرنامەی زۆرم هەیە، بە پشتیوانی خودای گەورە بە جێیان دەگەێنم.

*** یانەی ئافرەتانی هەولێر بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟**

- تا ڕادەیەك هاوکارمانە، بەڵام بە ڕاستی پێویستمان بە پشتگیری زیاترە، چۆن دەبێ ڕاهێنەر لەسەر گیرفانی خۆی هاتووچۆ بە یاریزانان بکات و پێداویستییان بۆ دابین بکات.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی یاریگەی پێویست و کەلوپەل و پێداویستییەکان و پشتگیریکردن لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، ئەوانە هەمووی گرفتە بۆ یاریزانان.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- خەونم ئەوەیە سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم لە بوارەکەمدا و ئەو خەونانەی کە هەمە بەدییان بهێنم.

*** بەهیوای ئەوەیت هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

-بێگومان ئەوە نەك خەونی من، بەڵکو خەونی هەموو یاریزانێکە کە لە بوارەکەی خۆیدا بتوانێت بۆ هەڵبژارەی وڵاتەکەی یاری بکات.

*** چ هیوایەك بۆ وەرزش دەخوازیت؟**

- بەهیوای ئەوەم وەرزش بچێتە قۆناغێکی باشتر، دەبێ یاریزان زیاتر پشتگیری بکرێت لەلایەن هەر کەس و لایەنێك کە لەتوانایدا بێت، چونکە بە ڕاستی ئێمە وەك یاریزان پێویستمان بەوەیە پشتگیری بکرێین، گوناهە یاریزانێك تەمەنی ١٥ بۆ١٦ ساڵ بێت هیوای وەرزشکردنی هەبێت و گیروگرفت بێتە بەردەمی و ساردی بکاتەوە، بەهۆی نەبوونی پشتگیرییەوە چەند جارێك ساردبوومەتەوە لە وەرزشکردن، هیچ لایەنێك سەپۆرتی وەرزش ناکات لە یانەکانی کوردستان، ئەوەی بیەوێ وەرزش بکات دەبێ بۆ حەزی خۆی بیکات.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

-بێگومان پشتگیری تەواوم دەکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشی ناوەخۆ دەیکات.

# برووسک بەشداریی خولی پلە یەکی کوردستان ناکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برووسك یەکێکە لە تیپە دێرینەکانی شاری هەولێر کە وەرزی ڕابردوو توانی تیپەکە بهێڵنەوە لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، هەر چەندە بڕیار بوو ئەم وەرزە بە بەهێزییەوە بهێنەوە ناو خولەکە، بەڵام بەهۆی پشتگیرینەکردنی دارایی و کەڵەکەبوونی قەرز لەسەر یانەکە، کارگێڕیی یانەی برووسك بڕیاری بەشداری نەکردنیان داوە لە خولی یانەپلە یەکەکانی وەرزی نوێ، لەم بارەشەوە (محەمەد حەمەخان) سەرۆکی یانەی وەرزشیی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەرزش بەم شێوەیە بەڕێوە ناچێت، ئێمە بڕە پارەیەك قەرزارین و بۆ خولەکان پارەمان قەرز کردووە، بۆیە وەکو ئیدارەی یانەکە پێمان باش بوو چەند ساڵێك داببڕێن، هاوکات گرنگی بە تیپەکانی لاوان بدەین و بتوانین بۆ چەند ساڵی داهاتوو تیپێکی باش و بەهێز دروست بکەینەوە و بتوانین بگەڕێینەوە خولەکە، ئێستاش بەشێکی زۆری یاریزانانی یانەکەمان لە تیپەکەدا نەماون چوونەتە تیپی دیکە، هیوادارین بتوانین کار بۆ ئەوە بکەین لە داهاتوو بە بەهێزی بگەڕێنەوە، ئێستا وەرزش هەمووی پارەیە و بە پارە بەردەوامی بە تیپەکان دەدرێت، یانەکەی ئێمەش باری دارایی وەکو پێویست نییە و ناتوانی ئەم بارە گرانە لە ئەستۆ بگرێت».




# ئارارات بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێدراوە



هەر چەندە یانەی وەرزشی ئاراراتی هاوینەهەواری پیرمام وەرزی ڕابردوو توانی پلەی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بە سەرکردایەتی (عەبدوڵا مەحموود)ی ڕاهێنەر بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە بەهۆی نەبوونی توانای دارایی پێویست و کەڵەکەبوونی قەرزی زۆر لەسەر یانەکە، بڕیاری بەشداری نەکردنیان لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دابوو، کە بڕیارە ڕۆژی ١ی مانگی داهاتوو یارییەکانی دەست پێبکات، بەڵام دواجار یانەکە پەشیمان بوونەوە لە بەشداری نەکردن و ئێستا ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن دەکات، لەم بارەشەوە وەلید ئەنوەر موراد سەرۆکی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرەتا ئێمە بڕیارماندا کە لە خولی نایابی کوردستان بەشدار نەبین، هۆکارەکەشی بۆ بوونی قەیرانێکی دارایی سەخت بوو، ئەم قەیرانەش بۆ ماوەی سی تا چوار ساڵە بەردەوامە لەگەڵماندا، بڕی ئەو قەرزەی کە لەسەر یانەکەمان بوو بۆ ٤٠٠ ملیۆن دینار دەچوو، هاناشمان بۆ حکومەت برد، بەڵام ئێستا کە بڕیاری گەڕانەوەمان داوە هەندێک کۆمپانیا و پیاوی بەڕێز هاتونەتە سەر هێڵ، بەڵێنی هاوکاریی تیپەکەیان داوە، تەنیا بۆ ئەوەی ئێمە بەردەوام بین بۆ بەشداریکردن، دەستەی ڕاهێنەرانیش وەکو خۆی ماونەتەوە و ئێستا مەشق دەکەن و یاریزانەکانمان بەوەفا دەرچوون، پەنا بەخودا ئاستێکی باش پێشکەش دەکەین».

# گازی باکوور چاوی لە خولی نایابی عێراقییە



یانەی گازی باکووری نوێنەری شاری کەرکووک، ئامادەکاری بۆ خولی پلەیەکی یانەکانی عێراقی دەکات، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بتوانێت یەکێک بێت لە تیپە سەرکەوتووەکان بۆ بەدەستهێنانی پلێتی گەیشتن بە خولی نایابی عێراقی، کارگێڕیی یانەکەش بۆ ئەم وەرزە زیاتر لە ١٧ یاریزانی هێناوەتە یانەکە، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بتوانێت یەکێک لە تیپە سەرکەوتووەکانی خولەکە بێت، لەم بارەشەوە (هەردی نورەدین) یاریدەدەری ڕاهێنەری گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی ئەمساڵی خولی پلە یەکەکانی عێراقی، ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە و لە ٢٠ی مانگی نۆ دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی یاریزانان، بۆ ئەوەی بە بەهێزی خۆمان بۆ ئەو خولە ئامادە بکەین، چوار یاریزانی پیشەگەرمان هێناوە و نرخی گرێبەستی هەر یاریزانێک ٢٥٠٠ دۆلارە بۆ هەر مانگێک، جگە لەوەش زیاتر لە ١٥ یاریزانی دەرەوەی کەرکووکمان هێناوەتە ڕیزی تیپەکە، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ڕیزی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، هیوای زۆرمان بەو تیپە هەیە و دوو کەمپی مەشقیش ئەنجام دەدەین، بڕیاریشە یارییەکانی خولەکە لە ٢٠ی مانگی ١١ بەڕێوەبچێت.

# سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی کیراتین بۆ قژ

گەلێک کەس بە مەبەستی قژێکی بەهێز و خاو و بریقەدار، کیراتین بۆ قژ بەکاردێنن. چارەسەر بە کیراتین Keratin treatment هاندەرە بۆ ڕاستکردنەوەی قژی لوول و زیادکردنی بریقەی قژ، بەڵام بەدەر نییە لە چەند زیانێکی لابەلا. کیراتین پرۆتینێکی ڕیشاڵییە و پێکهاتەی سەرەکیی قژ و نینۆکەکانە، چارەسەر بە کیراتین هاندەرە بۆ پاراستنی پرۆتینی سرووشتیی قژ، هەروەها گونجاوە بۆ قژی وشك و ناسك، پاشان ڕۆڵی هەیە بۆ خاوکردنەوەی قژی لوول کە ستایلکردنی ئاسان دەبێت و شێداریی هەوا کاریگەری ناکاتە سەر خاوبوونەوەکەی. لایەنە نەرێنییەکانی چارەسەر بە کیراتین: لە ڕووی نرخەوە گرانە، کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام دەبێت کە بە ٢-٤ مانگ دەخەمڵێنرێت، زیانە لابەلاکانی ماددەی فۆرمەلدیهاید کە پێکهێنەرێکی بنچینەیی چارەسەرکردنە بە کیراتین بە شێوەی سووتانەوەی پێست، زیاد فرمێسککردن، هەستکردن بە سووکبوونی سەر Lightheadedness، لەگەڵ سەرئێشە، لە لایەکی دیکە بەکارهێنانی کیراتین ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، بۆنموونە: لەوانەیە کە ٩٠ خولەکی پێویست بێت بۆ قژی درێژ تاکو بەتەواوی هەموو تاڵە مووەکان بگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئوتووی گەرم بۆ قژ بۆ هاندانی لکانی پرۆتین بە یەکە یەکەی تاڵە قژەکانەوە.



# بەهای خۆراکیی پەتاتەی شیرین

پەتاتەی شیرین بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، چونکە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی A، C، B6، لەگەڵ کانزاکانی مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، کۆپەر، هەروەها دژەئۆکسانی بیتا کارۆتین Beta carotene.

سوودە تەندروستییەکانی پەتاتەی شیرین: خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان وەکو شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لەسەر ئاستی خانەکانی لەشدا، لەوکاتەی کە بوونی هەوکردن Inflammation لە لەشدا ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی دڵ بەرزدەکاتەوە، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ، بۆنموونە هەر ١٠٠ گرام پەتاتەی شیرین نزیکەی سێ گرام ڕیشاڵ لەخۆدەگرێت، کە هەڵمژینی شەکر لە کۆئەندامی هەرسدا لەسەرخۆ دەکاتەوە، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لەوکاتەی کە پەتاتەی شیرین سەرچاوەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو جۆرەی نیشاستە کە وەکو ڕیشاڵ وایە Resistant starch و لە ڕیخۆڵە باریکەدا هەرس ناکرێت و هەستی تێربووبوون پەیدا دەکات.





# باشترین کات بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی پەیوەست بە کێشی لەش بریتییە لە کاتی خواردنی ژەمە سەرەکییەکان، ئەگەرچی هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە کالۆری هەر کالۆرییە، جا ئەگەر ژەمی ئێوارە لە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ یان لە کاتژمێر ١٠ی شەودا بێت، ئەوا کۆی گشتی وزەی وەرگیراو هەمان شتە، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت دەکەنەوە کە کاتی خواردن کاریگەریی زۆر دەکاتە سەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەش لەگەڵ کۆی گشتی وزەی وەرگیراوی ڕۆژانە لە خۆراکەوە TEI.

کەواتە کەی باشترین کاتە بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە؟ لە نوێترین توێژینەوەی زانکۆی پزیشکیی هارڤارددا هاتووە کە خواردنی ژەمی ئێوارە لە کاتێکی درەنگدا هاندەرە بۆ زیادبوونی کێش و قەڵەوی لەگەڵ گرفت لەکاتی هەوڵدان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، جەخت لەمەش کراوەتەوە کە کاتی خواردن کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر توانای سووتاندنی کالۆری، خەزنکردنی چەوری، هەستکردن بە برسیبوون، لەگەڵ میتابۆلیزمی شانە چەورەکان. کەواتە بە ڕای پسپۆڕان باشترین و گونجاوترین کات بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە بریتییە لە کاتژمێری نێوان ٥,٣٠-٧,٣٠ ی ئێوارە. ئەمە ڕوونە کە کرداری هەرسکردنی خۆراك لە کۆتایی ڕۆژدا لەسەرخۆدەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ماوەی نێوان ژەمی ئێوارە و کاتی نووستن لە ٣ کاتژمێر کەمتر نەبێت، بۆنموونە ژەمی ئێوارە لە کاتژمێر ٧ و نووستن لە کاتژمێر ١٠ی شەو یان درەنگتر ئەوا هاندەر دەبێت بۆ هەرس و خەوێکی باشتر، هەروەها ئاستێکی باشتری شەکری خوێن، باشتربوونی میتابۆلیزمی چەوری، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و پەستانی خوێن.

## میوە گونجاوەکان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش



زۆربەی کەسانی قەڵەو یان خاوەن کێشی زیاد، پێیان وایە کە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش پێویستە کە لە خواردنی هەموو جۆرە میوەیەك دوور بکەونەوە، بەڵام لە لایەنی زانستییەوە ئەم بۆچوونە هەرگیز ڕاست نییە لەوکاتەی کە هەندێك جۆری میوە ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ تاودانی دابەزاندنی کێشی لەش، کە هاوکات سوودی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنن. ئەمە گومانی تێدا نییە کە هەموو میوەکان زۆر گرنگن بۆ تەندروستی، بەڵام هەندێك جۆری میوە ڕێژەیەکی بەرزی شەکری سرووشتی لەخۆدەگرن، بۆیە زیاد خواردنیان هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی لەش، تەنیا ئەو جۆرانەی میوە گونجاون بۆ کۆنترۆڵکردن و دابەزاندنی کێش کە ڕێژەیەکی نزمی شەکر و ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵ لەخۆدەگرن، بۆنموونە: ئەناناس کە بە وزەیەکی کەمەوە دەوڵەمەندە بە ڤیتامین C، کیوی کە پڕە لە ڕیشاڵ و ڤیتامین C و ڤیتامین B9، ئاڤۆکادۆ کە ڕێژەیەکی بەرزی چەوری و ڕیشاڵ لەخۆدەگرێت، میوەی پاپایا Papaya کە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ و ڤیتامین C، گرەیپ فروت، سێو کە ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵ لەخۆدەگرێت، کاڵەك، شووتی کە تا ڕێژەی ٩٠٪ ئاوی تێدایە، تووەتەکانی وەکو شیلیك و بلوبێری Blueberry و بلاك بێی Blackberry، پرتەقاڵ کە پڕە لە ڤیتامین C، هەروەها قەیسی، ئاڵوو، کۆخ، گێلاس.

## کەمی پۆتاسیۆم لە لەشدا



پۆتاسیۆم زۆر گرنگە بۆ تەندروستی، کەمیی پۆتاسیۆم لە لەش یان لە خوێندا Hypokalemia حاڵەتێکی باوە، واتە کەمتر لە ڕێژەی ئاسایی کە بریتییە لە ٥,٢-٣,٧ میللی ئیکویڤالەنت لە هەر لیترێکی خوێندا (mEq/L) کە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی چەند نیشانەیەکی وەکو: بێهێزبوونی ماسوولکەکان کە زیاتر لە قاچەکان و نیوەی سەرەوەی لەشدا بەدی دەکرێت و لە حاڵەتە سەختەکاندا دەبێتە ئەگەری ئیفلیجبوون، قەبزی لەوکاتەی کە پۆتاسیۆم ڕۆڵی هەیە لە گرژبوونەوەی هەموو پەیکەرە ماسوولکە و تەشیلە ماسوولکەکانی لەشدا، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، دڵەکوتێ Palpitations و ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ، هەستکردن بە تەزین و سڕبوونی لە پەلەکان بەتایبەتی لە دەست و قاچەکاندا، زیادبوونی میزکردن، هەروەها هەستکردن بە تینووبوون. هۆکارەکانی کەمیی پۆتاسیۆم لە لەشدا: زیاد بەکارهێنانی دەرمان بۆ قەبزی، کەمیی پۆتاسیۆم لە خۆراکدا، زیاد ئارەقەکردن، کەمیی مەگنسیۆم لە خوێندا، گرفت لە گلاندەکانی ئەدرینالی سەر گورچیلەکان، زیاد خواردنەوەی ئەلکهول، سکچوونی درێژخایەن، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك دەرمان.



# چەند ڕاستییەک سەبارەت بە کێشانی ڤەیپ

پسپۆران ڕوونیان کردووەتەوە، جگەرەی ئەلیکترۆنی Electronic cigarettes کە هەموو جۆرەکانی ڤەیپ Vape دەگرێتەوە، بریتییە لە گەرمکردنی ماددەی نیکۆتینی وەرگیراو لە تووتن، لەگەڵ چەند ماددەیەکی چێژبەخش و ماددەی کیمیایی دیکە، کە هەموو شتێك دەربارەیان بە تەواوی نەزانراوە، بە هەر حاڵ پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە ئەم ڕاستییانە سەبارەت بە ڤەیپ بزانێت کە بریتین لە:

- بە پێی ڕاپۆرتی سەنتەری ئەمریکیی کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC، زیانی کێشانی ڤەیپ لە زیانی جگەرەکێشان کەمترە، بەڵام هێشتا سەلامەت نییە، بۆ نموونە جگەرە زیاتر لە ٧،٠٠٠ ماددەی کیمیایی لەخۆدەگرێت کە گەلێکیان ژەهراوین، بەڵام سرووشتی ماددە کیمیاییەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی بە تەواوی نازانرێن.
- لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە کێشانی ڤەیپ زیانبەخشە بۆ دڵ و سییەکان لەوکاتەی کە نیکۆتین ماددەیەکی ژەهراوییە.
- ڤەیپ بە هەمان شێوەی جگەرە دەبێتە ئەگەری ڕاهاتن، یان خوپێوەگرتن، چونکە نیکۆتینی تێدایە.
- هەرگیز ڤەیپ باشترین ڕێگە نییە بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان، بەڵکو باشترین ڕێگە بریتییە لە دوورکەوتنەوەی تەواو لە جگەرە و جگەرەی ئەلیکترۆنی و تووتن بە هەموو شێوە و جۆرەکانی.

# پەنجەکانت دەبن بە ماوس




ماوس ئامێرێکە تایبەت بە کۆمپیوتەر و لەم دواییەشدا، مۆبایل و تیڤیە زیرەکەکانیش سوود لە ماوس وەردەگرن. ماوسی Tactigon SKIN لە هەموو ماوسێك جیاوازە، هەم لە کارکردا و هەم لە شێواز و ستایلدا. ماوسەکە وەك نیمچە ئەڵقەیەك لە پەنجەکان دەکرێت. دوای ئەوە پەنجەکان دەبن بە یەك پارچە دوگمە. دوگمەکان بە چ ئاراستێك ببەی وەك ماوس جوڵە دەکات، بۆ نموونە ئەگەر بۆ کۆمپیوتەر بەکاری بێنی، کاتێك لە هەودا دوو جار پەنجە دابگری، کاری دوو کلیك دەکا، هەرکات پەنجەکەت بە شێوەی بازنەیی بسوڕینی، بازنەیەك لە پرۆگرامە گرافیەکاندا دەکێشیەوە. هەموو ئەرك و فەرمانێك بە پەنجەکانت جێبەجێ دەبێ بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بەکار بێنی. ماوسەکە تەنیا تایبەت نییە بە کۆمپیوتەر یا تیڤی یا مۆبایل، بەڵکو بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو ئەو ئامێرانە دەبێت کە پێویستیان بە ڕیمۆت کۆنترۆڵە، سپلیتی پێ هەڵدەکرێ و کەم و زیاد دەکرێ، تیڤی کۆنترۆڵ دەکا، هەر ئامێرێك کە ڕیمۆت کۆنترۆڵی هەیە وەك: درۆن، ئۆتۆمبیلی منداڵانە، ڕۆبۆتەکان...تاد بەو ماوسە کۆنترۆڵ دەکرێت.

# کۆنسۆڵی گەیمی دەستی 4K

ئامێرەکانی یاریکردنی ئەلکترۆنی گەلێك جۆرن، لە مۆبایل و لاپتۆپەوە بگرە هەتا دەگاتە پلەی ستەیشن و ئیکس بۆکس و نیتندۆ....تاد. کۆنسۆلی یاریکردن جۆری Pimax portal یەکێکە لەو ئامێرانە. ئامێرەکە دەستییە شاشەیەکی بچووکی هاوشێوەی تەبلێتی هەیە لەگەڵ دوو دەستکی موگناتیسی کە بە ئامێرەکەوە دەنووسێن و کۆنترۆڵی گەیمی پێدەکرێ.

کۆنسۆلی ناوبراو بە کوالیتی 4K نیشان دەدا. لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێ و هەموو یارییەکانی ئەو سیستەمە دەخوێنێتەوە. هەروەها یارییە ڤیدیۆییەکانی سیستەمەکانی دیکەش. داتاگەی داکردنی یارییەکان واتە هاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە.

کارکردنی بەرچاو و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئامێری ناوبراو کە یەکەی لێکدانەوەی جۆری Snapdragon 865 ە وای کردووە لەخۆوە فێنك بێتەوە. دەسکەکانی کۆنترۆڵ کردن کە بەلای چەپ و ڕاستی تەبلێتەکەی گەیمەوە دەنووسێن ٣٢ دوگمەی هەیە. دەتواندرێت لە ئامێرەکە بکرێنەوە و لە دوورەوەش یاری پێبکرێ.





## رۆبۆتی شێوەکار

رۆبۆتـەکان خەریکـە شـوێنی مرۆڤـەکان لـە زۆربـەی کاروبارەکانی ژیانـدا دەگرنـەوە! بـۆ نموونـە ئـەو رۆبۆتـە کـە کاری نیگارکێشـان و شـێوەکاری دەکا.

Joto Robotic رۆبۆتیـك نـاوی رۆبۆتێکی شـێوەکارە، کـە لەسـەر دیـوار و تەختـە سـپی و هـەر شـوێنێك کـە بەکارهێنـەر مەبەسـتی بێ، تابلۆی هونـەری دەکێشـێتەوە. جۆتـۆ هـەر کاری هونـەری نـاکا، بەڵکـو دەکرێـت یادداشـتی رۆژانەشـت بـۆ بنووسـێتەوە. بـۆ کافـە و ریسـتۆرانت و هوتێلـەکان تابلـۆی نرخـەکان دەنووسـێت و نوێیـان دەکاتـەوە.

بـە یـەك دوگمـەش تابلۆکـە دەسـڕێتەوە. هـەر وێنەیـەك لەسـەر مۆبایـل یـا کۆمپیوتـەر بـێ و بـە پرۆگرامێکـی تایبـەت بەخـۆی دەکـرێ بـۆی بـەرێ بکـەی و ئەویـش لەسـەر دیـوار بیکێشـێتەوە. دەکرێت لـە رێگای دوورەوەش فەرمانی پێبدەی و تا وێنە بکێشێتەوە.



## ئامێرێکی وەرگێڕ گەشتەکانتان ئاسان دەکات

مرۆ چەند زمان بزانێ ئەوەندە مرۆیەیە، ئەمە پەندێکی جیهانی یا کوردییە. لەم سەردەمەدا ئەم پەندە ئەو گرنگییەی نەماوە، چونکە بە هۆی مۆبایلەکەت دەکرێ ببی بە چەندین مرۆ و بۆ هەر گەشتێك بچی، کێشەت بۆ نایەتەپێش. لە مۆبایلیش ئاسانتر وەرگێڕی بچووکی Flu-entalk T1 mini کە زۆر بچووکترە لە مۆبایل و بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئینتەرنێت بێ، پشتیوانی لە ٣٦ زمانی زیندووی جیهان دەکات و وێنە و تابلۆی زمانە جۆراوجۆرەکان وەردەگێڕێ. وەرگێڕێکە هیچ تێچوویەکی ناوێت. بەڵام سیستەمی وای-فای هەیە و لە کاتی بوونی ئینتەرنێتدا پشتیوانی لە زۆربەی زمانەکانی زیندووی جیهان دەکا.

تەنیا بە دوگمەیەك و بە ئاسانی بەبێ ئەوەی بۆ هەر زمانێك فەرمانێك دابگری، کاری وەرگێڕان دەکا. خۆی خۆکار وەردەگێڕێت. سەرەڕای وەرگێڕانەکان بە دەنگ بڵاودەکاتەوە، لەسەر شاشە بچووکەکەی دەقەکەش نیشان دەدا.

# هێدفۆنی پاڵاوتنی هەوا




گشتگیربوونی پەنای کرۆنا، بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی نوێ و هەموو شتێك بۆ نموونە تەکنەلۆژیای خستە ژێر کاریگەری خۆی. کۆمپانیای dyson بەرهەمێکی ناوازەی لەم بوارەدا بەرهەم هێنا، زۆر وەك فیلمی خەیاڵی زانستی دەچێت. هیدفۆنی Dyson Zone بەرهەمێکی ڕێکە. ٨ مایکی تێدایە کە ژاوەژاوەکان دەسڕنەوە. بە کورتی دەنگەکان دەپاڵێوێ، جگە لە دەنگی مەبەست گوێت لە هیچ دەنگێکی دیکە نابێ. جگە لەوە فیلتەرێکی تایبەت بە پاڵاوتنی هەواشی هەیە کە هەوای دەوروبەر پاك دەکاتەوە. دوو جۆر فیلتەری هەوای تێدایە، یەکەم فیلتەری ئەلکترۆستاتیك، کە دەکرێت زۆربەی گەردیلە و تۆز و خۆڵە بچووەکان بپاڵێوێ و نەهێڵێ بێنە ناو دەم و دانەوە. فیلتەرێکی تایبەتیش بۆ ڕاکێشانی دی ئۆکسیدی نیترۆژن. کاتێك ئەو فیلتەرە چالاك دەبێت، بەکارهێنەر هەوایەکی پاکی پاك هەڵدەمژێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دوو پارچەی C و D بکەم بەیەك، چونکە قەبارەی درایڤی C کەمە و دەمەوێ هەردوو درایڤەکە یەك بن؟**


بەڕێز پارچە کردنی هارددیسك، ئاسانە بەڵام بەراستی دەبێت زۆر بە پارێزەوە بیکەی، ئەگینا زانیارییەکانی ناو درایڤەکانت لە ناو دەچن، یان ئەگەر بچووکترین هەڵە بکەی، کێشە بۆ درایڤەکان دێتە پێش. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەسەر ئایکۆنی کۆمپیوتەر لەسەر دیسکتۆپەکەت کلیکی لای ڕاست دابگری و پاشان بەشی manage هەڵبژێری و لەوێشدا بەشی Disk Management بدۆزیەوە و کلیکی لەسەر بکەی، لەسەر پارچەی D کلیك بکە و Delete Volume هەڵبژێرە بۆ ئەوەی بسڕێتەوە. پاشان لەسەر پارچەی C کلیك ڕاست بکە و Extend Volume هەڵبژێرە و دوای ئەوە بۆکسێك دەکرێتەوە بە ویستی خۆت قەبارەی پارچەی C گەورە بکە.

# مێزی کۆمپیوتەر و پایسکلی وەرزشکردن



یەکێك لە گرفتە تەندروستییەکانی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە مرۆ زۆر لەسەر پشت مێز دادەنیشێ و ئەوەش قەڵەو و بەرزبوونی کێشی بەدواوەیە. فەرمانبەرێك کە هەشت کاتژمێر لە پشت مێزی کۆمپیوتەر دادەنیشێ، بێگومان تووشی کێشەی تەندروستی دێت.

کۆمپانیای ئەیسەر بۆ چارەسەری ئەمە مێزێکی کۆمپیوتەری جۆری Acer eKinekt BD3 بەرهەم هێناوە، بەهۆیەوە بەکارهێنەر هەم وەرزش دەکات و هەم کاری کۆمپیوتەر دەکا. خوارەوەی مێزەکە پایسکلێکی جێگیری وەرزشییە. لەکاتی کارکردندا پێدان لێدە و کاریش بکە. دەکرێت وەڵامی ئیمێلەکان بدیەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکەی یا بابەتێك تایپ بکەی. خاڵی جێگای سەرنجی مێزەکە ئەوەیە کە وزەی پێویست بۆ کۆمپیوتەرەکە لە خودی مێزەکە وەردەگیردرێت و واتە لەگەڵ پێدان لێدان، پاوەربانکێك بە پێدان لێدانەکان شەحن دەبێتەوە و وزە بۆ کۆمپیوتەر دابین دەکا. بە دانانی ئاپێك لەسەر مۆبایل، دەتوانی ئاگاداری چۆنییەتی وەرزشکردنەکەت بی، وەك بە پێدان لێدان چەند کیلۆمەتر بڕیوە. چەند وزە سووتاوە، لێدانی دڵ و ڕێژەی ئۆکسجینت بزانی.



# شاشەیەک دەچەمێتەوە و لوول دەدرێ

لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا، گۆڕانێکی زۆر بەسەر شاشەدا هاتووە، چ مۆبایل بێت یا تیڤی یا کۆمپیوتەر، شاشە چەماوەکان، یا شاشە نووشتاوە و لوولدراوەکان، گۆڕانێکی گەورەن. وا دەکەن قەبارەی ئامێرەکان بچووکتر بێتەوە و لەکاتی پێویستیشدا شاشەکانیان مەزنتر بێت.

سامسۆنگ لەو بوارەدا لە ڕیزی دەستەبژێرەکانە، شاشەی چەماوەی و لوولدراوەی Flex Hybrid نموونەیەکە لەو بەرهەمانەی سامسۆنگ.

شاشەی ناوبراو وا دەکا جیاوازی نێوان مۆبایل و تەبلێت نەمێنێ. شاشەکە دەبێتە ١٠ ئینج و ١٤ ئینج و ١٧,٣ ئینج. هەم دەنووشتێتەوە و هەم لوول دەدرێت. یەکەی لێکدانەوەیەکی بەهێزی لەسەرە و هەروەها ڕامێکی بەهێز. بەکارهێنەر لەکاتی پێویستدا وەك تەبلێت مۆبایلەکەی بەکاردێنێت و پێچەوانەش.




## ماڵپەڕێک جیاوازی نێوان وێنەی خەیاڵ و ڕاستی ناهێڵێ

زیرەکی دەستکرد هەموو بوارێکی تەنیوەتەوە، بەتایبەتی لە بواری گرافیك و دیزاین و وێنە و فیلم و دەنگدا. یەکێك لە ماڵپەڕە سەرنج ڕاکێشەکان، ماڵپەڕی this-person-does-not-exist.com. مەبەستی ئەو ماڵپەڕە ئەوەیە کە پارێزگاری لە وێنە تایبەتەکان بکا و وێنەی ڕاستی بۆ مەبەستی تایبەت بەکار نەیەت. بۆ نموونە کاتێك نەخشەسازی گۆڤار یا ڕۆژنامەیەك وێنەیەکی دەوێت، نابێت یەکسەر پەنا بۆ گوگل بەرێت و بە دوای وێنەکەدا بگەڕێت، ڕەنگە وێنەکە بدۆزێتەوە، بەڵام کێ دەڵێ ئەوە وێنەی کەسێك نییە کە حەز ناکات وێنەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دابەزێت. ئەو ماڵپەڕە وێنەیەکی نا واقیعی بۆ دەهێنێت کە تەواو لە وێنەی ڕاستی دەچێت و بێ ئەوەی کەس هەست پێبکات.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پاشخانی وێنە

لە کاری دیزاین و گرافیکدا، ڕەنگە دژوارترین بەش ئەو بەشە بێت کە دەبێت پاشخان واتە (بەکگراوەند)ی وێنەیەك لابەری و شتێکی دیکە دابنێی، جا ئەگەر وێنەکە ناڕوون و لێڵ بێت و ڕەنگی باکگراوەند و وێنەکە لێك نزیك بن، بەتایبەتی بۆ لابردنی ڕەنگی دەوروبەری پرچ و موو. زۆر ماڵپەڕی زیرەکی دەستکرد تایبەت بەمە بەرهەم هاتوون و هەروەها پرۆگرامی زۆر سەرکەوتووش. پرۆگرامی Teorex PhotoScis-sors یەکێکە لەو پرۆگرامە باشانە بۆ ئەم مەبەستە بەرهەمهاتووە. بەبێ ماندوو بوون دەتوانێت ڕەنگی پاشخانەکە تەنانەت ئەگەر زۆر ڕوونیش بێت لابەرێت. بەکارهێنەر تەنیا ئەوەندەی لەسەرە، شوێنەکە دەستنیشان بکات و ئەوکات پرۆگرامەکە خۆکار دەیسڕێتەوە. هەروەها دەتوانیت بە ئاسانی وێنەیەکی دیکە لەسەر وێنەی سەرەکی دابنێی و کۆلاژی پێبکەی. هەروەها بە ئاسانی لۆگۆی سەر وێنەکان لادەبات و لە هەموو فۆرماتێکیش پشتیوانی دەکا.







# پاکێجی ماکیاژ لە وەرزی گەڵاڕێزان

پاییز کە وەرزی خەزانە، هەندێك جار مرۆڤ هەست بە دڵتەنگی دەکات، بەهۆی نالەباریی کەشوهەوا و سەرەتای دەرکەوتنی سەرماوە گۆڕانکاری لە جلوبەرگ و شێوازەکاندا دەکرێت، بەم چەشنە ماکیاژەکانیش پێویستیان بە گۆڕانکاری دەبێت، پاکێجێکی گۆڕانکاری لە ماکیاژەکاندا بۆ ئەو وەرزە هەن، بریتیین لە: هایلاتی کەم و بریقەداری کەم، کە ئەوەش بە ڕێگەی هەڵبژاردنی بۆدرەی پێستی چەور و شلەی تێکەڵ یان کرێمی بەڵسەمی پێستی وشك. بۆ ڕوومەتەکانیش، ڕەنگی سووری کاڵ بەکاربهێنە بە بەکارهێنانی فڵچەی بۆدرەی خڕ یان لار، تاوەکو بە جوانی بەسەر ڕوومەتتەوە بنیشێت، ماکیاژی چاوانیشت با شێوازی دووکەڵی پێوە دیار بێت، کە ڕەنگەکانی زێڕ و زیوین، کە چاوانت بریقەدار دەکەن، ئەوەش بە ڕێگەی دانانی سێبەر یان پشتەچاو بە درێژایی برژانگت، لێویشت با بە ڕەنگی بێجی و گوڵ و سووری تەواو بێت، یان باینجانی بۆ شەوانە، برۆیەکانیشت بەرز بکەرەوە و نێوانیان لەگەڵ چاوانت داپۆشە و پڕی بکەوە، ئایلاینەری چاویش لەو وەرزەدا شێوەی کلاسیکی بۆ هەڵبژێرە.





# ڕەنگی دڵخوازی جلەکەت لە وەرزی پاییزدا

پسپۆڕان ڕەنگە خۆشەویستەکەی ئافرەتانیان لە وەرزی سەرما و پاییزدا لە لووتکەدا داناوە، ئەو ڕەنگە بۆ جل و ماکیاژیش ناوازەیە، کە ڕەنگی پەمەییە، بێگومان هەمووان کۆمەڵێك جلی پەمەیی و ڕەنگەکانی ماکیاژی لە نێو کەرەستەکانیدا بەدی دەکرێت، هەروەها دەکرێت خشڵە پەمەییەکانیش لە وەرزی سەرمادا بەکار بهێنیت. پەمەیی ڕەنگێکە گوزارشت لە مێینەیی و ناسکی ئافرەت دەکات، لەگەڵ ڕەنگی سپی و ڕەشیش زیاتر خۆی دەگونجێنێت، بەتایبەت ئەگەر جلێکی تێکەڵت هەبێت لە ڕەنگەکانی پەمەیی و ڕەش، یان پەمەیی و سپی، جگە لە جلەکان، دەکرێت پێڵاوێکی وەرزشیی پەمەییش لە پێ بکەیت. ڕەنگی پەمەیی خۆی لە سێ جۆر ئاستی ڕەنگەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، پەمەیی تۆخ کە بۆ چاکێت و قەمیس ناوازەیە، پەمەیی ناوەند بۆ پانتۆڵ و پشتێنەکان گونجاوە، پەمەیی کاڵ، بۆ پێڵاو و بلووز و بەدی ناوازەیە.

## چۆن خۆت دەکەیتە کەسێکی شیرین و سەرنجڕاکێش



کەسایەتی و شێوەی مامەڵە کردنت هیچی لە جوانی و جوانکاریت کەمتر نییە، بۆیە تا چەند پەرە بە ئاستی کەسایەتی و شێوازی قسەکردن و گفتوگۆت لەگەڵ دەورووبەر بدەیت، پێگە و ئاستت بەرز دەکاتەوە و دەبیتە خاوەن کەسایەتییەکی بەرز و خوێنشیرین، ماوەتەوە بڵێین، چۆن وا دەکەیت کە کەسێکی شیرین و ڕووخۆش دەربکەویت، سەرەتا لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دەمبەخەندە بە، هێندە نەبێت کە ببیە جێگەی گاڵتەجاڕی، هەروەها کەمیش نەبێت کە ڕوخسارت توند و توڕە دەربکەوێت، هەوڵ بدە کەسانی دیکە نەشکێنیتەوە و قسەت خۆش بێت، بێگومان ناکرێت لەگەڵ هەمووان وابیت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ سێ بەشی هاوڕێکان و کەسانی دەورووبەرت بەم چەشنە مامەڵە بکەیت، پێگەت جیاوازتر دەردەکەوێت، خوێن شیرین بوون و سەرنجڕاکێشیت ماوەیەکی کەمی پێویستە، بۆیە دەتوانی بە ماوەیەکی کورت خۆت بگونجێنیت، گرنگی بە پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی دەورووبەر بدە، هەوڵ بدە زووزوو هەواڵیان بپرسیت، دەستخۆشی و سوپاس و پێزانین، زیاتر پایەدار و کەسایەتیت سەرنجڕاکێشتر دەردەخات.





# وێنەی ڕاستەقینەی سەر دراوەکان

لەسەر دراوی هەر وڵاتێک وێنەیەک هەیە، کە ئاماژە بە شوێنێک یان کەسایەتییەک یان لایەنێکی گرنگی ئەو وڵاتە دەکات، کە دراوەکەی مامەڵەی پێ دەکرێت و بە شێوەیەکی یاسایی بۆ ژیانی ڕۆژانە و مامەڵەکردن کاری پێ دەکرێت، دراوی عێراقیش کە دینارە، لەسەر هەر جۆرە بەهایەکی پارەکانیدا، بەشێک یان لایەنێکی لەسەر دراوەکە چاپ کردووە، وەک ناساندن و ئاماژەدان بە شوێنەکە، کە شوێنەوارێکی دێرینە یان لایەنێکە، دوای ئەوەی کورد پێگەی خۆی لە عێراقدا بەهێز دەبێتەوە، داوا کرا کە شوێنە گرنگەکانی کوردستان یان تاڤگە و بەشە گەشتیارییەکانی کوردستان لەسەر دراوەکاندا هەبێت، هەروەها بە زمانی کوردیش لەسەر دراوەکانی عێراقدا نووسراوە، ئەو وێنانەش ئاماژەن بۆ شوێنی ڕاستەقینەی نێو دراوەکان.



# مۆنالیزا بۆ خواردن

یەکێک لە تابلۆ نایابەکانی وێنەکێشی جیهانی (لیۆناردۆ داڤنشی)یە، کە بە ناوی مۆنالیزا، ناوبانگێکی گەورەی هەیە، تەنانەت زۆربەی وێنەکێشەکانی دیکە لاسایی ئەو وێنەیە دەکەنەوە، کەچی وەک وێنە ئۆرجیناڵەکەی لێنایەت. دواجار چێشتلێنەر و هەویرکارەکانیش دەیانەوێت لەو بوارەدا کێبڕکێ بکەن، ئەوەش بە دروستکردنی کێکێکی گەورە لە شێوە و وێنەی مۆنالیزا، نزیکەی (٣٠) قوتابی و هەویرکار بە یارمەتی هەویرکاری وڵاتی ژاپۆن (ئاییر کوریهارا) وێنەی مۆنالیزایان لە (٢٢٠٠) پارچە کێکی خواردن کێشاوە، وێنەکەش جوان دەرچووە و وەک ئەوەیە تابلۆیەک بێت و بە کەرەستەکانی وێنەکێشان کێشرابێت.



# تونێلی ژێر ئاو

درێژترین تونێلی ژێر ئاو، ئەو تونێلەیە دەکەوێتە نێوان شاری بەکین لە لایەک و وڵاتی تایوان لە لایەکی دیکە، کە درێژیی تونێلەکە دەگاتە (١٣٥) کیلۆمەتر، بەشی سەرەتای لەسەر وشکانییە و دواتر دەچێتە ژێر ئاو تا ئەو کاتەی دەگاتە سنوورەکانی وڵاتی تایوان، هاتووچۆ لە نێو ئەو تونێلەدا بۆ شەمەندەفەر و ئوتۆمبێلە، کە شەمەندەفەرەکانی نێو ئەو تونێلە بە خێرایی (٢٥٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا دەڕۆن، ئەو تونێلە دەکەوێتە باشووری وڵاتی چین، بە تونێلی (هۆنگ کۆنگ ژوهای ماکاو) ناسراوە، ئەمەش بە درێژترین تۆنێلی ژێر ئاو دادەنرێت.




# هەولێر لە سەدەی دوانزدەی زایینیدا










شاری هەولێر، وەك یەكێك لە شارە دێرینەكانی كوردستان، هەرچەندە پێشتر چەندین نەتەوە و خەڵكی جۆراوجۆر لەم شارەدا ژیاون، بەڵام سەرچاوە مێژووییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە زۆربەی ڕەهای دانیشتووانی هەولێر كورد بوون، وەك لە كتێبی (معجم البلدان)ی گەڕیدە و مێژوونووس (یاقوت الحموی) كە لە نێوان ساڵانی ١١٧٩ ـ ١٢٢٩ ز ژیاوە، ١٦ ساڵ وەك و گەڕیدە سەفەری كردووە بۆ ناوچەكانی میسر و شام و موسڵ و حەلەب و تەورێز و بە شاری هەولێریشدا تێپەڕ بووە، لە نووسینەكانیدا ئاماژەی بەوە كردووە كە شاری هەولێر لە مێژوودا زۆرینەی دانیشتوانەكەی كورد بووە، هەروەها دەڵێت: (ئەربل، قەڵاتێكی قایم، و شارێكی گەورەیە، لەسەر زەوییەكی فراوان و بەربڵاودایە، قەڵاتەكە خەندەقێكی قووڵی هەیە، دەكەوێتە لایەكی شارەكە، دیواری شارەكە لە ناوەندیدا دەپچڕێت، قەڵاتەكە لەسەر گردێكی خاكیی بڵنددایە، گەورەیە، سەری قەڵاتەكە بەرینە، لەسەر قەڵاتەكە بازاڕ وماڵی خەڵك هەیە، لەگەڵ مزگەوتێك بۆ نوێژكردن، كە هەر بە قەڵاتەكەی حەڵەب دەچێت، بەڵام بە پانتایی لەوەی حەلەب گەورەتر و فراوانترە، سەرەڕای فراوانیی شارەكە، خانووەكانی بە خانووی گوند دەچن نەك شار، زۆرینەی خەڵكەكەی كوردن بوون، عەربشیان لەگەڵدا دەژی، ئەوخەڵكانەی لە گوندەكانیش دەژین زەویوزاری كشتوكاڵییان هەیە، (ئەوانیش كوردن) ئەو وەسفەی یاقوت حەمەوی بەڵگەیەكی مێژووییە كە هەولێر لە سەدەی دوازدەمی زایینیدا دانیشتوانەكەی كورد بوون، ئەوشارە چوار سەدە ( ١٥١٦ ـ ١٩١٨ ) لەژێر حوكمڕانیی عوسانیدا بووە، هەولێر یەكەیەكی ئیداریی سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە سەروەت و سامان و پارە بۆ مەبەستی سەیر بەکار دەهێنن و بەهەدەری دەدەن، لە کاتێکدا کەسانێك پێویستیان پێیەتی و نییانە.



## دیمەنە سەیرەکان

ئەیام سیمانی جۆرێکی زۆر تایبەتی کەڵە شێرە لە ئەندەنوسیا، پێست و ئەندامەکانی، ئێسکەکان و تەنانەت گۆشتیشی ڕەشە.



## ماڵی قاوە و چۆکلاتە

هەویرکار و شیرینی (جاك لۆن دیکۆلز) ماڵی قاوە و چۆکۆلاتەی دروست کرد، خانووەکە بە ناوی چۆکلێت کوتاج لە چۆکلاتە دروست کردووە، بڕی ئەو چۆکلاتەیەی لەو خانووەدا تەرخان کراوە، بریتییە لە یەك تۆن و نیو چۆکلاتە، ئەوەی سەیرە تەواوی خانووەکە لە چۆکلاتەیە، تەنانەت سەقف و زەوی و دیوار و کەرەستەکانیش، هەموانیش بۆ خواردنن، جاك لۆن دەڵێ: «ئەگەر شەوێك کەسێکی ئەوسنی حەز بە چۆکلاتە لەو خانووەدا بێت، بێگومان تا بەیانی نیوەی نۆش دەکات»، هەروەها دەڵێ: «مانەوە لە نێو ئەو خانووەدا بە (٥٠٠) یۆرۆیە، هەروەها دەتوانی بە دڵی خۆت چۆکلاتە بخۆیت، خەونێکە لە خانووێکی چۆکلاتەدا چاو دابخەیت و بیکەیتەوە.

## یاسا



**مۆڵەتی شۆفێری**

مۆڵەت لەلایەن دادگاوە دەستی بەسەردا گیرابێت، یان لێ سەندرابێتەوە، سزای چییە، بەشی ٢١ی یاسایی هاتووچۆ دەڵێت: «سزا دەدرێت بە پێبژاردن هەرکەسێك بە بێ مۆڵەت یان بە مۆڵەتی لێراکێشراوەوە ئۆتۆمبێل لێبخورێت»، لێرەدا مەبەست لەمۆڵەتی لێراکێشراوە ئەوەیە بەبڕیاری دادگا مۆڵەتەکەی بەکاتی لێوەرگیرابێتەوە، کەواتە لێرەدا وەك ئەوە وایە کەسەکە مۆڵەتی نەبێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمرۆ ئەرێنیت، ئامادەیت هەڵەکانی خۆت قبووڵ بکەیت، پێویستە ئارام بگریت کاتێك مامەڵە لەگەڵ کەسانی چواردەورت دەکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەندێك ئازادی و سەربەخۆیی بدە بە خۆشەویستەکەت، ئەمەش وا دەکات زیاتر هۆگرتبێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمرۆ دەدرەوشێیتەوە و هەموان چاویان لەسەر تۆیە، وەکو ئەستێرەیەك تەماشات دەکەن، ئەو چانسەت دەبێت هاوبەشی ژیانت بدۆزیتەوە، ئەرێنی بە و دوور بکەوەرەوە لە دودڵی و گومان، کەسێکی نزیکت یارمەتیت دەدات بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بیت کە ماوەیەکە مێشکی سەرقاڵ کردوویت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێش ئەوەی دەست بە هەر کارێکی نوێ بکەیت، سەرەتا شارەزایی لەبارەوە پەیدا بکە و هەروا بە ئاسانی بێ بیرکردنەوە خۆت مەخەرە ناوی، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت نیگەرانە و گومانی ئەوە دەکات هەندێك شتی لێ بشاریتەوە، یارمەتیی بدە تا گومانەکانی نەمێنێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێویست ناکات زۆر خۆت ماندوو بکەیت و هەوڵی زۆر بدەیت لەلایەنی پیشەییەوە، چونکە لە ناکاو گۆڕانکاری لە پلانەکانتدا ڕوو دەدات، مەشڵەژێ و خۆت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ڕابهێنە و مەترسە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسێکی نزیکت بکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە کارێك مەکە خۆشەویستەکەت شەرمەزار بکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خۆت لەگەڵ کەسانی چواردەورت بگونجێنە و لەسەر بچوکترین شتەکان کێشە درووست مەکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە کاتێکی باشە بۆ ئەوەی خۆشەویستی ژیانت دیاری بکەیت، باشترە ئەم ماوەیە بزانیت سەرنجت لەسەر چی دەبێت، خۆت بە کاری بێسودەوە سەرقاڵ مەکە.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتەکانت ڕێك بخە و چاوەڕێ مەکە دەرفەت بێتە بەردەمت، خۆت دەرفەت بۆ خۆت دروست بکە، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە کارێك مەکە دڵی کەسە نزیکەکانت لە خۆت زویر بکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت دوور بکەوەرەوە لە دەمەقاڵی، لەلایەنی پیشەییەوە داوای یارمەتی بکە ئەگەر خۆت نەتتوانی کابێك بکەیت.

بۆ زانیاریت

# کاریگەریی ڕامانی



١٩٢٨، فیزیکزانی هیندی (چاندراسخارا ڤێنکاتا ڕامان) کاریگەریی ڕامانی (Raman Effect)دۆزییەوە، کاریگەریی ڕامان، گۆڕینی شەپۆلی ڕووناکییە، کاتێك ڕوو دەدات کە گەردیلەکان لادانێك دروست دەکەن لە تیشکی ڕووناکی، ئەم دیاردەیە ناونراوە بە ناوی فیزیکزانێکی هیندی، کە پێشەنگی تاقیکردنەوەکان بوو لەسەر پەرشوبڵاوبوونەوەی ڕووناکی، کاتێك ڕووناکی دەگاتە تەنۆلکەکان، ڕووناکییەکە بە ئاراستەی جیاوازدا بڵاو دەبێتەوە. بۆ نمونە، کاتێك ڕووناکی - فۆتۆن - ڕووبەڕووی گەردیلە دەبێتەوە لە گازدا. ڕامان دۆزییەوە کە بەشێکی بچووکی ڕووناکیی بڵاوبووەوە درێژیی شەپۆلی تر بەدەست دەهێنێت، وەك لە درێژی شەپۆلی ڕووناکیی سەرچاوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەندێك لە وزەی فۆتۆنەکانی هاتوو دەتوانرێ بگوازرێتەوە بۆ گەردیلە، کە ئاستە وزەیەکی بەرزتری پێ دەدات، ئەم دیاردەیە بەکار دێت بۆ شیکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ماددەکان، ئەو زانایەش لەسەر ئەم دۆزینەوەیە لەساڵی ١٩٣٠ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.

## پەند و وتە



جۆن فرانسیس ڕائول تۆلکەین، قەشەی ئینگلیزی و وتار نووس، لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری ئۆکسفۆرشایر لە شانشینی یەکگرتوو لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٣ لە بیرمینگهام کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی ئومێد دەڵێ: «لە سووچێکدا، یان هەر لایەنێکدا، بێگومان ڕێگەیەکی تازە یان دەرگایەکی سیحری هەیە، لەو کاتەی هەست بەو پەڕی نا ئومێدی دەکەیت و وێرانیت پێوە دیارە».

## فیلم

## Angela - ئەنجیلا




فیلمێکی ڕۆمانسی و فانتازیایە، باس لە ئافرەتێك دەکات بە ناوی ئەنجیلا، کە سێ منداڵی هەیە و بەهۆکارێك لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە، دوای ماوەیەك لە دڵتەنگی کەسێك دەناسێت بە ناوی ڕائول، کە وا هەست دەکات کەسێکی باشی دۆزیوەتەوە و ڕابردووی بۆ قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵام پەیوەندییەکەیان بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی دێت، زیاتر وێران دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٤ خولەکە، لە وڵاتی بەڕازیل وێنەی گیراوە لە دەرهێنانی هیوگا پراتا، لە نووسینی پاولۆ ڤاینەر، لە نواندنی: ئیسیس ڤاڵڤێردی، گابرێل براگا، بیانکا بین، کریس کۆتۆ گوستاڤۆ ماچادۆ.

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا ئافرەت و منداڵێك هەن، هێندە بە سەیری پێچەوانەی یەکتر لە وێنەکەدا دەرکەوتوون، کە وەك ئەوەی بەربوونەتەوە وایە، هەوڵ بدە ڕاستی و دروستیی وێنەکە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چەندین ڕێگەی سەختت لە بەردەمە، هەر لە سەرەتای ڕێگەکەوە واز مەهێنە و خۆت مەدە بە دەستەوە، کاتە سەختەکان دەتگۆڕن و بەهێزت دەکەن، لەلایەنی سۆزدارییەوە پێویستە گوێگرێکی باش بیت بۆ خۆشەویستەکەت و هەوڵ بدە ڕەخنەکانت کەم بکەیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەتوانیت کار لەسەر پرۆژەکانت بکەیت و بە ئەنجامیان بگەیەنیت، بەهرەکانت نیشان بدە و مەترسە لەوەی کەسانی دیکە ڕەخنەت لێ بگرن، ئامۆژگاریی هاوڕێکانت یارمەتیت دەدات بگەیت بە ئامانجەکانت، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەشێك لە هەڵەکانی خۆشەویستەکەت لەبیر بکە، بۆئەوەی ژیانێکی ئاسوودەتان هەبێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ترسێکی زۆری ڕابردوو لە دڵتدا هەیە، کاتی ئەوەیە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵ بدەیتەوە، ئەگەر دەتەوێت هەندێك شت بزانیت، مەترسە لەوەی پرسیار بکەیت، چاوەڕێ مەکە هەموو شتێك بێتە بەردەستت، بە گفتوگۆکردن دەتوانیت بگەیت بە تەواوی ئەو شتانەی دەتەوێت و هەوڵی بۆ دەدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


بەراورد بە ڕابردوو متمانەی زۆرت بە خۆت هەیە، ئەمەش باش دەبێت ئەگەر بەردەوام بیت و ڕێگە نەدەیت وشە نەرێنییەکانی کەسانی دیکە بتڕوخێنێت، توڕەییەکانت کۆنترۆڵ بکە و جیاوازیی بیروبۆچونەکان قبوول مەکە، هەموو کاتێك ڕای خۆت مەسەپێنە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ئەم ماوەیە بە کاتێکی پڕ لە سترێس و نیگەرانیدا تێپەڕدەبیت، بەڵام پشوویەك وەربگرە، بەم شێوەیە دەتوانیت دووبارە بگەڕێیتەوە بە شێوەیەکی داهێنەرانە کار بکەیت، وشەکانت کاریگەری لەسەر کەسانی چواردەورت جێدەهێڵن، تا دەتوانیت بە نەرمی بدوێ و وشەی ئەرێنی بەکار بهێنە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەوڵ بدە لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت کۆ ببیتەوە، تەندروستییەکی باشت هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە لەوەی بتوانیت کارەکانت لەلایەنی پیشەییەوە جێبەجێ بکەیت، ڕێگە مەدە ڕەخنەی کەسانی چواردەورت بتڕوخێنێت، لەوە بەهێزتری کە بەو وشانە نیگەران ببیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly October 30, 2023 Issue,No.1387


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626